ئومێد قەرەداغی

# زنجیرەیەك گفتوگۆی كراوە

## دەربارەی كۆمەڵگای مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین،
## عەقڵ و شەریعەت، كورد و میدیای عەرەبی

ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی 2010 ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

ناوی كتێب: كۆمەڵگای مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین،
عەقڵ و شەریعەت، كورد و میدیای عەرەبی
ناوی نووسەر: ئومێد قەرەداغی
دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر
چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
تیراژ: (1000) دانە
ژمارەی سپاردن: ( 1775 ) ی ساڵی 2010 ی وەزارەتی رۆشنبیری
ژ. زنجیرە : (342)
لەبڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

# پێشەکی

گفتوگۆکردن لەگەڵ رۆشنبیران و بیرمەندانی نەتەوەکانی دیکەدا گرنگییەکی گەورەی هەیە و رێگایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئەویدی جیاواز، رێگایەکە بۆ هێنانەئارای گفتوگۆیەکی جددی و کراوە دەربارەی پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیانی نەتەوەوە، ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ رۆشنبیران و ئەندێشمەندانی نەتەوەکانی دیکەدا جارێك بۆ هەر نەتەوەیەك گرنگ بێت ئەوا بۆ کورد چەند جارێك گرنگە، ئەم گرنگییە زۆرەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی دیاریکراو:

**یەکەم:** کورد وەك نەتەوەیەك بە درێژایی مێژووی لەبەردەم گەمارۆدانێکی قووڵی رۆشنبیریی و سیاسی و کەلتووریدا بوە، رێگە نەدراوە کورد لە دیالۆگ و پەیوەندییەکی تەندروستدا بێت لەگەڵ ئەویدی جیاوازادا ، تا بەردەوام لەناو خۆیدا خۆی بخواتەوەو خۆی بەرهەم بهێنێتەوەو بەسەر خۆیدا دابخرێ، ئەم سەپاندنە زۆر جار وەك قەدەرێکی مێژوویی لێهاتوەو کورد کەم بایەخی بە دواندنی



ئەویدی جیاواز داوە، کەم ئاوڕی لەگفتوگۆی راستەوخۆ داوەتەوە، بەڵکو پتر لە رێگەی دەستی دووەم و وەرگێڕانەوە ئەویدی لە ناو رۆشنبیری کوردیدا ئامادەیی هەبوە.

**دووەم:** زۆربەی کات ئەو رۆشنبیرانەی دەرەوە بەتایبەت عەرەب لەناو ئێمەدا ئامادەیی هەبوە کە خاوەنی دیدی تەقلیدی و بگرە دیدی مەزهەبی و نەتەوەیی عەرەبی بوون و کەمتر بیرمەندە دیموکرات و رۆشنبیرە لیبراڵەکان و عەلمانییەکانی عەرەب لە نێو رۆشنبیریی ئێمەدا ئامادەییان هەبوە، کەمتر ئەوان دوێندراون و رۆڵی شیاوی خۆیان پێدراوە

گوێزانەوەی دەنگی ئەو رۆشنبیرە داخراو و بگرە نیمچە فاشییانەی عەرەب ساڵانێکی زۆر لە رێگەی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی عەرەبی و بیری بەعسزیمەوە یان لە رێگەی دەنگە محافیزکار و نەریتییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی خۆیەوە هاتۆتە ئاراوە و کۆمەڵگای کوردی بوە بە پانتاییەك بۆ هاتوچۆی بەردەوامی ئەو هزر و ئەندێشە دواکەوتوانە و نا دیموکراتانەی عەرەب، بۆیە شتێکی گرنگە کە دەرگا بکرێتەوە بۆ ئەندێشە و هزری بیرمەندە دیموکرات و لیبراڵ و عەلمانییەکانی عەرەب و دەرەوە بەگشتی و راستەوخۆ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت.

**سێیەم:** بەدرێژای سەدەی بیست لەلایەن زۆربەی هێزە عەرەبییە عیراقییەکان و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عیراقەوە مەیلێکی بەهێز هەبوە بۆ شێواندنی وێنەی کورد لە دنیای عەرەبیدا، بۆ

نیشاندانی وێنەی کورد وەك گروپگەلێکی خێڵەکی و دوور لە شارستانییەت، وەك هاوپەیمانێکی بەهێز لەگەڵ نەیارە مێژوییەکەی عەرەب کە ئیسرائیلە، وەك مەترسییەکی راستەقینە لە سەر یەکێتی خاکی عەرەب، ئیدی ئەم وێنە شێوێنراوەی کورد بەردەوام لە نێو ئایدیای ژمارەیەك ئایدۆلۆژیست و رۆشنبیری ناسیۆنالیستی عەرەبیدا رەنگی داوەتەوە، بوە بە بابەتێکی میدیای گرنگ، ئیدی هەموو ئەمانە وایکردوە وێنەیەکی ناشرینکراوی کورد بچێتە ناو فەرهەنگ و هۆشیاری ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتی و رۆشنبیریی عەرەبییەوە، ئیدی لێرەوە ئێمە پێویستییەکی گرنگمان بە دواندنی ئەو رۆشنبیر و بیرمەندانەی عەرەب هەیە کە توانیویانە ئەم وێنەی شێوێنراوەی کورد تێبپەڕێنن و وەك نەتەوەیەکی ئازادیخواز و خاوەن بوون و شوناسی سەربەخۆ و شارستانی تەماشای کورد بکەن، چونکە ئەم دواندنانە بۆ ئێمە گرنگییەکی گەورەی هەیە و دەرگایەکی گرنگ بەرووی خۆماندا دەکەینەوە و، سەرەتایەکی گرنگە بۆ بوونیادنانەوەی وێنەیەکی راستەقینەی کورد لە رۆشنبریی عەرەبیدا.

**چوارەم:** ئەمڕۆ کورد لە سەرەرێگەی هەنگاونانداییە بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی و جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و عەلمانییەت، لەم رێگەیەشدا پێویستی بە دواندنی هەموو رۆشنبیر و بیرمەندەکانی ئەوانی دیکە هەیە تا هزر و ئەندێشەی ئەوان کۆمەکیان بکات بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی هزری دیموکراسی و عەلمانییەت لە کودستاندا، هزری ئەندێشمەندانی دەرەوە



رۆڵی گرنگ ئەبینن لە گەشەپێدانی هزری دیموکراسی و لیبراڵی لە کوردستاندا و بە پێچەوانەشەوە داخران بەڕووی ئەویدی جیاوازدا سەرەتایەکە شەپۆلی گەشەکردنی هزری دیموکراسی لاواز دەکات، لەم روانگەیەوە ئێمە چەند گفتوگۆیەکمان لەگەڵ ژمارەیەك بیرمەند و رۆشنبیری عەرەبیدا سازکردوەو تیشکمان خستۆتە سەر چەند تەوەرەیەکی گرنگ کە ئەمانەی خوارەوەیە:

## یەکەم: چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی

بێگومان کۆمەڵگای مەدەنی یەکێکە لە بابەتە هەرە زیندوو و گرنگەکانی ئەمڕۆ ، چ لە خۆرهەلات و چ لە خۆرئاوادا پرسی کۆمەڵگای مەدەنی وەك پرسی هەرە جددی هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش پاش شکستی ئایدۆلۆژیا شمولییەکان و کۆتایهاتنی هاتنی سەردەمی حیکایەتە گەورەکان، کۆمەڵگای مەدەنی بوە بە ئومێدێکی گەورەی زۆربەی کۆمەڵگاکان و بە دەروازەیەکی گرنگی بە دیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی ئازادی ئەزانن، لەم روانگەیەشەوە کۆمەڵگای مەدەنیمان وەك بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن هەڵبژاردوە، کە گفتوگۆمان کردوە لەگەڵ هەریەك لە دکتۆر سەربەست نەبی و جاد ئەلکەریم جوباعی، لەم دوو گفتوگۆیەدا لەسەر چەندین بابەتی گرنگی پەیوەست بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە وەستاوین، لەوانە مانا فەلسەفییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵگای مەدەنی و بەهاکانی مۆدێرنە، کۆمەڵگای مەدەنی و تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی هەر کۆمەڵگایەك، ئایین و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە،

کۆمەڵگای مەدەنی لە جیهانی عەرەبیدا و گەلێك پرس و بابەتی دیکەی پەیوەست بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە.

**دووەم: چەمکی عەلمانییەت**

بێگومان عەلمانییەت یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا زۆرترین جەدەلی فیکری و سیاسی بە دوای خۆیدا هێناوە، بەریەککەوتنی قووڵی فیکری و سیاسی بەرهەمهێناوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم چەمکە کەمادەیەکی گرنگی گفتوگۆ کردن بوە هەتا ئێستا کۆدەنگییەك لە بارەی پێناسە و سروشتەکەیەوە لە ئارادا نییە، بەڵکو پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز لە بارەیەوە لە ئارادا بوە، لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ هەریەك لە بیرمەندی عەرەبی پرۆفسیۆر د.یوسف سەلامە و حەسەن کامیلدا گفتوگۆمانکردوە، لەم دوو چاوپێکەوتنەدا لەسەر چەند پرسێکی گرنگ وەستاوین، لەوانە پێناسی عەلمانییەت، پەیوەندی عەلمانییەت و ئایین، لاوازی هێزە عەلمانییەکانی جیهانی ئیسلامی و فاکتەرەکانی، عەلمانییەت لە جیهانی عەرەبیدا و چەندین پرسی دیکە.

**سێیەم: میدیای عەرەبی و وێنەی کورد لەو میدیایەدا**

بۆ ئەم بابەتە گفتوگۆمانکردوە لەگەڵ مازن دەرویش سەرۆکی ناوەندی سوریا بۆ بڵاوکردنەوەو ئازادی بیرورا، کە تێیدا لەسەر چەند پرسێکی گرنگ وەستاوین و گفتوگۆمان کردوە لەوانە: میدیا و



گەشەپێدانی سیاسی، وێنەی کورد لە میدیای عەرەبیدا، ئازادی بیرورا و پیشەییبوون لە میدیای عەرەبیدا، پەیوەندی ئیسلامی سیاسی و میدیای عەرەبی و زۆر پرس و بابەتی دیکە.

**چوارەم: ئەم کتێبە دوو گفتوگۆ لەگەڵ دوو رۆشنبیری کوردیش لە خۆ دەگرێت ئەوانیش ئازاد قەزاز و دکتۆر عادل باخەوانە**، ئەو بابەتەی کە لەگەڵ ئازاد قەزاز گفتوگۆمان لەسەر کردوە بریتییە لە (پەیوەندی نێوان عەقڵ و شەریعەت) کە تێیدا لەسەر چەند پرسێك هەڵوێستەمان کردوە، لەوانە پەیوەندی عەقڵ و شەریعەت چۆن پەیوەندییەکە، ئایا عەقڵ شەریعەت خەلق دەکات یان شەریعەت عەقڵ ملکەچ و گوێرایەڵ دەکات، پەیوەندی دەسەڵات و شەریعەت چۆنە و چ سروشتێکی هەیە و ئەمانەو زۆر پرسی دیکە.

(چەمکی ناڕەزایی لە دیدگایەکی سۆسیۆلۆژییەوە) ئەمە ئەو ناونیشانەیە کە لەگەڵ دکتۆر عادل باخەوان گفتوگۆی لەسەر ئەکەین و تیایدا لەسەر ژمارەیەك پرس و بابەتی گرنگ راوەستاوین و گفتوگۆمان کردوە، عادل باخەوان لە روانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە شیکاری چەمکی ناڕەزایی دەکات، هەروەها بابەتی کاریگەری کەلتوور لەسەر ناڕەزایی لای مرۆڤ، ناڕەزایی لەنێوان ئێمە و خۆرئاوادا، ئەمانەو ژمارەیەك پرسی دیکە خراوەتە بەر گفتوگۆ.

ماوەتەوە بڵێین جگە لەو دوو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ بەڕێزان ئازاد قەزاز و د.عادل باخەوان ئەنجامدراوە سەرجەم چاوپێکەوتنەکانی تر بۆ کەناڵی کوردسات ئەنجامدراون.

**ئومێد قەرەداغی**
2010-7-6
**سلێمانی**

# کۆمەڵگای مەدەنی و
# خوێندنەوەیەکی فەلسەفییانە

## گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر سەربەست نەبی



## د. سەربەست نەبی

- لەدایك بووی شاری قامیشلو ساڵی 1968
- ماستەری بە پلەی ئیمتیاز وەرگرتوە لەسەر توێژینەوەیەك لە بواری مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخ بە ناوی (هێگلییە چەپەکان، رەخنە لە ئایینی مەسیحی لە سەدەی نۆزدەدا)
- لە ساڵی 2006 دکتۆرای بەدەستهێناوە لە زانکۆی دیمەشق لە بواری (چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەفەلسەفەی هاوچەرخدا)
- خاوەنی چەند کتێبێکی گرنگە لەوانە ( کارل مارکس و مەسەلەی ئایین) و ( کێشە و دیالۆگ لە هزری عەرەبیدا)

# چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە دیدگایەکی فەلسەفییەوە

**ئومێد قەرەداغی:**

سەرەتا دەپرسین بۆچی ئیشکالییەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی ئێمەدا لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر ئەخرێتە روو، گرنگی باسوخواسی کۆمەڵگای مەدەنی لەمڕۆدا چییە؟

**د. سەربەست نەبی:**

ئەگەر سەرنجی مێژووی پێکهاتن و پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بدەین، جۆرێك لە لێکچوون بەدیدەکەین لەنێوان خستنەڕووی چەمکەکە لە پێکهاتنی یەکەمیدا پێش سەدەی هەڤدەیەم و نێوان سەردەمی ئێمەدا، ئەم لەیەکچوونەش لە ئەنجامی داڕووخانی سیستمە شمولی و رەهاکان لە سەردەمی نوێماندا خۆی نیشاندەدا، لەدوا ئەوەی سیستمە رەهاکان کەوتن و لە دوای ئەوەی دادپەروەری و یەکسانی لە رژێمە سوشیالیستی و



گەلێك رژێمی دیکەدا وون بوون، کۆمەڵێك تەرح و تێزی نوێ هاتۆتە ئاراوە سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەوانە کەسێکی وەك هابرماس وایدەبینێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی دوا سەنگەری بەرگریکردنە لە بەها نوێیەکانی بۆرژوازی و لەبەهاکانی دیموکراسی و هاووڵاتیبوون، بەڵام لێرەدا پێویستە ئاگاداربین کە بانگەواز بۆ کۆمەڵگای مەدەنی نەکەین بە پێگەیەك بۆ ئایدۆلۆژیا  یان سیاسەت، ئەمەش نەك بەتەنها لەبەرئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی چەمکێکی ریشەدارترە بە مانا مێژوویی و سیاسییەکەی، بەڵکو  پێویستریشە لەوەی بکرێتە دروشم یان خواستێکی سیاسی راگوزەر، کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە بە کۆبوونەوەی نوێی مرۆڤ و رێکخستنی سیاسیانەی دەوڵەت، لەبەرئەوە قسەکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی لە هەمانکاتدا قسەکردنە لە دەوڵەتی یاسا و یەکسانی سیاسی.

**ئومێد قەرەداغی:**

گومانی تێدا نییە جەدەلێکی زۆر سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئارادایە، رێکەوتنێك سەبارەت بە پێناسەی ئەم چەمکە و پێکهاتە و مێژووەکەیی و رادەی پێویست بوونی بۆ کۆمەڵگاکەمان لە ئارادا نییە، بەرای تۆ کۆمەڵگای مەدەنی چییە؟ تۆ لە تێزی دکتۆراکەتدا کۆمەڵگای مەدەنیت وەك چەمکێکی

فەلسەفی خوێندۆتەوە، ئایا دەتوانین وەك بابەتێکی فەلسەفی لە کۆمەڵگای مەدەنی بدوێین؟

**د. سەربەست نەبی:**

من لەو توێژینەوەیەمدا کە چەند ساڵێکی خایاند جیاوازیم لە نیوان سێ ماوە و زەمەنی سەرەکی لە پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی کردوە

زەمەنی یەکەم: زەمەنی بنیاتنان و پێکهاتنیەتی:

ئێستا من وەك چەمکێکی فەلسەفی لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەدوێم، نەك وەك چەمکێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، لەبەرئەوەی چەمکێکی ئاوێتەیە، ناشیگێڕمەوە بۆ ریشە مێژووییەکانی، لەبەرئەوەی دەشێت بەکارهێنانی لە سەردەمی رۆمانی یان شیشرۆن بەدیبکرێت، ئێمە لە کۆمەڵگای مەدەنی بە مانا نوێیەکەی دەدوێین.

بەڕای من ئێمە ناتوانین قسە لەسەر ئەم چەمکە بکەین و دوورتر لەتومازهوبز فەیلەسوفی ناوداری ئینگلیزی بڕۆین لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەدوێت، ئەم ماوەیە ماوەی پێکهاتن و دروستبوونە، ئەگەرچی جیاوازیش لە نێوان فەیلەسوفاندا هەبێت وەك هۆبز و سپینوزا یان جان جاك رۆسۆ، یان جۆن لۆك، بەڵام ئەو بوونیادەی کە ئەم ناکۆکیانە کۆ



ئەکاتەوە یەك بوونیادە ئەگەرچی بۆچوونی جون لوك یان سپینوزا جیاواز بێت لە بۆچوونی هۆبزی دامەزرێنەری ئەم چەمکە، ئەو لە یەکێك لە کتێبەکانیدا راشکاوانە دەڵێت بۆچوون گەلێك لە فیزیادا هەبوون، بەڵام لەپێش نیوتن یان گالیلۆ زانستی فیزیا بوونی نییە، منیش ئەڵێم بیرۆکەگەلێك سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی هەبوون بەڵام قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی وەك فەلسەفە و زانست بوونی نەبوەو، لە هەندێ فەیلەسوفانی سەردەمی نوێوە دەست پێئەکات، قسەکردن لەسەر چەمکە فەلسەفییەکەی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە بە چۆنێتی رێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵك و دەوڵەت، هەروەها جۆری رێکخستنی خەڵکی لە نێوان خۆیاندا و دەوڵەتی یاسا و دیموکراتیزەکراو.

فەیلەسوفێکی ئەمریکیش هەیە بەناوی بە ناوی تۆماس پێل کە هەموویان قسەیان لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی کردوە کە لەسەر چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بوونیاد نراوە، لە مێژووی فەلسەفەدا ئەم فەیلەسوفانە بە فەیلەسوفی گرێبەست ناسراون، کە خەڵکی رێککەوتون لەسەر پێکهێنانی دەسەڵاتێکی باڵا کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی ئەکات، لەم ماوەیەدا دەلالەتی کۆمەڵگای مەدەنی دەوڵەتی دەگەیاند و جیاوازی لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگای مەدەنیدا نەبوە، لە دوو وتاریدا جۆن لوك

دەڵێت من کاتێك قسە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی دەکەم مەبەستم دەوڵەتە، هەروەها بە هەمان دەلالەت هوبزیش قسەی لەسەر کردوە، ویستویەتی بڵێت رێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی هەمان دەسەلاتی بالاَ یان دەوڵەتە، ئەم دەوڵەتە لای فەیلەسوفانی گرێبەست بە ئیرادەیەکی مرۆیی بوونیاد نراوە، نەك بە وەسییەتی ئیلاهی و خاوەن هیچ سەرچاوەیەکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی یەکسان و هاوتایە کە بوونیادی ئەنێن لە رێگەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە.

جگە لەمە هەر لەم سیاقەدا پێویستە باسی تیۆریستانی کایەی سروشتی بکەین کە لە نموونەی دوخی ئەڵمانی گرۆتیۆسی هۆڵەندی و کەسانی تر دامەزرێنەرانی بیرۆکەی گرێبەست بوون، بەڵکو گرۆتیۆس لە گرێبەست زیاتری دەوێت، کە دەشێت بە میساق یان بەڵگەنامە ناوبرێت، بەڵگەنامەی ملکەچی و گوێرایەڵی لە گرێبەستەکەدا، خەڵکی هاوڕان لەسەر کۆبوونەوە لە دەوری ئەم گرێبەستە و خودی ئەم گرێبەستە مافی هەموان ئەپارێزێت، لە رێگەی ئەم بەڵگەنامە یان دەستوورەوە تاکەکان ئیرادەیەکی گشتی پێکدەهێنن و ئەم ئیرادە گشتییە دەبێتە پارێزەری مافی تاکەکان.

ماوەی دووەمی پەرەسەندنی چەمکەکە: ماوەی تێڕوانینی لیبراڵی کلاسیکییە و لە ماوەیدا زیاتر لە بۆچوونێك لە ئارادایە،



لێرەدا چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە چەمکی دەوڵەت جیادەبێتەوە، هەروەها لە چەمکی سیاسەت و کۆمەڵگای سیاسی جیادەبێتەوە، کۆمەڵگای مەدەنی بوو بە هەموو ئەوەی کە لە دەوڵەتدا کۆمەڵایەتی نییە و توانای رێکخستنی خودی ( التنضیم الذاتي) هەیە لێرەدا تێڕوانینگەلێك هاتە ئاراوە سەبارەت بەوەی کە دەوڵەت سەرچاوەکەی خێر نییە، دەوڵەت خاوەنی سەرچاوەیەکی نێگەتیڤە، وەك زۆرێك لە بیریاران و فەیلەسوفان ئەڵێن مادەم کۆمەڵگا توانای رێکخستنی کاروبارەکانی خۆی هەبێت و هەموو ئەرکەکان لە دەوڵەت بسەنێتەوە ئەوا کۆمەڵگایەکی مەدەنییە و دەوڵەت تەنها بە چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ هاوولاَتیان ئەمێنێتەوە.

لەراستیدا ناتوانین بەر لە کۆمەڵگای مەدەنی لە دەوڵەت بدوێین، ئەوەی لە کۆمەڵگا پێشینەکاندا بە دەوڵەت ناو نراون دەوڵەت نەبوون بە مانا وردەکەی، دەوڵەتی عوسمانی و عەباسی دەوڵەت نەبوون بەڵکو ئیمپراتوریەت بوون، دەوڵەت سیما و تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەیە.دەوڵەت بەرهەمی سەردەمی نوێیە..

جیاکەرەوەی سێیەمی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی جیاکەرەوەیەکی ئەڵمانییە، بێگومان ئەم زەمەنی سێیەمە بە چەند ناوێکەوە پەیوەستە لە نموونەی ستیوارت میل و جیرمی

بیتانمی ئەڵمانی و تۆکفیل و چەند ناوێکی تر کە لە کتێبەکانیاندا بە وردی لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیان کۆڵیوەتەوە.

زەمەنی سێیەمی پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی زەمەنێکی ناسیۆنالیستی و مێژوویی تایبەتە بە ئەڵمان و هێشتا بەردەوامە لە نێو روناکبیری نوێماندا، کە بە چەند ناوێکەوە پەیوەستە وەك کانت و هێگڵ و کارل مارکس، کۆمەڵگای مەدەنی لای کارل مارکس و هیگڵ بە کۆمەڵگای پێداویستییەکان ناوزەدکراوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

گفتوگۆیەکی دیکە لەپرسەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە بریتییە لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی، بەڕای تۆ جیاوازی چییە لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵگایەدا؟ پەیوەندی نێوان ئەو دووانە چۆنە؟

**د. سەربەست نەبی:**

لەسەرەتادا ئاماژەم بەوەکرد لە بنەڕەتدا ئەم زاراوانە بە یەك دەلالەت بەکارهاتوون، لە قۆناغی دواتردا جیاکاری بە ئەنجام گەیشت، بەڵام ئەم جیاکارییە سوودی نەبوو، ئالان تۆرین لە



کتێبەکەیدا دەربارەی نوێگەری لە باسی نوێگەری و دیموکراسیدا بەچڕی لەم بابەتە ئەدوێت، چیتر گرنگییەکی وجودی یان مەعریفی لە نێوان ئەم دوو سنوورەدا نییە، جیاوازییەکە ئاشکرا بوە لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتدا، قسەکردنیش لەسەر کۆمەڵگای سیاسی لە سیاقی قسەکردندا قسەکردنە لەسەر بەشداری سیاسی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، بەڵام کەس ناتوانێت ئیجتیهادی ئەوە بکات بڵێت کۆمەڵگایەکی سیاسی هەبوە جیاواز بوە لەم دووپێکهاتەیەی کۆمەڵگای مەدەنی.

**ئومێد قەرەداغی:**

کەواتە کامەیە پێگەی دەوڵەت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا؟

**د. سەربەست نەبی:**

لە کۆمەڵگاکانی پێشوودا سیاسەت مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی بوەو مەسەلەیەکی گشتی نەبوە، گشتی نەبوە واتە تەماهی نەکردوە لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگا و کۆی تاکەکان مافی بەشداریکردنی ژیانی سیاسییان نەبوە، لە کۆمەڵی مەدەنیدا هەموو تاکەکان مافی بەشداریکردنی ژیانی سیاسی و بڕیاریان هەیە، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتدا ئەم پرۆسەیە کۆتایی دێت، دەوڵەت تەجریدی سیاسەتە و دواتریش سیاسەت کارو

مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، چونکە دەوڵەت بێلایەنە و باڵایە و باڵاترە لە بەرژەوەندی تایبەتی و  تایبەتمەندییە ئایینی خێڵەکی و تایبەتمەندییە جیاوازەکان، هەندێك کەس سەیری کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن وەك پرۆژەیەکی سیاسی بەڵام ئەوکەسانە هەڵەیەکی گەورە دەکەن، کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لە گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ دەوڵەتی یاسا و بۆ گێڕانەوەی ئەوەی لە دەوڵەت سەنراوە وەك بێلایەنی و سەروەری یاسا، واتە سیاسەت ببێتە مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی دەوڵەت نەك مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی کۆمەڵگا

**ئومێد قەرەداغی:**

بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە لەسەرەوە لە لوتکەی هەرەمەکەوە دەست پێبکەین بۆ خوارەوە یان بە پێچەوانەوە، واتە لە دەوڵەتەوە دەست پێبکەین بۆ کۆمەڵگا  یان لە کۆمەڵگاوە بۆ دەوڵەت، یان وەك ماکسیزم ئاماژەی پێ ئەکات لە ڕێگەی گۆڕینی دەوڵەتەوە ئەتوانین کۆمەڵگا بگۆڕین؟

**د. سەربەست نەبی:**

مارکس دەڵێت کۆمەڵگای مەدەنی بۆرژوازییە کە دەوڵەتی بۆرژوازی بوونیادناوە، بەڵام هیگڵ بە پێچەوانەوە بەلایەوە



دەوڵەت ئامانجی باڵایە و لەبەر ئەوەی لە فەلسەفەی هیگڵدا ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگا لە دەوڵەتدا دیاری ئەکرێت، دەوڵەت ئامانجی باڵایە، بەلای مارکسەوە هاوکێشەکە هەڵگەڕاوەو پێچەوانەیە و بەم ڕێبازە بیرمان نەکردۆتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەوڵەت و کۆمەڵگا هاوشانن و کۆمەڵگای مەدەنی بوونی زیاتر نییە لە دەوڵەت و دەوڵەتیش بوونی زیاتر نییە لە کۆمەڵگای مەدەنی، واتە دوو شتی هاوتان.

ئێمە کاتێك قسە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین وەك شتێکی ئیجرائی قسەی لەسەر ئەکەین، بەڵام لەواقیعدا قسە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ دەوڵەت ناکرێت، لە بەرانبەریشدا ناکرێت بۆ هیچ کەسێك سیاسەتمەدار بێت یان تیۆریست یان بیریار قسە لەبوونی دەوڵەت بکات بە بێ بوونی کۆمەڵگای مەدەنی.

**ئومێد قەرەداغی:**

بیرمەندی عەرەبی  دکتۆر محمد عابد ئەالجابری لەم بوارەدا تێزی خۆی هەیە، ئەو لە ڕێگەی شیکردنەوەی عەقڵی عەرەبی و ئەو میکانیزمانەی عەقڵی عەرەبی بە هۆیەوە بیر دەکاتەوە دەیەوێ لە زۆر چەمکی هاوچەرخ لەوانەش کۆمەڵگای مەدەنی بدوێت، واتە کارکردن لە نێو ڕەهەندە کەلتوورییەکان و ڕەگەزە

پێکهێنەرەکانی عەقڵ بۆ تێگەشتن لە ئەگەرەکانی هێنانەئارا و قبوڵکردنی کۆمەڵگای مەدەنی ، ئایا تۆ ئەم جۆرە ئیشکردنە چۆن دەبینیت ؟

**د. سەربەست نەبی:**

بەرلەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئەوە بڵێم محمد عابد جابری دەرچووی زانکۆی دیمەشقە، فەلسەفەی لە زانکۆی دیمەشق خوێندوەو ماوە بەماوە وانەی دەوتەوە، ئەو ئیجتیهادی کردوەو هەوڵیداوە نەسەقێکی تایبەت بەخۆی بەرهەمبهێنێت، من ناڵێم خوێنەرێکی زۆر باشی جابریم، بەڵام خوێندنەوەکەیی و سەرچڵییە ئینتیقائییەکانی بە شیاو و گونجاو نازانم.



# کۆمەڵگای مەدەنی و بەهاکانی مۆدێرنە

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا دەکرێت هیچ گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لەوەی فەیلەسوفان ئاماژەیان پێکردوە بێ بوونی بەهاکانی مۆدێرنە وەك دیموکراسی و عەلمانییەت بێتە دی؟ ئایا دەکرێت بینای جۆرێك لە مەدەنیەت و گرێبەست بکەین لە سایەی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا لە دەرەوەی سیستمی دیموکراسی و عەلمانییەتدا؟

**د. سەربەست نەبی:**

گرێبەستی کۆمەڵایەتی فەرزە لای فەیلەسوفانی دامەزرێنەرانی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوان گریمانەی کۆمەڵگای سروشتیان کردوە، هۆبز بۆ ئەوەی پاساوی دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە بکات گریمانەی دیاردەیەکی نیمچە

مێژوویی نیمچە ئەفسانەیی کردوە، زۆرێك لە بیرمەندان ئەم دیاردەیان بە دۆخی سروشتی ناوزەد کردوە.

لە گرێبەستدا رۆسۆ و سیپنوزا و هەندێك لە بیرمەندان گریمانەی ئەوە دەکەن کە خەڵکی پێویستە لەسەرەتادا ئازاد و یەکسان بن، بۆ ئەوەی بە ئارزووی خۆیان بچنە گرێبەستەکەوە، لەبەرئەوەی خەڵکی نا هاوتا و نا یەکسان ماڤی چوونە ناو گرێبەستیان نییە، ئەو کەسەش کە بە مانا پەڕگیرەکەی خاوەن ئازادی بێت واتە ئازادییەکی پەڕگیر بێت ئەکەوێتە دەرەوەی گرێبەستەکەوە، لەبەرئەوە دواتر رۆسۆ دێت بۆ ئەوەی بڵێت ناچاریان ئەکەین ئازاد بن بەم مانایە و، ئەم جەختکردنەوەیە لە ئازادی پێش چوونە ناو گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە زۆرجار ملی ناوە بۆ ئازادییەکی پەرگیر.

گرێبەستی کۆمەڵایەتی گریمانەی ئەوە ئەکات کە من هاوشێوەی تۆم لە گرێبەستەکەدا لە شایستەیدا بۆ ئەوەی هاوبەش بین، پێویستە ئێمە ئاگاداری مێژووی فەلسەفە و فیکری سیاسی ئەو کەسە بین کە ئەم بیرۆکەیەی داهێنا ئەویش هۆبز بوو، هۆبز دەڵێت : کە هەموومان ئاغا و هەموومان کۆیلە بین نە ئاغا هەیەو نە کۆیلە، ئەمەش وەك رەتدانەوەیەك بۆ گریمانەکەی ئەرەستۆ کە پێی وابوو مرۆڤ لە سەرەتادابە سروشت بوونەوەرێکی سیاسی بوە، بەڵام هۆبز هات و ئەم گریمانە بەزۆر



سەپێنراوەی هەڵوەشاندوەو وتی مرۆڤ لە سروشتدا یەکسان نین و بە گوێرەی گرێبەست ئەم یەکسانییە ئەپارێزرێت

ئەم یەکسانییە لە دۆخی سروشتدا بوونی نییە و مەگەر تەنها بە گرێبەستێك بگەیەنرێتە ئاستی کۆمەڵگای مەدەنی

**ئومێد قەرەداغی:**

چۆن ئەکرێت کۆمەڵگا بگوازینەوە بۆ ئەم گرێبەستەی کە پایەی سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنییە؟ کامانەن ئەو میکانیزمانەی کە مومکینن بۆ گەیشتن بەم گرێبەستە، لە کاتێکدا ئێمە ئینتیمامان بۆ کۆمەڵگایەك هەیە کە لە قۆناغی پێش شۆڕشی پیشەسازی و پێش پێشکەوتنە زانستییەکاندا دەژین، بەڕێزتان بۆچوونتان چۆنە لەمبارەیەوە؟

**د. سەربەست نەبی:**

هیچ ئیرادەیەکی سیاسی نییە بەزۆر بتوانێت کۆمەڵگای مەدەنی و گرێبەست دروست بکات، لەبەرئەوەی لەبناغەدا ئەوە کۆمەڵگای مەدەنییە هەموو شت دروست ئەکات، ئەمە ئەو شتەیە کە مارکس بە شانۆی راستەقینەی مێژوو ناوی ئەبات، مێژوو لێرەدا دروست ئەکرێت، دەوڵەت لێرەدا دروست ئەکرێت، ئەمە جەوهەری جیاوازی نێوان ئەو و هیگڵە، کۆمەڵگای مەدەنی

دروست ناکرێت بە بڕیارێکی سیاسی، ئەگەرچی لای هۆبز کۆمەڵگای مەدەنی دروستکراوە بەڵام هۆبز ئەمە بەو مانایە بەکار ئەهێنێت کە کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەیەکی ئیلاهی نییە و مەرجەعەکەی ئاسمان نییە

لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو خاڵدا بکەین یەکەمیان ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی چەمکێکە بە پلەی یەکەم ئەنتۆلۆژییەو چەمکێکی فەلسەفییە بەرلەوەی چەمکێکی سۆسیۆلۆژی یان سیاسی یان یاسایی بێت، دواتریش زۆرێك لە توێژەران و بەتایبەتیش لە رۆژهەڵات و گەلە ئیسلامییەکاندا و بیریارانی ئیسلامی بە تێکەڵەیەکی زۆرەوە لە کۆمەڵگای مەدەنی دواوون، چۆن؟ ئەوان هاتوون لە هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دواون، واتە لە کۆمەڵگای مەدەنی نەدواون وەك چەمکێکی فەلسەفی، ئەوان لە بوونی سەندیکا و دەزگاکان دواوون بەڵام واقیع دەڵێت کە بوونی هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە زەرورەت بوونی کۆمەڵگای مەدەنی ناگەیەنێت، پێویستە لەسەرمان ئاگامان لەم لایەنە بێت، تۆ ئەمڕۆ توێژەرێکی وەك عەزمی بەشارە دەبینیت لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە ئەدوێ، رۆژێك وەك سیاسییەك قسەی لەسەر ئەکات و رۆژێکی دی وەك یاساییەك، بەڵام ئەو لە کتێبەکەیدا دەستەوسان بوە لەوەی وەك گشت(کل)



لە چەمکەکە بدوێت و وەك گشتێك کەشفی بکات، زانستیش بە گشت ئەبێ وەك ئەرستۆ ئاماژەی پێئەکا.

ژمارەیەك زۆر لە توێژەران لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە کۆمەڵگای مەدەنی دەدوێن، هەن لە گۆشەی مافەوە قسەی لەسەر دەکەن، هەندێکی تر لە گۆشەی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسییەوە قسەی لەسەر دەکەن، لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لە بارەیەوە ئەدوین، کۆمەڵگای مەدەنی بۆخۆی چەمکێکی ئاوێتەیە، تۆ کە کۆمەڵگای مەدەنی دروست ئەکەیت مانای ئەوەیە مێژوویەکی نوێ دروست ئەکەی، لە واقیعدا مێژوو لە دەرەوەی ئەمەدا بوونی نییە، ئەو گەلانەی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیی نوێیان نییە دەوڵەتی سیاسی و دەوڵەتی یاسایی و یەکسان و مافیان نییە، ئەم قسەیە مانای ئەوەیە مێژوویان نییە و گەلانێکن لە دەرەوەی مێژوودا .

# کۆمەڵگای مەدەنی لە نێوان گەردوونیبوون و تایبەتمەندی ناوخۆیدا

**ئومێد قەرەداغی:**

هەر سەبارەت بە بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەمڕۆ چەند مشتومڕێکی زۆر هەیە سەبارەت بە بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر تیشکی تایبەتمەندییە ناوخوییەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا، بە بۆچوونی تۆ ئایا ئەکرێت کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر تیشکی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان بەهایی و ئەخلاقی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بوونیاد بنرێت؟ ئایا مەدەنییەت بەها و پرەنسیپێکی ستاندار و گەردوونییە یان هەموو مەدەنیەتێك لەژێر رۆشنایی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکاندا لەدایك دەبێت و شوناسێکی لۆکاڵی وەردەگرێت؟

**د.سەربەست نەبی:**

هەندێك لە تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە خۆیان بە درێژکراوەی بۆچوونگەلێك دادەنێن کە کۆکەرەوەی کانت و



گرامشییە، ئەمانە لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کەلتووگەر دەدوێن دابراو لە رەهەندە ئابورییەکەی، ئەم قسەیەش زۆرێك لە موجازەفەی تێدایە و من بە نیازبووم لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ رەهەندی چوارەم لە پەرەسەندنی ئەم چەمکە بنوسم، ئەوان لە کۆمەڵگای مەدەنی دەدوێن وەك فەزایەکی ئەخلاقی و کەلتووری و دابڕاو لە بناغەی مێژووییەکەی و لەمەشدا هەڵەیەکی گەورە دەکەن، ئێستا هابرماس لە توندترینی ئەوانەیە کە بانگەشە بۆ ئەم تێڕوانینە دەکات، لایەنێکی تەکنیکی گرنگیش لە پرسیاری هابرماسدا هەیە کە پێویستە لەسەرمان گرنگی پێبدەین و لێی تێبگەین.

پێویستە لەسەر ئەو بیرۆکەیە بوەستین کە تەوژمی قوتابخانەی رەخنەیی بایەخی پێئەدات، کە لە ژینگە دواکەوتوەکاندا کە هێشتا بە نوێگەری نەگەیشتوون، دیموکراسی بۆ هەڵوەشانەوەی خودی پرەنسیپی دیموکراسی سەردەکێشێت، بۆ نموونە لە عیراقدا دیموکراسی هاتە ئاراوە بەڵام بوە هۆی ئەوەی کە چەند پارتێکی ئایینی و تایەفەگەر هەیمەنە بکەن، یان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی موسڵدا کوتلەیەك سەرکەوت کە زۆربەی گوتاری سیاسی خۆی لەسەر بنچینەی دوژمنایەتی و دەمارگیری بوونیادناوە بەڵام لە هەڵبژاردنەکانیشدا سەرکەوت، بەڵام ئەو پرسیارەی بەشێك لە خاوەن تێزەکان تەرحی دەکەن

ئەوەیە چۆن ئەتوانین گۆڕانكاری بكەین بەبێ گۆڕینی كۆمەڵگا؟ نموونە بۆ ئەمەش زۆرە، ناسیۆنالسیتە سەربییەكان و نازییەكانی ئەڵمان و زۆری تر لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەم بابەتە گەلێك لە فەیلەسوفانی دیكە هەستیان پێكردوە، لەوانە جۆن ستوارت میل، بەڵام جون ستیوارت میل ئەم بابەتەی وەك جۆرێك لە راسپاردە خستۆتە روو، بۆ نموونە ئەوەی خستۆتە روو دەوڵەتانی پێشكەوتووی نموونەی بەریتانیا پشتگیری گەلانی وەك هیند بكەن بۆ دیموكراتیزەكردن و بۆ ئەمەش ئەركێكی ئەخلاقی ئەكەوێتە سەر وڵاتانی پێشكەوتوو.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئێستا لە عیراقدا حاڵەتێك هەیە دەكرێت بە كۆمەڵگای ئەهلی ناوی ببیەن، كۆمەڵگایەك كە زۆر دەرگای ئازادی كراوەتەوەو زۆر دەزگای گرنگی دیموكراسی بوونی هەیە وەك بوونی سەندیكا و رۆژنامەگەری ئازاد و حزبی سیاسی و كەناڵی میدیایی و ئازادی كاری رێكخراوەیی ، بەڵام لە هەمانكاتدا فەوزایەكی گەورەش هەیە، پێشێلكردنی بەردەوامی یاسا هەیە، چۆن دەكرێت كۆمەڵگایەكی لەمشێوەیە بگوازینەوە بۆ كۆمەڵگایەكی مەدەنی؟



**د.سەربەست نەبی:**

ئەمە پرسیارێكی ئاوێتەیە، یەكەم: ناتوانین قسە لە كۆمەڵگای مەدەنی بكەین لە سایەی غیابی دەسەڵاتێكی نیشتیمانیدا، بۆ قسە كردن لە كۆمەڵگای مەدەنی دەبێت دەوڵەت لە ئارادابێت، ئەم دەوڵەتەش سەربەخۆ بێت و بەهرەمەندبێت بە دەستوورێكی دیموكراسی و سیستمێكی عەلمانی، بەڵام ئێستا دەستووری عیراق دەستوورێكی تێكەڵ و تەمومژاوییە، لەسەر كێڵگەیەك لە مینی ئایدۆلۆژی وەستاوە، كە دەشێت لە هەر ساتێكدا بتەقێتەوەو هەرەشە لە یەكانگیری نیشتیمانی بكات.

عیراق پێویستی بەزەمەنێكی درێژە كە وەرچەرخانی تێدا بە ئاكام بگات نەك تەنها لەسەر ئاستی سیاسی و دەستووری و یاسایی بەڵكو لەسەر ئاستی روناكبیری و كەلتووری، بۆ ئەوەی بوارێكی گشتی لە كەلتووری نیشتیمانی و كەلتووری هاووڵاتیبوون و یەكسانی پێكبێت، لەو پێناوەشدا پێویستە لەسەر دەزگا سیاسییە ئەكتیڤەكانی عیراق پشتگیری لە دامەزراوە چالاكەكان و هێزە كاریگەرەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بكەن بۆ دەرچوون لەم دۆخە، یاخوود لە كۆمەڵگای مەدەنیدا كە لە دۆخی بوون بە هێز دایە نەك بە شێوەیەكی فعلی بۆ تەفعیلكردن و گواستنەوە لە كەلتووری دەوڵەتی ستەمكاری و دەوڵەتی ئایدۆلۆژی و ئایینی و رەگەزپەرستییەوە بۆ دەوڵەتی هاونیشتیمانی بوون، ئایا ئاسانە

قەناعەت بە هاووڵاتییەکی عیراقی بکەی لە ئەنبار یان لە ناوچە سونییەکانی دیکە کە تا دوێنی بوونی خۆی بە بوونی تیرەگەری و نەتەوەگەراییەوە ئەبەستەوە ئەمڕۆ قەناعەتی پێ بکەی کە کوردێك یەکسانە بەو؟ یان شیعەیەك یەکسانە بەو ؟ رۆشنبیری و کەلتووری ئامادە لە عیراقدا لەسەر رق و کینە و پەرتەوازەیی بوونیادنراوە، هێشتا لەسەر جیاکاری وەستاوە، رزگاربوون لەم دۆخە بەتەنها لەرێگەی بەرنامەی راستەوخۆی سیاسی و لە رێگەی گۆڕانکاری لە دەستووردا بە ئەنجام ناگات، ئەمە بەس نییە و پێویستی بە هێنانەئارای دەزگای ئەلتەرناتیف هەیە کە قەناعەتی هاوبەش لەنێوان هاووڵاتیاندا دروست بکات کە ئەوان ئینتیمایان بۆ یەك فەزای نیشتیمانی هەبێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

پرسێکی دیکەی گرنگ پەیوەستە بە پەیوەندی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە، چونکە دەزانین لە رووی مێژووییەوە کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری و گۆڕینی فاکتەرەکانی بەرهەمهێناندا هاتۆتە ئاراوە، ئایا ئەتوانین کۆمەڵگای مەدەنی بوونیادبنێین بەبێ گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کشتوکاڵییەوە بۆ



پیشەسازی، بەبێ دروستبوونی چینی پیشەگەر و گەشەکردنی سەرمایەداری؟

**د.سەربەست نەبی:**

هەندێ لە فەیلەسوفەکان بەتایبەت مارکس پێیان وایە کۆمەڵگەی بۆرژوازی کۆمەڵگای مەدەنییە، لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا وردە وردە چینە بازرگانەکان زیادیان کرد و جۆرێك لە مرۆڤی شار و مەدەنی هاتە ئاراوە، مارکس لە دوو دەلالەتی لە کۆمەڵگا مەدەنی دەروانێت ئەوانیش ئەوانیش دەلالەتی کۆمەڵگای بۆرژوازیی و دەلالەتی سیاسی و فەلسەڤی هاوچەرخ

بەهیچ شێوەیەك ناتوانیت قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین لە سایەی سیستمی دەرەبەگایەتی و کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا، ناکرێ لە پەیوەندییە دەرەبەگییەکان و سەردەمی قەڵاو بورجەکاندا کۆمەڵگای مەدەنی بوونی هەبێت، راستە ئێستا لە بەشێك لە جیهاندا لەوانە ئەم کۆمەڵگایانەی ئێمە پەیوەندییەکانی رژێمی دەرەبەگایەتییە بوونی ماوە بەڵام سیستمی سەرمایەداری باڵادەست و سائیدە لە تەواوی دنیادا دەرەبەگایەتی کۆتایی هاتوە.

# ئایین و کۆمەڵگای مەدەنی

**ئومێد قەرەداغی:**

دەمەوێ بچمە سەر پرسێکی دیکەی گرنگ ئەویش ڕۆڵ و پێگەی ئایینە لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەندێك پێیانوایە ئایین ڕۆڵێکی ئەخلاقی دەبینێت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا و ئامرازی دژایەتی گەندەڵی و ستەمکارییە، بگرە هەندێك پێیان وایە دەکرێت ئایین ئامرازێك بێت بۆ سەرکەوتنی گرێبەست و فشارخستنە سەر دەسەڵات، بەرای ئێوە ئایین چ ڕۆڵێك دەگێڕێ لە کۆمەڵگای مەدەنیدا؟ ئایین دەکەوێتە کوێی کۆمەڵگای مەدەنییەوە؟

**د. سەربەست نەبی:**

لە بنەڕەتدا کۆمەڵگای ئایینی هیچ شوێنێك بۆخۆی شك نابات کۆمەڵگای مەدەنی نەبێت، کۆمەڵگای مەدەنی مافەکان بۆ مرۆڤ ئەپارێزێت بەو پێیەی کە مرۆڤە، مافی بیرکردنەوە، مافی ویژدان، مافی خاوەندارێتی، ئاگات لەم مەسەلەیە بێت ئەمە مەسەلەیەکی



فەلسەفییە کە لە پشتییەوە گوتارێکی کاملی فەلسەفی خۆی حەشارداوە، یەکەم پێکهاتن و دروستبوونی کۆمەڵگا مەدەنی مانای دروستبوونی دەوڵەتەو یەکسانە بە پێکهاتنی دەوڵەت، ئەم دابەشکاری و جیاکارییە لە نێوان ئەم دوو کەینونەیەدا دەبێتە هۆی ڕوودانی جیاکاری لە تاکدا لە نێوان خۆیان و لە نێوان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا و بوونی وەك هاووڵاتییەك بەو سیفەتەی مرۆڤێکە، ئەم جیاکارییە لە هەردوو مەنزومەی حقوقی و یاساییەکەی لێدەکەوێتەوە، سیستمی مافەکانی مرۆڤ و سیستمی هاووڵاتی بوون، من وەك هاووڵاتییەکی سوری یان عیراقی ئەتوانم لە مافەکانی هاووڵاتیبوونی سووری یاخود عیراقی تەنازول بکەم و بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەی سیاسی بگوێزمەوە، مافەکانی هاووڵاتیبوون لەوێ دەستبخەم، بەڵام وەك مرۆڤێك ئینتیمام بۆ کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، وە هەڵگری بەهاگەلێکم ناتوانم دەستبەرداریان بم بەوپێیەی کە مرۆڤم، ئەمانە مافگەلێکی هەمیشەیین و بۆ هەموو کەسێکن و هیچ مرۆڤێك ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، کە مافی زانراوی مرۆڤن وەك مافی خاوەندارێتی و یەکسانی و ئازادی، ئەم مافانە ئەو مافانەن بۆ هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی سیاسی بگوازرێتەوە ناتوانرێ وازیان لێبهێنرێت، مافەکانی مرۆڤ سیستمێکی گشتین و خاوەن مۆرکێکی گەردوونی و گشتگیرن، لەناو ئەم مافانەدا ئازادی بیروباوەڕیش لە

ئارادایە، ئەمەش هەمان ئەوەیە کە باس لە بە عەلمانیکردنی یاخود بە دنیایکردنی کۆمەڵگای سیاسی ئەکەین، لێرەدا ئایین ئەتوانێت ئازادانە کاربکات و، وەك سیستمێکی بەهایی و ئەخلاقی کاریگەری هەبێت لەبڕیاری سیاسیدا، نەك ئایین دەست بەسەر هەموو بوارەکاندا بگرێ و پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بشێوێنێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

هەمیشە لەو گفتوگۆیانەی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایین و کۆمەڵگای مەدەنی ئەکرێت ئیشکالیەتێك هەیە ئەویش بریتییە لەو ناتەباییەی کە لە نێوان چەمکە ئایینییەکان و بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا هەیە، چەمکە ئایینییەکان هەڵگری ڕەهەندی موتڵەق و پیرۆزگەران و کەمتر ڕێژەیبوون و ئاسایی بوون قبوڵ دەکەن، ئایا ئەم ڕەهەندەی ئایین توشی بەریەککەوتن نابێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئایا تۆ چۆن لەم بابەتە ئەڕوانیت؟

**د. سەربەست نەبی:**

واباشە ئەوە نەخەینە خەیاڵی خۆمانەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکی نموونییە و یۆتۆپییە، بەڵکو کۆمەڵگای



مەدەنی کۆمەڵگایەکی مێژووییە و لەناو مێژوودا دروست بوەو لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەوڵەت بێلایەنە بەرانبەر بە ئایین و ئایینیش وەك سیستمێکی بەهایی و ئەخلاقی کارایە و ڕۆڵی خۆی دەبینیت، بۆ نموونە لە ئەمریکا ژینگەیەکی ئایینی هەیە، ئایین و ئایینداران چالاکن بەڵام ئەم چالاکی و جموجوڵە هەرەشەکانیان دوورن لە دەسەڵاتی سیاسییەوە، دەسەڵاتیش بێلایەنە، هەتا دەسەڵات بەشێك نەبێت لە مومارەسەی ئایینی هیچ مەترسییەك دروست نابێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئێمە جیاوازییەکی گەورە لە پرس و جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەبینین لە نێوان جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوادا، خۆرئاوا دەمێکە ئەم پرەنسیپانەی جێگیرکردوەو بەردەوام چەمکی نوێ و خوێندنەوەی نوێ بۆ بەرهەمدێنێت، بەڵام جیهانی ئیسلامی لەم ڕووەوە دواکەوتوون، هێشتا گیرۆدەی ستەمکاری سیاسی و پاشکەوتویی ئابوورین، هۆی ئەم دۆخە بۆچی ئەگەڕێتەوەو فاکتەرەکانی چین؟

**د. سەربەست نەبی:**

نەیانتوانیوە لەبەر چەند هۆکارێك  کە هەیانە مێژوویی و کەلتووری و بابەتین و پەیوەستن بەوەوە کە سەرمایەداری لە ئەوروپادا سەری هەڵدا و لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا گەشەی کرد، ئەوە زەمینەی بۆ گەشەی هۆشیاری و جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆشکرد، هەروەها پەیوەندی هەیە بە شکستی نوێگەرییەوە لە جیهانی  ئیسلامیدا، چونکە ئەو شکستە  کۆمەڵێك گرفتی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا کە وایکرد لە بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دوا بکەوین.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام پرسیارەکە هێشتا هەر ئامادەیە، بەوەی  هۆکارەکانی شکستی نوێگەری لە جیهانی ئیسلامیدا چین؟ لە دنیای عەرەبدا لە زەمانی روفاعە تەهتاوییەوە باس لە نوێگەری و رێنیسانس ئەکرێ بەڵام کوا ئەنجامەکەی؟

**د. سەربەست نەبی:**

من بانگەشەی ئەوە ناکەم و ناشتوانم ئەوە بڵێم کە رێنسانسێکی عەرەبی لە ئارادا بوبێت، رێنیسانس  بە مانا مێژووییەکەی لە جیهانی عەرەبیدا بوونی نەبوەو،  بۆیە من لە



نوسینێکمدا بە سێبەری رێنیسانس ناوم بردوە، بیرۆکەی رۆشنگەرانە هەبوون بەڵام فەلسەفەی رۆشنگەری نەبوە، کەسانێکی رۆشنگەر هەبوون بەڵام گوتاری رۆشنگەری بوونی نەبوە، کوا شوێنەوارەکانیان لە ئێستادا، کوا ئامادەگیان لە کەلتوور و روناکبیریدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

جیاوازی چییە لە نێوان لە رێنیسانس و رۆشنگەریدا؟

**د. سەربەست نەبی :**

رۆشنگەری دیاردەیەکی  ئایدۆلۆژی و فەلسەفییە، بەڵام رێنیسانس زیاترە لە کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە، رێنیسانس وەرچەرخان ئەگرێتەوە لە بوونیادی کۆمەڵگا و مێژوودا.

**ئومێد قەرەداغی:**

هەندێك لە رۆشنبیران پێیانوایە بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی شتێکی پێویست و گرنگ هەیە ئەویش ریفۆرمی ئایینییە، خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکانە بەشێوەیەکی نوێ بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ چەمك و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا؟ ئایین لە کۆمەڵگاکانماندا کەلتوورێکی  گشتییە و

میکانیزمی بیرکردنەوەی مرۆڤی مسوڵمانە، بەبۆچوونی بەڕێزتان ریفۆرمی ئایینی و پێداچوونەوەی رەخنەگرانە بە هزرو کەلتووری ئاییندا تا چەند پێویستە بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی؟

**سەربەست نەبی:**

لە جیهانی ئیسلامیدا روداوێکی گرنگ لەمەڕ ریفۆرمی ئایینی روینەداوە، ئەو دابڕانە مێژووییەی کە پێویستە روو بدات روینەداوە، ریفۆرمی ئایینی لە رۆژئاوادا مەرجەعییەتی پیرۆزی کۆتایی پێهێنا، زمانی پیرۆز و شوێنی پیرۆز و کاتی پیرۆزی خستە ژێر پرسیارەوەو نەیهێشت، وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی بە دروست دانا و دەرگای تێگەیشتنی جیاوازی کردەوە، بەڵام هیچ یەکێك لەمانە لە جیهانی ئیسلامیدا روێنەداو، ئەوەی ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە بانگەوازێکی هیوابڕاوانەیە بۆ ریفۆرم، لە جیهانی ئیسلامیدا لە هەر کات و زەمانێکدا کتێبی پیرۆزیان خوێندبێتەوە بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی مێژوویی خۆیانەوە خوێندویانەتەوە، رەچاوی چەند مەرجێکی واقیعیان کردوە، کەواتە هەمیشە جۆرێك لە خوێندنەوە بۆ ئایین لە ئارادا بوەو ئەم مەسەلە کۆتایی نەهاتوە، بەڵام ئەم بابەتە لەراستیدا ئەنجامی نییە و بابەتێکی بێزارکەرە، باشترە لە جیاتی ئەوە



گوتارێکی ریشەیی دەربارەی عەلمانییەت و بە عەلمانیکردنی دەوڵەت تەرح بکەین.

ئایین مەسەلەیەکی تاکەکەسییە و هەرگیز ناکرێت ئایین و تەئویلی ئایینی بکرێتە رێگایەك بۆ گەیشتن بە نوێگەری، با تەفسیر و تێگەیشتنی جیاواز بۆ ئایین لە ئارادا بێت بەڵام ئایین هەرگیز رێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بە نوێگەری، گرنگ ئەوەیە دەوڵەتێکی بێلایەن دابمەزرێنین، دەوڵەتێك بێلایەن بێت بەرانبەر بە هەموو بیروباوەڕە ئایینییەکان، دەشێت لە نێو ئەم ئازادی بیروباوەڕو ویژدان و بێلایەنی دەوڵەتەدا ریفۆرمی ئایینی بوونی هەبێت، ئەوەی کە کرنگە دامەزراندنی دەوڵەتی بێلایەن و پاراستنی مافی هاووڵاتیبوونە و دابینکردنی ئازادی و یەکسانییە بۆ هەموو لایەك.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام ئایا دەکرێت بە بێ ریفۆرمی ئایینی و گۆڕینی هوشیاری ئایینی بەرانبەر دەوڵەت بێلایەنی دەوڵەت مسۆگەر بکرێت بەتایبەت لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا کە خواستێکی بەهێز بۆ بە ئیسلامیکردنەوەی سیاسەت لە ئارادایە؟

**سەربەست نەبی:**

بەڵێ، کاتێك ئایین لە رەهەندە سیاسییەکی دا ئەبڕدرێ ئەوە ئیتر گوتارێکی نابێت لەمەڕ رێکخستنی سیاسی یاخود ئاڕاستەپێدانی سیاسی، ئەوەی لە ئایین بە دنیایی نامێنێتەوە، هەرچیش لە بابەتەکانی میتافیزیکییەکانن دەبنە بەشێك لە کاروباری پیاوانی ئایینی.



# ئاییندەی کۆمەڵگای مەدەنی

**ئومێد قەرەداغی:**

**دوا پرسیارم ئەوەیە رات چییە سەبارەت بە ئاییندەی کۆمەڵگای مەدەنی، بە ئاییندەی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگای ئێستا بە گوێرەی پێدراوەکان لە واقیعی ئێستادا؟**

**د. سەربەست نەبی:**

سەرەڕای گرنگیدان بۆ هەموو ئەو بانگەوازانەی لە ناوخۆی ئەم کۆمەڵگایانەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێت، ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی گەردوونی لە ئارادایە کە قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەکات نەك وەك پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ناوچەیی، بەڵکو وەك کۆمەڵگایەکی جیهانی، باوك و تیۆریستی یەکەمی ئەم تێزە ئەمانویل کانت بوە لە کتێبەکەیدا (بەرەو پڕۆژەیەکی جیهانی بۆ ئاشتی) یەکەمین کەس بوو کە بانگەشەی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی جیهانیکرد، ئێستاش فەیلەسوفێکی ئیسپانی و یەکێکی دیکەی ئەرجەنتینی هەیە بەناوی ئەلیخاندرۆ، کتێبێکی دەرکرد بە ناوی بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیهانی، ژمارەیەك

بزووتنـەوە هـەن وەك بزووتنـەوەكانی پاراسـتنی ژینگـە و ئاشـتی خەریكە مۆركێكی گەردوونی وەر ئەگرن.

ئەمڕۆ لـە سايەی جيهانگيريـدا جيهـان بـەرەو ئيلغاكردنـەوەی دەوڵەت لە روە نەتەوەييەكەی ئاڕاستە ئەكرێت، هـەنگاو دەنرێـت بـەرەو دروسـتبوونی دەسـەڵاتێكی سياسـی گـشتگير كـە پـشت بـە مۆنۆپـۆلكردنی هێـز و زانـست دەبەسـتێت، بـەڵام لـە بەرانبـەردا چـەپی نـوێ بانگەشـەی كۆمەڵگايـەكی نـوێی جيهـانی ئـەكات بـۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەيمەنە جيهانييـە، بـەهاكانی كۆمـەڵگای مـەدەنی لەبنەڕەتـدا بـەهای مێـژووين بـەڵام خـاوەن مـۆركێكی گەردوونين.

# کۆمەڵگای مەدەنی و بەهاکانی مۆدێرنە

گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی عەرەبی

جاد ئەلکەریم جوباعی

# کۆمەڵگای مەدەنی، پێناس و دەرکەوتن

**ئومێد قەرەداغی:**

سەرەتا ئەپرسین بۆچی پتر لەم ساڵانەی دواییدا کێشەی کۆمەڵگای مەدەنی لەوڵاتانی ئێمەدا ئەخرێتەڕوو، گرنگترین ئەو مانا و دەلالەتانە چین کە لەم دەرکەوتنەدا دێنە ئاراوە؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

دەرکەوتنەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، وەك خواستێکی پراکتیکی، لەهەشتاکانی سەدەی رابردووەوە دەست پێ ئەکات، هەم لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی وەك ئەوروپاو ئەمریکا، هەم لەوڵاتانی دواکەوتووی ئاسیایی‌و ئەفریقایی، بۆ ئەمەش چەند هۆکارێکی جیاواز لەئارادان. تەرحکردنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەکۆمەڵگای خۆرئاواییدا دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینی نارەزایی دەربارەی ئەوەی پێی ئەوترێ ستەمکاریی سیستمی سەرمایەداری، کە بوو بەهۆی قووڵبوونەوەی بۆشایی



کۆمەڵایەتی‌و زیاتر باڵادەستبوونی بازاڕی ئازاد کە ئامرازێك بوو بۆ دیکتاتۆرییەتی بازاڕ. بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی لەکۆمەڵگای خۆرئاواییدا نارەزایی بوو دەربارەی دیکتاتۆرییەتی بازاڕ، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمەو هاوشێوەکانی ئێمەدا دەرکەوتن‌و پێشوازیکردن لەکۆمەڵگای مەدەنی بۆ نارەزایی بەرانبەر دوو خاڵی سەرەکی ئەگەڕێتەوە. یەکەمیان: دواکەوتنی مێژوویی ئەم گەلانە کە نوێگەری نەچۆتە ناو ژیان‌و مێژوویانەوە. خاڵی دووەمیان: ریشە داکوتانی ستەمکاری‌و سیستمی شمولی لەم وڵاتانەدا. جا بۆ رزگاربوون لەم دواکەوتوییە مێژووییەو بۆ رزگاربوون لەو ستەمکاری و سیستمە شمولییە، چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی هاتە ئاراوەو پێشوازی لێکرا بەو سیفەتەی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکە لەسەر بناغەی جیاوازییەکان دادەمەزرێت. کۆمەڵگای مەدەنی نەك بەتەنها یەکسانیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەدیئەهێنێت، بەڵکو یەکسانیی نێوان گرووپەکانیش بەدیئەهێنێت، جا ئەو گروپانە ئیتنی یان سیاسی یان ئاینیی بن، هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسان ئەبن. کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنچینەی مافی هاوڵاتیبوون و ئازادییە مەدەنی‌و تاکەکەسییەکان دادەمەزرێت، ئیدی لێرەوە هەموو ئەوانەی خوازیاری دەرچوون بوون لەو تونێلی ستەمکاری و سیستمە شمولییە، هەوڵی پێشوازیکردنیاندا لە بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی .

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕێز جاد، بێگومان گفتوگۆیەکی بەربڵاو دەربارەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی هەیەو ڕۆڵ و پێگەو کاریگەرییەکەی لە ئارادایە و، کۆدەنگییەك لەبارەی ئەم چەمکەوە لە ئارادا نییە، بەڕای تۆ کۆمەڵگای مەدەنی چییە؟ ئەو هەموو فەوزایە بە دەوری مانای ئەم چەمکەدا بۆ؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

سەرەتا گرنگە ئاماژە بەو واقیعە بکەین کە کۆمەڵگای مەدەنی تیایدا گەشەی کردووە، هەم وەك واقع و هەم وەك چەمك. واقیعی مێژوویی ئەو هەلومەرجەیە کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی تیایدا دێتە ئاراوەو خودی چەمکەکەش گوزارشت ئەبێت لەو واقیعە. چوار واقعی مێژووی گرنگ لە ئارادان کە گرنگە باسیان بکەین:

**واقیعی یەکەم**: واقیعێکی ڕۆشنبیرییە: کە خۆی لەسەردەمی رینیسانسی ئەوروپی‌و سەردەمی ڕۆشنگەریدا ئەبینێتەوە ،لەم واقعەدا ڕۆشنبیری‌و دیدگایەکی نوێ هاتە ئاراوەو گەشەی کرد، کە ئەم ڕۆشنبرییە نوێیە لەسەر چەند بنەمایەك دائەمەزرێت ، یەکەم: بە ناوەندکردنی مرۆڤو گەڕانەوەی ئیعتیبار بۆ مرۆڤ،



ئەمەش ئەو شتەیە ناو ئەنرێت بە مەیل (نەزعە)ی مرۆڤدۆستی یان مرۆڤ سالاری ، ئەمەش گوتار و تەوژمێکی ڕۆشنبیرییە بۆ گێڕانەوەی ئیعتیبار و ڕێز بۆ مرۆڤ بە چاوپۆشین لەئینتیمای سیاسی‌و ئایینی‌و ڕەگەزی‌و نەتەوەیی مرۆڤەکە.

دووەم: بریتییە لە عەقلانییەت، کە مانای گێڕانەوەی ئیعتبارە بۆ عەقڵ، بەو سیفەتەی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر تاکەکەسەکاندا دابەش بووە ، واتە توانستی عەقڵی لەمندا زیاتر نییە لە توانستی عەقڵی بەرانبەرەکەم ، نابێ تموحی ئەوەمان هەبێت کە ئێمە پشکی زیاترمان لە عەقڵ بەرکەوتووە لەوانیدی، بەمەش عەقلانییەت بوو بە بناغەیەکی گرنگ بۆ ڕۆشنبیریی هاوچەرخ.

جگە لەمە عەقلانییەت مەبدەئی یەکسانیی لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەو سیفەتەی کە مرۆڤن، هێنایە ئاراوە. ئەم پرەنسیپەش سەرەنجام بە دروستبوونی عەلمانییەت کۆتایی هات، کە ئەوەش لەبنەڕەتدا یەکسانیی نێوان مرۆڤەکانە، بەو سیفەتەی کە هەموویان مرۆڤن، مرۆڤیش بوونەوەرێکی عەقلانی‌و ئازادو بەرپرسیارە.

**واقیعی دووەم**، کە گرنگییەکەی کەمتر نییە لەوەی یەکەم، بریتییە لە شۆڕشی پیشەسازی، کە ئەم شۆڕشە بوو بە هۆی

پێشکەوتنی زانستەکان، بوو بە هۆی تێکەڵکبوونی زانستەکان بە بواری کار، دەرکەوتن و گەشەی تەکنەلۆژیو دۆزینەوەی هێزی هەڵمو گەشەی بازرگانی، دواتر دۆزینەوەی ئەتۆم. ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی جیهانی بوو، سەرەنجامیش واقیعێکی جیهانیی نوێی هێنایە ئاراوە.

**واقیعی سێیەم** : دەرکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنانی سیستمی سەرمایەداری بوو وەکو شێوازێکی جیهانی بۆ بەرهەمهێنان، ئەمەش تەشکیلاتی نوێی ئابووریو کۆمەڵایەتیی هینایە ئاراوە.

**واقیعی چوارەمیش** بریتییە لەو شۆڕشی دیموکراتییەی کە گەشەی کردو لەشورشی فەرەنسیەوە سەری هەڵدا. هەڵبەتە پێش شۆڕشی فەرەنسی شۆڕشی بەریتانی و ئەمریکی هەن، بەڵام شۆڕشی فرەنسی بە رزگارکەرو مژدەبەخشی سەردەمی نوێ دائەنرێت، کە شۆڕشێکی دیموکراسی بوو، بوو بەهۆی دەرکەوتنی دەوڵەتی نیشتیمانیو ئەم دەوڵەتەش سیمایەکی جیهانیی وەرگرت.

ئیدی ئەم چوار واقعیە مێژوویە گرنگیو کاریگەرییەکی یەکجار گەورەیان هەیەو هیچ بوارێك نادات هیچ کەسێك، تاکە کەس بێت یان گروپ یان نەتەوەیەك لەم چوار واقعە دەربچێت یان بازی بەسەردا بدات. ئەمە سیمایەکی سەرەکی سەردەمی هاوچەرخە لەشۆڕشی فەرەنسییەوە هەتا ئەمڕۆ. ئیدی لەناو ئەم



چوارچێوەیەدا کۆمەڵگای مەدەنی دروست بوو. ئەگەر بپرسین کۆمەڵگای مەدەنی چۆن دروست بوو؟ ئەوا ئەڵێین کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بناغەی کارو بەرهەمهێنان دروست بوو، لەسەر بناغەی شۆڕشی پیشەسازیو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریو ئازادی بازرگانیو ئازادی ئاڵوگۆڕ، کە ئەمەش ئازادی تاکەکەسەکانو ئازادی گروپو کۆمەڵەکانی ئەویست. ریشەی سەرەکی گەشەی کۆمەڵگای مەدەنیش پەیوەستە بە بیرۆکەی ئازادییەوە ، ئازادی کارو بازرگانیو ئالوگۆڕو ئازادی سەرمایە، ئەم ئازادییەش جیا ناکرێتەوەو دانابڕدرێت لەئازادی تاکەکەسو ئازادییە گشتیو سیاسییەکان. ئەم مەفهومی ئازادیو کۆمەڵگای مەدەنییە ریشەی چەمکەکە بوو، ئەگینا ئەم چەمکە تەنها بە یەك قۆناغ گەشەی نەکردووە، بەڵکو بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.

**ئومێد قەرەداغی:**

کەواتە بە پێی بۆچوونی تۆ هەموو چەمکەکانی سەردەمی رێنیسانس وەك چەمکی عەقلانییەت و یەکسانی و مرۆڤدۆستی پێویستن بۆ بوونیادنانی هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی ؟ واتە مەرجی گرنگن بۆ بوونیادنانی مەدەنییەت ؟

**جاد ئەلكەريم جوباعی:**

بێگومان مەرجی گرنگن.

**ئومێد قەرەداغی:**

واتە ناتوانرێ كۆمەڵگای مەدەنی بوونیاد بنرێ بە بێ چەمكەكانی مرۆڤدۆستیو عەقلانییەتو دیموكراسی؟

**جاد ئەلكەريم جوباعی:**

بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت. كۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی گەشەكردنی پلە بە پلەو مێژوویی كۆمەڵێك چەمكو پرەنسیپە، لەوانە مرۆڤدۆستی. دوەمیان عەقلانییەت. سێیەمیان عەلمانییەتو جیاكردنەوەی ئایین لەدەوڵەت، پرۆسەی جیاكردنەوەی دین لەدەوڵەت دوو لایەن یان دوو تەوژم تیایدا بەشدار بوون، تەوژمی عەلمانیو فەلسەفیو تەوژمی ئایینی كە ناودەنرێت بە بزاڤی چاكسازی ئایینی مارتن لۆسەرو دژە چاكسازی پرۆتستانت، ئەمەش بوو بە هۆی گەشەكردنی چاكسازی ئایینی لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكانداو سەرەنجامیش بوو بەهۆی سەربەخۆیی دەوڵەت لە ئایینو گەشەكردنی جیایی دین لەدەوڵەت.



**ئومێد قەرەداغی:**

بە مانایەكی تر بوو بەهۆی هێنانە ئارای بێلایەنیی دەوڵەت بەرانبەر بەهەموو ئایینێك، بەرانبەر بە هەموو گروپێك؟

**جاد ئەلكەريم جوباعی:**

بێلایەنیی دەوڵەت بەرانبەر بە هەر هەلومەرجێكی نا سیاسی، بەرانبەر هەموو بەشداربوونێكی پێشوەختی نا سیاسی. بێلایەنیی دەوڵەت بەرانبەر بە هەموو ئایینو نەتەوەو رەگەزو زمانو پێكهاتەیەك. بێلایەنیی دەوڵەت بەپێی پەرەسەندنە مێژووییەكەكان گەیشتووە بە عەلمانییەت، بەم پێیەش ناتوانین باس لەبوونیادنانی كۆمەڵگای مەدەنی بەبێ علمانییەت، بەبێ مرۆڤدۆستیو گێڕانەوەی رێز بۆ مرۆڤ، بەبێ دیموكراسی، بكەین.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕێز جاد چۆن ئەتوانین كۆمەڵگاكانمان بگوازینەوە بۆ كۆمەڵگای مەدەنی ؟ یان تەحویلی كۆمەڵگای ئەهلی بكەین بۆ كۆمەڵگایەكی مەدەنی، بۆ ئەمەش عیراق وەك نموونە؟

**جاد ئەلكەریم جوباعی:**

ناتوانین کۆمەڵگاکانمان بەو شتانە لە قەڵەم بدەین کە دڵخوازی خۆمانن، ناتوانین بڵێین کۆمەڵگای سوری یان کۆمەڵگای عێراقی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە، ئەوە سێبەری بیری تایبەتی هەندێك رۆشنبیرو هێزی سیاسییە ئەیانەوێ کۆمەڵگا وێنا بکەن، وەك ئەوەی کە ئەیانەوێ، نەك وەك ئەوەی کە هەیە، بەڵکو ئێمە ئەمانەوێ لەگەشەکردن (سەیرورە)ی کۆمەڵگا و گەشەی مێژوویی کۆمەڵگا بڕوانین. کۆمەڵگاکان گەشە ئەکەنو پێشدەکەون بەرەو کۆمەڵگای مەدەنیو دەوڵەتی نیشتیمانی کە جیاناکرێتەوە لەمەفهومی کۆمەڵگای مەدەنی. با نموونەیەکت بدەمێ ، سوریا سەربەخۆیی لەداگیرکەری فەرەنسی وەرگرت، یان عێراق سەربەخۆیی لەداگیرکەری بەریتانی وەرگرت. سەرەتاکانی پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی لەسوریاو عیراقدا دەستی پێکرد. مەبەستمان چییە لەپێکهاتەی کۆمەڵگای مەدەنی؟ مەبەست لە ئازادی بازاڕو ئازادی گشتیو ئازادی تاکەکەسو رۆژنامەگەری، گەشەی رێکخراوەو دامەزراوە هاوچەرخەکان، وەك سەندیکاکان، کۆمەڵەکان، یانەکانو حزبە سیاسییەکانو مونتەداکان. مێژووی عیراق لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا هەڵگری گەلێك بنەمای گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی بوو. کۆمەڵگای سوری بەهەمان شێوە زۆر بنەمای گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی بەدیهێنابوو، بەڵام لە



سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا سیستمگەلێکی سیاسی لەوڵاتانی ئێمەدا گەشەی کرد کە بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی لەبار برد. هەموو ئەو رێکخراوو دەزگایانەی لەباربرد کە سەربەخۆن لەدەسەڵات. بۆ نموونە لەعیراق و سوریا سیستمێکی سیاسی ئەوتۆ هاتە ئاراوە کە تاکە حزب فەرمانڕەوا بوو، ئەویش حزبی بەعس بوو، ئەم حیزبە لە عیراقو سوریا هەموو دامو دەزگاکانو ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی پەیوەست کرد بە حزبەوە، لکاندنی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. سەندیکای کریکاران کرا بە سەندیکایەکی حزبی، سەندیکا پیشەییەکان وەك پزیشکان و ئەندازیاران و پارێزەران و مامۆستایان کران بە پاشکۆی حزب، سیستمی شمولی کە لە ئابووریدا پێی ئەڵێن پلاندانانی ناوەندی، هەوڵدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارەکانی ژیان، بۆ دەستبەسەراگرتنی هەموو کارەکانی کۆمەڵگا، کار ئەکات بۆ دەستەبەسەراگرتنی هەموو شتێك، نەك تەنها بواری پیشەسازی، بەڵکو دەستەبەسەراگرتنی رۆشنبیری و ماف و ئازادییەکان، بەمەش گەشەکردن (سەیرورە)ی مێژوو بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرەتای حەفتاکانەوە پچڕانی تێ ئەکەوێ، ئەمڕۆش سەرلەنوێ پێویستمان بە بەرهەمهێنانەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگای

مەدەنیو  رۆشنبیریی ئازادی تاکەکەس و مافی مرۆڤ ، ئەمەش لە پێناو رزگاربوون لەو شێوازە شمولییە، بۆ نموونە ئێستا لە عیراق رژێمی شموولیو بالآدەست کە دەسەلآتی بەعس بوو رووخاوەو کۆتایی هاتووە، چی لە دوای ئەم رژێمەوە بەجێما؟ ئەو رژێمە هەموو شتێکی بە حزبی کرد، سەرەنجام کۆمەڵێك گروپی مەزهەبیو ئایدۆلۆژی هاتنە دەرەوەو دروست بوون ، ئەوە ئەنجامی سیستمی شمولییە.



# کۆمەڵگای مەدەنی و بەهاکانی مۆدێرنە

**ئومێد قەرەداغی:**

لەژێر رۆشنایی ئەو بۆچوونەی بەڕێزتدا من ئەپرسم چۆن تەفسیری پەیوەندیی نێوان کۆمەلگای مەدەنی و بەهاکانی دیکەی مۆدێرنە وەك دیموکراسی بکەین؟ ئایا پێکهاتنی کۆمەلگای مەدەنی پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ بوونیادنانی دیموکراسی؟ یان بوونیادنانی دیموکراسی پێویستییەکی بنەڕەتیی پێکهێنانی کۆمەلگای مەدەنییە؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

ڕێگەم بدە بابەتێکی گرنگ روون بکەمەوە. تاکەکان لە کۆمەلگادا  ئینتیمایان بۆ چەند کۆمەڵەیەکی داخراو هەیە، لەوانە کۆمەڵەی عەشائیریو ئیتنیکیو رەگەزی. ئەم تاکانە ئینتیمیان نییە بۆ شتێکی گشتی، بەڵکە هەریەکێك لە تاکەکان ئینتیمایان بۆ شتێکی تایبەت هەیە، کوڕی خێڵ ئینتیمای بۆ

خێڵەکەی هەیەو بەرگری لێ ئەکاو زۆر جار ئامادەیە خۆی لە پێناویدا بەخت بکاتو لە پێناویدا ئەویدی لە ناوببات، کوڕی مەزهەبیش ئینتیمای بۆ مەزهەبەکەی هەیە، کوڕی ئیتنیکیش ئینتیمای هەیە بۆ رەگەزو زمانەکەی.

گوێزانەوەی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگای مەدەنی پێش هەموو شت بریتییە لە توافوقی تاکە ئازادەکانو گروپەکانی کۆمەڵگا لەسەر کێڵگەیەکی گشتی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا، ئەم کێڵگە گشتییەش کە هەمووان لەسەری رێکدەکەون ئینتیمایان بۆی ئەبێت بریتییە لە دەوڵەتی سیاسی. دەوڵەتی سیاسی بە جیا لەوەی دیموکراسی بێت یان نا، دەوڵەتی سیاسی دەوڵەتێکە کە بۆ هەموو هاووڵاتیانە بێ جیاوازی، ژیانی گشتی و پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگادا رێکدەخات، پەیوەندییەکانی نێوان تاکو گروپو تاکو دەوڵەت بە پێی یاسایەکی دانراو کە کۆمەڵگا دایئەنێت لە رێگەی دامەزراوەی یاسادانانەوە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هەڵدەبژێردرێن ، بۆ نموونە لە عیراق هەڵبژاردنی یاسادانان ئەنجامدرا ، بەڵام بەداخەوە ئەم هەڵبژاردنی یاسادانانە لەسەر بنەمای مەزهەبیو ئایینو خێڵەکی بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا تا رادەیەك تەرازووەکە هاوسەنگ بووەوە، ئەوە دەرکەوت کۆمەڵگا تا رادەیەکی زۆر لە ئایندە ئەڕوانێت، سەقامگیریو ئاشتی ئەوێ، ئاوەدانیو بەرهەمهێنانی ئەوێ،



چونکە ناکرێ هەتا سەر لەحاڵەتی کوشتنو لەناوبردندا بمێننەوە. ئەم کۆمەڵگایە لەبەردەم هەڵبژاردنی نوێی ئەنجومەنی یاساداناندایە کە هیوادارم لە هەڵبژاردنی داهاتوو باشتر بێت لەهەڵبژادنی رابردوو، یاسایەکی ئەوتۆ بهێنێتە ئاراوە کە یەکسانی تەواوی نێوان هاووڵاتییەکان دابین بکات لە هەموو ئەرکو مافێکدا، ئازادی بە هەموو ماناو رەهەندەکانییەوە دابین بکات وەك ئازادی بازاڕو ئازادی بەرهەمهێنان و کار و سەرمایە، ئازادی تاکە کەس و ژیانی تایبەتی ،ئەمانە کۆمەڵە کارێکن لە یەکتر جیاناکرێنەوە، ئازادی سیاسی لە ئازادی ئابووری جیاناکرێتەوە، لە ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان جیا ناکرێتەوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕێز جاد بێلایەنی دەوڵەت و ئازادی بیروباوەڕ دوو بنەمای سەرەکی عەلمانییەتن ، بەڕێزت چۆن تەفسیری پەیوەندی نێوان عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی ئەکەیت، ئایا ئەتوانرێت کۆمەڵگای مەدەنی لە دەرەوەی سیستمی عەلمانیدا بوونیاد بنرێت؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

ئەگەر داوام لێبکەی بە بەڵێ یان بە نەخێر وەڵام بدەمەوە ئەوا بێگومان ئەڵێم نەخێر. نەخێر بەبێ سیستمی عەلمانییەت ناتوانین کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی هاوچەرخ بوونیاد بنێین. عەلمانییەت مەرجێکی بنەڕەتی و پێویستە بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیو دەوڵەتی هاوچەرخ، پێویستە ئاماژە بەو پەیوەندییە بکەین کە لە نێوان بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی و بیرۆکەی دەوڵەتی نیشتیمانیدا هەیە، ئەو دوو چەمکە هیچکامیان لەویدیکە جیا نابێتەوە. کۆمەڵگای مەدەنی بە بێ بوونی دەوڵەتی نیشتیمانیی هاوچەرخ نایەتە ئاراوەو دەوڵەتی نیشتیمانی هاوچەرخیش بە بێ کۆمەڵگای مەدەنی نایەتە ئاراوە، ئێستا ئەگەر گریمانەی نەبوونی دەوڵەتی نیشتیمانی هاوچەرخ بکەین، کە دەوڵەتی هەموو هاووڵاتییەکانێتی بەشێوەیەکی یەکسانو بەبێ جیاوازی، لە یەککاتدا دەوڵەتی مسوڵمان و مەسیحییە، دەوڵەتی شیعەو سوننەیە،دەوڵەتی کوردو عەرەبە، چۆن ئەتوانین بڵێین ئەشێت دەوڵەتێکی مسوڵمان هەبێ تێیدا رەچاوی مافی هاووڵاتییە مەسیحییەکانی بکرێت؟ چۆن دەوڵەتێکی عەرەبی هەبێ تێیدا رەچاوی هاوڵاتییە کوردەکانی بکرێت؟ بۆیە دەوڵەت چەمکێکی تەواو بێلایەنە، دەوڵەت خۆی ئەبینێتەوە لەدامەزراوەکانی دەوڵەتدا، کە ژیانمان رێك ئەخات بەپێی



کۆمەڵێك یاسای گشتی کە یاسای دانراون و دەوڵەت تەبەنی ئەو یاسایانە ئەکاتو ئەو یاسایانەش لە دەستوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، کاتێك ئەم یاسایە یەکسانیی نێوان هاووڵاتیان بەدیئەهێنێت لە هەموو ئەرکو مافێکدا ئیدی عەلمانییەت دێتەکایەوە. ناکرێ لە یەك دەوڵەتدا یاسایەك بۆ مسوڵمان و یاسایەك بۆ مەسیحی و یاسایەك بۆ سوننەو یاسایەك بۆ شیعەو یاسایەك بۆ کورد و یاسایەك بۆ عەرەب دابنرێ، دەوڵەت لەسەر یەك یاسا دائەمەزرێت، ئەو تاکە یاسایەش هەمووان دائەنێن و لەسەری رێکئەکەون.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام یاسایەکی مەدەنیو یەکسان؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

بەڵێ یاسایەکی مەدەنی کە هەمووان لەسەری رێکدەکەون، بەڵام کە دەڵێن هەمووان ئەوا هەمووان بە سیفەتی کۆمەڵەو گروپی داخراو نا، کە دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن وەك ئەوەی لە عیراقو لوبنان بەڕێوە ئەچێت، بەڵکو بە مانای رێکەوتن لەنێوان ئەو هاووڵاتیانەی کە ئەیانەوێت پێکەوە بژین، کە ئەیانەوێت ژیانێکی ئارامو پێشکەوتوو بەرهەمهێن بۆ

هەمووان بە بێ جیاوازی بژین، بۆ ئەمەش یاسایەکی یەکسان دائەنێن بۆ هەمووان، ئەم یاسایەش بە سروشتی خۆی یاسایەکی عەلمانییە، نە یاسایەکی ئاینییە، نە یاسایەکی خێڵکییە، بەڵکو یاسایەکی عەلمانییە، بەم پێیەش عەلمانییەت لە کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی هاوچەرخدا دەبێتە تێزێکی بەدیهاتوو، ئەوانەی بانگەشەی پێکهێنانی دەوڵەتی ئایینی ئەکەن خۆی لە خۆیدا کردنەدەرەوەی کەسانی نا ئاینییە لەو دەوڵەتەدا، ئەمەش بە بۆچوونی من شتێکی مەحاڵە، ئەوەی لەهەر شتێکی تر لە رۆژگاری ئەمرۆماندا هەلی پێکهێنانی هەیە بریتییە لەدەوڵەتی سیاسی هاوچەرخ کە هیچ ناسنامەیەکی نییە جگە لە ناسنامەی سیاسی ، جگە لەوەی دەوڵەتی نیشتیمانییەو دەوڵەتی هەموو هاووڵاتییەکانێتی بە بێ جیاوازی.



# کۆمەڵگای
# مەدەنی و دنیای عەرەب

**ئومێد قەرەداغی:**

بیرمەندی عەرەبی دکتۆر محمد عابد ئەلجابری لە کتێبی عەقڵی سیاسی عەرەبی (العقل السیاسی العربی)دا پێی وایە سێ بنەما فەرمانڕەوایی عەقڵی عەرەبی ئەکەن، ئەوانیش دەستکەوت (غەنیمە)و باوەڕ (عەقیدە)و خێڵ، پرسیارەکە ئەمەیە ئایا ئەکرێ غەنیمە بگۆڕین بۆ ئابورییەکی بەرهەمهێن، خێڵ بگۆڕین بۆ کۆمەڵگایەکی دامەزراوەیی، عەقیدە بگۆڕین بۆ تەنها راوبۆچونێك؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

پرسیارێکی زۆر جوانو زۆر بەجێیە، ئەوەی دکتۆر جابری ئەیڵێ خوێندنەوەیە بۆ مێژوو، خوێندنەوەیە بۆ رابردوو. مێژووی عەرەبی ئیسلامی هەتا دەگاتە ئەمرۆمان لەسەر سێ بنەما دامەزراوە ئەوانیش عەقیدەو غەنیمەو خێڵ، ئەگەر ئەو

سێ بنەمایە بە شێوەیەکی وردترو بە پێی کاریگەریان ڕێکبخەین ئەتوانین بڵێین غەنیمەو خێڵو عەقیدەن، واتە غەنیمە لە هەمووی کاریگەر ترەو عەقیدە لە پلەی سێیەمدایە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی لەپێش سەردەمی نوێ لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی دامەزرابوو ئەوانیش جەنگ و بازرگانی بوون، لە زۆر کاتیشدا جەنگ لە پێشتر بووە، گەلێك کۆمەڵە و گروپی نێو مرۆڤایەتی لەسەر داگیرکاری ژیاون. داگیرکاری بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کۆیلایەتی، لە سەردەمی دواترداو کامڵبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بازرگانی پێش ئەکەوێو سوود لە ئەنجامەکانی جەنگ وەرئەگیرێت بۆ پێشخستنی بازرگانیو ئاڵوگۆڕ، ئەوە مێژوی مرۆڤایەتییەو خوێندنەوەکەی دکتۆر جابریش خوێندنەوەیەکە بۆ مێژووی عەرەبی ئیسلامی، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەمەیە، ئایا مێژووی عەرەبی مێژوویەکی تاکانەو خۆبەخۆیە یان بەشێکە لە مێژوی گشتی مرۆڤایەتی؟ بێگومان بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی، خاڵی جیاواز و ناتەبای من لەگەڵ بەڕێز جابریدا ئەوەیە، لەگەڵ سەردەمی نوێداو لەشۆڕشی فەرەنسییەوە سیاقێکی نوێ لە پەرەسەندنی مێژوویی دەست پێ ئەکات، کە ئەم سیاقە نوێیە لەسەر بناغەی عەقیدەو غەنیمەو خێڵ دانامەزرێ، بەڵکو لەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی ئازاد، لەسەر بناغەی تێکەڵکردنی زانست بەکار دائەمەزرێ،



لەسەر بناغەی ئازادی تاك و ئازادییە گشتییەکانو دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتیمانی کە موڵکی هەموانە دائەمەزرێتو ئەمەش سیاقێکی نوێیەو ئێمەش بەشێکین لەم سیاقە. ریفۆرمیستە ئاینییەکان لەسەردەمی نوێماندا لەوانەش محمد عەبدە پێی وایە کە ئەوروپایەکی گەشەکردووو پێشکەوتوو ئیسلامی لێییە، بەڵام مسوڵمانی لێ نییە ، یان وەك دەڵێ لە ئەوروپا ئیسلامم بینی بەڵام مسوڵمانم نەبینی ، ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەخلاقی و سیاسییەی لە ئەوروپا بوونیاد نراوە سیستمێکە شایستەی ئەوەیە مسوڵمانانیش بوونیادی بنێن ، دەوڵەتی دیموکراتی دەوڵەتێکی شەرعییەو گونجاوە مسوڵمانان کار بۆ ئەم دەوڵەتە بکەن، ئەمە سیاقێکی نوێییە لە مێژووی ئێمەدا، ئەم سیاقە بە شێوەیەکی واقیعی دەست پێ ئەکات لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، لە میسردا لە سەعد زەغلولەوە دەست پێ ئەکات و دواتریش پڕۆژەی دەستوورییە نوێیەکان لە تورکیا و ئێران گەلێك شوێنی دیکەش هاتە ئاراوە ، بەڵام پاشان داگیرکاری ئەوروپی هاتە ئاراوە و لەنێو جیهانی ئیسلامیدا بیرۆکەی دەوڵەتی نیشتیمانی سەریهەڵداو گەشەی کرد، ئەم سیاقە نوێیەش لە واقیعەوە دەست پێئەکات، نەك لە عەقیدەو غەنیمەو خێڵەوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام بیرمەندی عەرەبی دکتۆر نەسر حامد ئەبوزەید پێیوایە بانگەشەکردن بۆ نوێکردنەوەی جیهانی عەرەبی مایە پووچ دەرچووە، هەر لە زەمانی روفاعە تەهتاوییەوە ئەم بانگەشەیە، بوونی هەیە بەڵام ئەوەی ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا هەیە واقێعێکی خێلایەتی و سیستمێکی ستەمکارییە ؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

سەبارەت بە بیرۆکەی نوێکردنەوەی کۆمەڵگا ناکرێ نوێکردنەوەی کۆمەڵگا لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجامبدرێ، ئەو بزاڤە سیاسیانەی فەرمانڕەوایی وڵاتانی ئێمەیان کردووە بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە ویستویانە کۆمەڵگا نوێبکەنەوە لە سەرەوە کاریان کردوە بۆ دامەزراندنی ئابورییەکی ناوەندی و پلانی ئابووری نەخشە بۆکێشراو، کاریان کردوە تا خۆیان لەسەرەوە راگەیاندن بەرهەمبهێنن، رۆشنبیری‌و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی بەرهەمبهێنن بەو مودێلەی کە خۆیان بە شیاوی ئەزانن، ئەم مودێلە کە لە وڵاتانی وەك یەکێتی سوڤیەت جێبەجێ کرا سەرنجامەکەی گەیشتە وێرانەیەك، بە وێرانکردنی هەموو شتێك لە کۆمەڵگادا کۆتایی هات، کۆمەڵگاکان نوێ نابنەوە ئەگەر ژیانیان لەسەر کۆمەڵە گەشەکردنێك بوونیاد نەنرێ و



کۆمەڵێك گەشەکردنی مێژوویی بە خۆیەوە نەبینێت، بۆ نموونە نوێکردنەوەی ئابووری و گەڕانەوە بۆ ئازادی بازاڕ یان ئابووری ئازاد، گەڕانەوە بۆ ئازادی بیروڕاو ویژدان، گەڕانەوە بۆ ئازادی کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرهەمهێنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، سەندیکاکان و دامەزراوە و حزبە سیاسییەکانی کە تێکڕایان سەربەخۆ بن لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ، یەکسانی سەرجەم هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا ، کۆی ئەم گەشەکردنانە بەیەکەوە ئەبێتە هۆی نوێکردنەوەی کۆمەڵگا، پرۆسەی نوێکردنەوەی کۆمەڵگا پرۆسەیەکی مێژووییە، لێرەدا من ئەو شتە ئەڵێم کە خاڵی جیاوازی منە لە بەڕێز دکتۆر جابری ، بەڵێ ئەکرێت عەقیدە تەحویل بکرێ بۆ یاسا، ئەکرێت تاکەکانی کۆمەڵگا لەژێر خێمە و عەبای خێڵ بێنە دەرەوەو ببن بەتاکی ئازاد لە نێو کۆمەڵگای مەدەنیدا. دەکرێ لێرەدا بەراوردێکی خێرا لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای ئەهلیدا بکەین. کۆمەڵگای ئەهلی بریتییە لەکۆمەڵگای مەزهەب‌و خێڵ‌و تایەفە‌و ئیتنیك، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگای یاسایە. ئەوەی لە کۆمەڵگای ئەهلیدا کار ئەکا بریتییە لە دووشت، ئەویش عورف‌و شەریعەتن، ناکرێ و زەحمەتە لە کۆمەڵگای ئەهلیدا ئەو دوو چەمکە کە بریتیین لە عورف‌و شەریعەت لە یەکتر جیا بکرێنەوە واتە لەسەر پرەنسیپێك دائەمەزرێ کە عورف و شەریعەتە، بەڵام

ئەم دوو چەمکە قابیلی گەشەپێدان و نوێکردنەوەن، بە جۆرێك ببێ بەیاسایەکی مەدەنی بە بێ جیاوازی بەسەر هەمووانـدا جێبەجێ بکرێت، عورف تەنها بۆ گروپێکی داخراوە، شەریعە تەنها بۆ گروپێکی داخراوە، بەڵام کاتێك گروپە داخراوەکان ئەکرێنەوە، گروپی خێڵ و گروپی مەزهەبی و ئیتنی ئەکرێنەوە بەڕووی ژیان و فەزای گشتیدا، ئەکرێنەوە بە ڕووی ژیانی هاوچەرخدا، ئیدی هەریەك لە عورف و شەریعەت تەحویل ئەبن بۆ یاسایەکی مەدەنی دانراو کە هەمووان لە بەرانبەریدا یەکسان بین.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ ئەبینین یاسای دانراو رۆڵی بنەڕەتی لەدادوەریکردن و رێکخستنی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی تاكو گروپ هەیە. یاسا بەرهەمی رابردوو، عورف و دینی نییە ، لە هەموو ئاینێکدا شتی گشی هەیە کە من ناوی ئەنێم رۆحی مرۆڤایەتی، بۆیە کۆمەڵگای مەدەنی ناتەبا نییە لەگەڵ ئەم رۆحەی مرۆڤایەتیدا.



# ئایین و کۆمەڵگای مەدەنی

**ئومێد قەرەداغی:**

بەرای تۆ ئایا دژیەکی لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و هەندێ چەمکی شموولی ئاینیدا هەیە، بە تایبەت ئەو چەمکانەی باس لەوە ئەکەن کە ئایین لە یەککاتدا دین و دەوڵەتە، یاساو رۆحە، عەقڵ و باوەڕە؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

ئەم بابەتە دوو لایەنی هەیە، لایەنی یەکەمیان ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی نە لە دوور و نە لە نزیکەوە دژ نابێت لەگەڵ ئایینەکاندا. دامەزراوەی ئایینی یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەموو ئایینەکان لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ئەبوژێنەوەو ماف و ئازادییان مسۆگەر ئەبێت، لە هیچ دەوڵەتێکی هاوچەرخدا رێگە لە ئیمانداران نەگیراوە سرووتەکانیان ئەنجام بدەن، رێگەیان لێنەگیراوە بیروباوەڕیان بڵاوبکەنەوە، هیچ دەوڵەتێکی هاوچەرخ رێگەی لە باوەڕدار نەگرتوە دام و دەزگای

مەدەنی و خێرخوازی پێکبهێنێ، یان هیچ دەوڵەتێك ئاینێکی دیاریکراو بەسەر هاوڵاتیەکانیدا ناسەپێنێت. دەوڵەتی هاوچەرخ ئازادی بۆ هەموو لایەك فەراهەم ئەکات ، ئازادی ئایینداری و ئازادی بێ ئایینی، لەم ئازادییەشدا ئایین گەشە ئەکات و ئایینداران ئەتوانن مومارەسەی سروتەکانیان بکەن و چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا ئەنجام بدەن.

سەبارەت بەو بیرۆکەیەش کە ئەڵێت ئایین دین و دەوڵەتە، یان ئایین تەنها چارەسەرە، ئەوە داهێنراوێکی نوێیەو پەیوەندی بە خودی ئیسلامەوە نییە، ئەوە بەرهەمی هەندێ لێکدانەوەی نوێیە بۆ ئایین بەتایبەت لێکدانەوەکانی حەسەن بەننا.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام ئەو لێکدانەوانە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ حەسەن بەننا، بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك تیۆریست و فیقهزانی پێشتر لەوانە ئیبن تەیمیە، کە ئەو وای ئەبینێت دەوڵەت پێویستە بۆ ئەوەی شەریعەت لە نێو کۆمەڵگادا پراکتیك بکرێت؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

ئەوەی کە کەسێکی وەك ئیبن تەیمیە ئەیڵێ برییتیە لە دانانی یاسا بۆ دەوڵەتی خەلافەت، ئەوە هی سەردەمێکە کە هێشتا



دەوڵەتی سیاسی هاوچەرخ دروست نەبووە، وەك چۆن لە ئەوروپای مەسیحیشدا هەمان حاڵەت هەبووە پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخ کڵێسا خۆی بەسەر دەوڵەتو کۆمەڵگاو تاکەکانیشدا سەپاندبوو، کڵێسا دەستیوەرئەدایە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی تاکەکەسەوە،بەڵام پاش گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی مەعریفیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیدا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە عەقیدەی مەسیحی بە هەموو لقەکانییەوە باوەڕێکی تایبەتی تاکە کەسە و پەیوەستە بە ویژدانەوەو دەوڵەت دەستوەرنادات لە باوەڕی کەسەکاندا ، هەر ئەمەش گرفتی گەورەی ئێمەیە ، سیستمی سیاسی پێشوو لە عیراق دەستی وەرئەدایە ویژدانو گفتاری تاکەکەسەکانەوە.

ئەوەی هەندێ لە تیۆریستە ئایینییەکان کردویانە کارێکی تایبەت و یاسادانان بووە بۆ دەوڵەتی خەلافەت ، یاسایەك بووە بۆ ئەو جۆرە فەرمانڕەواییەی کە هەبووە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیاندا جۆری نوێ لە سیستمی فەرمانڕەوایی سەرهەڵئەدات،ئەم جۆرە نوێیە یاسا و مامەڵەی نوێی ئەوێ ، بەڵام ئەو دەوڵەتەی کە تەوژمی ئایینی هاوچەرخ تیایدا تیۆریزە ئەکات لەدەیان ساڵ پێشترەوە یاسای دانراوی پراکتیزە کردووە.

دەوڵەتی هاوچەرخ شتێکەو دەوڵەتی خەلافەت شتێکی ترە ، ئەوەی دەوڵەتی خەلافەتی ئەویٚ، سیستمی خەلافەتی ئەویٚ، ئەوە بێگومان ئەبیٚ بە پێی تیۆری یاسایی و سیاسی ئەوکاتە کار بکات و ئەوەشی دەوڵەتی هاوچەرخی ئەویٚ ئەوا ئەبێت بە پێی یاسای دانراوی مەدەنی کاربکات، بە جۆرێك بتوانێت بێلایەنیی دەوڵەتو یەکسانیی هەمووان لەبەردەم یاسادا مسۆگەر بکات، ئەم یاسا دانراوەش  ناکۆك و ناتەبا نییە لەگەڵ هیچ پەیامو ئاینێکدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

هەندێك لە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە پێیان وایە ریفۆرمی ئایینیو سەرلەنویٚ خوێندنەوە بۆ دەق، پرۆسەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی ئایین ببێتە یەکێك لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو تەبا بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی مەدەنییەتدا، تۆ رات چییە؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

بێگومان بیرۆکەی ریفۆرم بیرۆکەیەکی جەوهەرییە، بەڵام پێویستە ریفۆرم ریفۆرم بێت. یەکەم ریفۆرمی گرنگ کە کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەبوو ئەو ریفۆرمە بوو کە لەسەدەی شانزەدا لە ئەوروپا رویدا بە رابەرایەتی مارتن لۆسەرو دواتر ئەم ریفۆرمە بە ریفۆرمی پرۆتستانتی ناسرا.



مارتن لۆسەر دەیگوت ئینجیل بۆ مەسیحییەکان، هەموو مەسیحییەك مافی خوێندنەوەو تێگەشتنی ئینجیلی هەیە بەپێی ئەوەی تێی ئەگاتو دەرکی ئەکات. مەسیحی پێویستی بە کلێسا نییە وەك تاکەراڤەکەری ئینجیل. لەلایەکی ترەوە وتی کلێسا دامەزراوەیەکی ئاینییەو دامەزراوەیەکی سیاسی نییە باوەڕدارن پێویستیان بەوە نییە بەردەوام هاتوچۆی کلێسا بکەن، بەڵکو کلێسا لەهەستو ویژدانی باوەڕداری مەسیحیدایە، واتە هەموو تاکێکی مەسیحی کلێسای لەناوخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام لە دنیای عەرەبی ئیسلامیدا ئەمە رووێنەداوە. بەشێکی هەرە گەورەی ریفۆرمیستەکانی دنیای عەرەبی پیٚ لەسەر ئەوە دائەگرن کە ئیسلام مەسیحییەت نییە، بەڵیٚ ئەمە راستە ، بەڵام ئەبێت تاکی مسوڵمان ئازادی خۆی هەبێت لە خوێندنەوەی دەقی ئایینیدا، بەمەش نە پێویستمان بە ئیبن تەیمییە ئەبێتو نە بەشێخی قەرزاوی.

# له نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسیدا

**ئومێد قەرەداغی:**

ئەچینە سەر تەوەرێکی تری گفتوگۆکەمان، ئەویش جیاوازی نێوان کۆمەڵگای مەدەنیو کۆمەڵگای سیاسییە، گفتوگۆیەکی فراوانو بەربڵاو دەربارەی بووونو جیاوازی ئەم دوو چەمکە لەئارادایە، ئایا جیاوازییان چییەو رای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ورد لە جیاوازی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی تێبگەین ئەبێت بەراوردێك لەنێوان ژیانی تایبەتی تاکە کەسو ژیانی گشتیدا بکەین. هەموو تاکە کەسێك ژیانی لە دوو هێڵی سەرەکی پێکدێت ئەویش ژیانی تایبەتیو گشتیین. ژیانی تایبەتی وەك ژیانی نێو خێزانو ماڵ، بەڵام کە لەماڵ دەرئەچێتە دەرەوە، ئیدی دەچێتە نێو ژیانی گشتییەوە. مادەم ژیانی تایبەتی هەیە ئەڵێین ژیانە تایبەتیە



ژیانە لەنێو کۆمەڵگای مەدەنیدا، ژیانە گشتیەکەشی ژیانە لەنێو کۆمەڵگای سیاسیدا، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم: جیاوازییەکی دیکەی گرنگ هەیە، هەر یەکێك لە ئێمە تاکێکی سروشتییەو لەزۆر شتدا لەویدیکە جیاوازەو لەهەمانکاتیشدا هاووڵاتییە، هاووڵاتیش چەمکێکی سیاسییەو نابێ جیاوازی لەنێوانیاندا هەبێت. من وەك تاکێکی ئاسایی خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتو تایبەتمەندی تایبەتی خۆمم و جیام ئەکاتەوە لەویدی، بەڵام لەمەفهومی سیاسیدا من هاووڵاتیم وەك هەر هاوڵاتییەکی تر بێ جیاوازی، جیاوازی نێوان کۆمەڵگای مەدەنیو کۆمەڵگای سیاسی رێك وەك جیاوازی نێوان ئەوە وایە کە تاکە کەسێکی ئاسایی کە کار ئەکات بە هەست و سۆز و بەرژەوەندیو تموحی تایبەتی خۆی، لەنێوان هاووڵاتییەکدا کە پەیوەستە بە کۆمەڵێك بەهای گرنگی وەك دادپەروەریو لێبوردەییو ئازادیو یەکسانی.

کۆمەڵگای مەدەنیو کۆمەڵگای سیاسی وەك دوو جەمسەری موجەبو سالبی کارەبا وان، هەرگیز ناکرێ ئەو دوو جەمسەرە لەیەك جیابکرێنەوە. ناکرێ کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی وەك دوو شتی لەیەك دابراو تەماشا بکرێن. کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لەژیانی تایبەتی هاووڵاتیانو کۆمەڵگای سیاسیش بریتییە لەژیانی گشتییان، کۆمەڵگای مەدەنی مەیدانی

جیاوازییەکانە، بەڵام کۆمەڵگای سیاسی مەیدانی یەکێتییە، کۆمەڵگای مەدەنی مەیدانی فەوزا و خۆبەخۆییە و هەموو تاکێك بە پێی بەرژەوەندی و خواستی تاکەکەسی خۆی هەنگاو ئەنێت، بەڵام کۆمەڵگای سیاسی مەیدانی یاسایە، کۆمەڵگای مەدەنی بواری بەرێککەوتن‌و پێچەوانە بوونی بەرژەوەندییەکانە، بەڵام کۆمەڵگای سیاسی مەیدانی بەرژەوەندی نیشتیمانی هاوبەش کە هەموو تاکەکان پێوەی پەیوەستن، ئەم جیاوازیانەی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی گرنگن‌و ئەبێت رەچاوی بکەین، هەردوو ئەو کۆمەڵگایە دوو شتی پێکەوە گرێدراون‌و دوو ڕووی یەك دراون، باشترین گوزارشت بۆ بۆ جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی بواری ژیانی تایبەتییە بۆ تاك‌و گروپ، کۆمەڵگای سیاسیش بواری ژیانی گشتییە بۆ تاك‌و بۆ گرووپ.



# کۆمەڵگای مەدەنی و تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانە

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕێز جاد بێگومان هەموو کۆمەڵگایەك هەڵگری تایبەتمەندێتی ناوخۆیی خۆیەتی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریدا، ئایا ئەتوانین باس لە بوونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیستمی دیموکراسی لەژێر رۆشنایی تایبەتمەندی ناوخۆییدا بکەین؟

**جاد ئەلکەریم جوباعی:**

تاکەکانی مرۆڤایەتی هەموویان جیاوازییان هەیە، ئەم جیاوازییەش هەموو بوارەکانی هەست و دەروون و شێوەو روخساریش ئەگرێتەوە، کۆمەڵەو گرووپەکانیش بە هەمان شێوە ناکۆکی قووڵ و گەورەیان هەیە، یەکێك لە ماناکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەوەیە کە خۆی خۆی بەرهەم ئەهێنێت، تاکەکان لەسەر مۆێلێکی پێشکەوتووی ژیان و پەیوەندی رێکدەکەون و

دەبێتە كۆمەڵگای مەدەنی، تایبەتمەندییەكانی خۆیان لەم مۆدێلە نوێیەدا ڕەچاو ئەكەن و شتێكی نامۆ بە خۆیان بەرهەمناهێنن، بەلام بیرمان نەچێت بیرۆكەی تایبەتێتی زۆر جار بە ئاراستەی داخراندا بەكارهاتووە، بۆیە لە زۆر كاتدا بیرۆكەی تایبەتێتی درۆیەكی ئایینی یان نەتەوەیی ناشرین و بێ مانایە، ئایا عەرەب و مسولمانان نەوەی ئادەمن یان نا، بێگومان مرۆڤەكان هەموویان نەوەی ئادەمن، مرۆڤ خۆی ژیانی كۆمەلایەتیو سیاسیو ڕۆشنبیری خۆی بەرهەمدەهێنێت لەو هەلومەرجە ئابووری و كۆمەلایەتییەی لەئارادایە، لەدۆخێكی مێژوویی دیاریكراودا، لەو هەلومەرجە نێوخۆییو نێودەوڵەتییەی لەئارادایە، ئەمە مانای تایبەتێتییەو ئیدی لەمە زیاتر نییە. هەموو مرۆڤەكان بە چاوپۆشین لەئینتیمای ئایینییان پێویستیان بە ژیانێكی شەرەفمەندانە و سەربەرزانە هەیە،ژیانێك كە هەمووان لەبەردەم یاسادا یەكسان بن و دەوڵەت مولكی هەموو هاوولاتییەكان بێت بێ جیاوازی، واتە تاكەكان خۆیان ژیانی كۆمەلایەتی خۆیان بەرهەمئەهێننو ڕێكی ئەخەن بەپێی مەرجە سروشتیو مێژووییەكان، تایبەتێتیەكانیان تایبەتێتی سروشتیو مێژویین، تایبەتێتی ئەوانەی لە شاخ ئەژین جیاوازە لەوانەی لە بیابان ئەژین، ئەوانەی لە كەنار دەریا ئەژین جیاوازە لەوانەی دوورن لە دەریا.



**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵێ بێگومان بیرۆكەی تایبەتێتی بەكارهێنراوە بۆ ڕەتكردنەوەی گەلێك بەهای گرنگی نوێگەری و دیموكراسی و كرانەوە بە ڕووی ئەویدی جیاوازدا ، بەلام بە ڕای تۆ گرنگترین ڕوانگە فیكری و كۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەكانی پشت بیرۆكەی تایبەتێتی چین؟

**جاد ئەلكەریم جوباعی:**

پێویستە سەرەتا ئاماژە بە ڕوانگە فیكری و ئەخلاقییەكانی پشت بیرۆكەی تایبەتێتی بكەین. ئەو بیرۆكەیە ئەویدی ڕەت ئەكاتەوەو پێی وایە ئێمە ناتوانین وەك ئەوروپییەكان بژین لە بوونی كۆمەلگای مەدەنی و دەوڵەتی نیشتیمانی هاوچەرخ و بالادەستی یاسادا، پرەنسیپی بیرۆكەی تایبەتێتی بریتییە لە ڕەتكردنەوەی ئەویدی جیاواز و هەستكردنە بە خۆ بە گەورە زانین بەسەر ئەویدیدا، ئەوانیدی هیچ نین و نرخێكیان نییە ، ئەوانیدی عەجەمن، عەجەم كە لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا بۆ ئەویدی جیاواز بەكارهاتووە مانای ئاژەڵ ئەگەیەنێت كە ناتوانێت قسە بكات و ناتوانێت بیر بكاتەوە، مەبدەئی تایبەتێتی مەبدەئی تەكفیرە، مەبدەئی ڕەتكردنەوەی ئەویترە، ڕاستە ئێمە، وەك

عەرەب، وەك كورد، وەك تورك مسوڵمانين، بەڵام بەشێكين لەمرۆڤايەتى، راستە مێژوويەكى تايبەتمان هەيە، بەڵام مێژوەكەمان بەشێكە لە مێژووى مرۆڤايەتى.

**ئومێد قەرەداغى:**

هەندێك لە بيرمەندان پێيان وايە تێكەڵبوون يەكێكە لە هۆكارە گرنگەكانى گەشەى ديموكراسى و كۆمەڵگاى مەدەنى لە وڵاتانى ئێمەدا. تێكەڵ بوون بەكەلتوور و مۆدێلى ژيانى ئەويدى پێشكەوتووى خۆرئاوايى، تۆ لەمەدا رات چييە؟

**جاد ئەلكەريم جوباعى:**

بەڵێ بێگومان ئەوە شتێكى راستە، رۆڵەكانى نەتەوەكانى ئەمرۆ لەبەردەم دوو رێگەدان، يان ئەبێت تێكەڵ بە دنياى هاوچەرخ بن، يان ئەكەونە پەراوێزى دنياى هاوچەرخو ئەكەونە دەرەوەى مێژووەوە. من لەسەرەتاى ئەم چاوپێكەوتنانەدا وتم ئەمرۆ واقعێكى گەردوونى هەيە، ئەمرۆ كێ ئامادەيە لەدەرەوەى سەرمايەدارىو بازاڕى ئازاد بژى، كێ ئەتوانێت لە دەرەوەى شۆڕشى پيشەسازى و دەسكەوت و بەرهەمەكانى بژى، كێ ئەتوانێ لەدەرەوەى دەوڵەتى نيشتيمانىو رۆشنبيرى گەردوونى بژى، ئەمانە چوار واقعى گەردوونين، بەشى پێشكەوتووى ئەمرۆ لەدنيا



ئەو واقيعە گەردوونييەيان بەديهێناوە، ئەمەش نەك بە تەنها ئەوروپا و ئەمريكا بەڵكو يابانو هيندستانيش هەمان پيشكەوتنيان بەديهێناوە. هيندستان توانيويەتى بەرگرى لە سيستمى ديموكراسىو عەلمانى بكات، سەرەڕاى بوونى ژمارەيەكى زۆر لە مەزهەب و ئايينو زمانو كەلتوورى جياواز.

# عەلمانییەت واقیع و پرەنسیپ

## گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر د.یوسف سەلامە



**د. یوسف سەلامە**

**- بیرمەند و ئەکادیمیستێکی ناسراوە لە ساڵی 1946 لە فەلەستین لە دایك بوە**

**- ساڵی 1985 لە زانکۆی قاهیرە دکتۆرای لە فەلسەفەی هاوچەرخدا وەرگرتوە**

**- مامۆستای خوێندنی باڵایە لە زانکۆی دیمەشق**

**-جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی فەلسەفەیی عەرەبییە**

**- خاوەنی ژمارەیەك کتێب و توێژینەوەی گرنگە لەوانە: ( دەوڵەت و نوێگەری لە بیری تەها حوسێندا) و ( ژیار لە نێوان دیالۆگ و بیرکردنەوەی تۆباویدا) ( لۆژیك لای ئەدمۆند هسرەل) و (هۆشیاری ئایینی)**

# عەلمانییەت چییە؟

**ئومێد قەرەداغی:**

سەرەتا بە پرسیار لە بارەی خودی عەلمانییەتەوە دەست پێدەکەین، هەندێك عەلمانیەت لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتدا کورت دەکەنەوە، هەندێکی تر بە داڕنینی هەموو پیرۆزییەك لە دەوڵەت پێناسی دەکەن، بەڕای تۆ عەلمانییەت چییە؟

**د.یوسف سەلامە:**

عەلمانییەت تەسەورێکی ئەوروپییە و لە میانەی گەشەی رۆشنبیری و ژیانی ئەوروپیدا دەرکەوتوە، ئەمەش درێژکراوەی ئەو دۆخەبوو لە سەدەی پانزەیەمەوە زەمینەیەکی باشی بۆ لەدایك بوونی عەلمانییەت خۆشکردبوو، بەڵام دەرکەوتنی وێنەی ئەم چەمکە بەشێوەکی بەهێز و رۆشن ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رۆشنگەری لە بەریتانیا و فەرەنسا و دواتر لە ئەڵمانیا، دەرکەوتنی عەلمانییەت دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن و دەرککردنی



مرۆڤ بە هێڵ و کێڵگە جیاوازەکان، کاتێك کێڵگەیەك سنووری خۆی دەبەزێنێ ئەوا بوون و چالاکی ئەویدی ئەسڕێتەوە، بە مانایەکی تر دوو کێڵگەی بنەڕەتی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەوانیش کێڵگەی ئایینی و کێڵگەی سیاسییە، رۆشنبیری رۆژئاوایی ئەوەی کەشفکرد کە ئەگەر هەردوو کێڵگەکە یەکبخەین و بیخەینە دەستی یەك کەسەوە، واتە دەسەڵاتی ئایین و دەسەڵاتی سیاسی بدەینە بە یەك کەس کە پاپایە، یان ئەو مافە بدەینە دەسەڵاتی سیاسی وەك ناوەندێك باڵادەست بێت بەسەر کێڵگەی ئایینیدا، ئەوە کۆمەڵە هەڵەیەك کەڵەکە دەبێت کە چاککردنی مەحاڵە، مرۆڤی ئەورووپی ئەوەی کەشفکرد کە چارەسەری گونجاو بۆ ئەم کێشەیە خۆی دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی کێڵگەکان، جیاکردنەوەی کێڵگەی پیرۆز لە کێڵگەی دنیایی، جیاکردنەوەی کێڵگەی ئایینی لە کێڵگەی سیاسەت، وە دواتر مرۆڤی ئەورپی باوەڕی بەوە هێنا کە تەنها بە پشت بەستن بە توانا و عەقڵی خۆی دەتوانێت هەستێت بە رێکخستنی ژیانی دنیایی و سیاسی خۆی و، رێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤەکان بە یەکترەوە، بە پشت بەستن بە یاسایەك کە مرۆڤ بە عەقڵی خۆی و بە پێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگاکەی دایڕشتوە، وە ئەو یاسایە پاراستنی بەرژەوەندی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئەستۆ ئەگرێت..

ئەم لە یەکتر جیاکردنەوەی کێڵگەی دنیایی و کێڵگەی سیاسەت لە کێڵگەی ئایینی چەمکی سیاسەتی کرد بە چەمکێکی ئینسانی و دواتریش چەمکی سیاسەتی بەتەواوی پاکژکردوە لە هەموو دیدێکی پیرۆزگەرا، بەمەش گفتوگۆ و رەخنەگرتن دەربارەی سیاسەت بەتەواوی ئازاد بوو، وە کێڵگەی سیاسی بوو بە کێڵگەیەکی دنیایی و پاکژ لە هەموو نەزعەیەکی پیرۆزگەرا و سیاسەت بوو بەکاروبارێکی ئینسانی، بەم پێیەش بۆ ئەوانەی گفتوگۆ دەربارەی سیاسەت دەکەن و رەخنە ئەگرن ئەم گفتوگۆو رەخنەگرتنە نابێتە هۆی بێزاربوون و سوکایەتی بەوانیدیدی، مادەم لە کێڵگەی سیاسەت قسە ئەکەین و سیاسەتیش کێڵگەیەکی ئینسانییە و خاوەنی هیچ رەهەندێکی پیرۆزگەرا نییە، لێرەدا دیموکراتیزەکردنی سیاسەت دەبێتە شتێکی مومکین مادەم نارەزایی و رەخنەگرتن لە نێوانماندا هەیە و، گفتوگۆ لە نیوانمان لە سەر ئاستی عەقڵیە، ئالێرەدا دەردەکەوێت کە دیموکراسی پەیوەندیدارە بە عەلمانییەتەوە، زیاتر لەوەش دیموکراسی بەرهەمی عەلمانییەتە، بەڵام جیاکردنەوەی کێڵگەی سیاسی و سەربەخۆبوونی لە کێڵگەی پیرۆز ئەشێت نەبێتە هۆی دوژمنایەتی و ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو کێڵگەیەدا بەمەرجێك هەریەکەیان سەربەخۆیی ئەویدی قبوڵ بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشتی و پێکەوەژیان لە نێوان ئەو دوو کێڵگەیەدا، پێویستە



ئەوەش بڵیین کێڵگەی ئایینی بەهۆی جیاکردنەوەو سەربەخۆبوونی کێڵگەی سیاسی رۆڵی کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەشێت لە رێگەی ناوەندی ئایینی رۆڵی پەروەردەکردنی ئەخلاقی ببینێت و رۆڵی هەبێت لە پەروەردەی ئەخلاقی تاکەکەسدا، ئیدی جیاکردنەوەی ئەو دوکێڵگەیە بوو بەهۆی لەدایکبوونی بیرۆکەی عەلمانییەت و بەهێزکردنی بیرۆکەی دیموکراسی و سیاسەتی کرد بە کاروبارێکی ئینسانی دونیەوی کە نە لەدوور و نە لەنزیکەوە پەیوەندی بە رەهەندی موقەدەسەوە نییە، کێڵگەی ئایینیشی بەرێزەوە لە شوێنی شیاوی خۆی دانا و، بێئەوەی بواری ئەوەی بدات دەستوەر بداتە کێڵگەی سیاسییەوە.

# هێزی عەلمانی و سیماکانی

**ئومێد قەرەداغی:**

یەکێك لە گرفتە قوڵەکانی ئێمە ئەوەیە کە هێزی عەلمانی و لیبراڵی راستەقینە و بەهێزمان نییە، هێزی عەلمانیمان هەیە بەڵام خۆی ئاڵاندوە لە پیرۆزییەکانی ئایین و نەتەوەوە، ئایا ئەتوانین باس لە بوونی هێزی عەلمانی و لیبراڵی راستەقینە بکەین؟ ئەگەر وەڵامەکەت بە بەڵێیە ئەوا گرنگترین سیما و تایبەتمەندییەکانی کاری ئەو هێزە چییە؟

**د.یوسف سەلامە:**

بەڵێ بێگومان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هێزی دیموکراتی و عەلمانی بوونی هەیە، هەموو ئەوانەی بەرگری لە عەقڵ و عەقلانییەت دەکەن عەلمانییەکان و دیموکراتەکانن، هەموو ئەوانەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان دەکەن عەلمانییە دیموکراتەکانن، هەموو ئەوانەی کە رێزی راستەقینە لە بوون و کەرامەتی مرۆڤ ئەگرن عەلمانییەکانن



و دیموکراتەکانن، بۆیە ئەگەر بڵێین هێزی عەلمانی و دیموکرات لە دنیای ئێمەدا بوونی نییە هەڵەیە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هێزە عەلمانییەکان لە جیهانی ئێمەدا هێزی لاوازن، بەڵام ئەگەر بمانەوێ دەستنیشانی تایبەتمەندی هێزی عەلمانی و دیموکرات بکەین لە واقیعی ئێمەدا ئەوا دەتوانین بڵێین هێزی رۆشنبیرە، رۆشنبیرییەکی تایبەت، رۆشنبیری رۆشنگەری، رۆشنبیری عەقڵ و مافەکانی مرۆڤە، بەڵام نەواتی ئەم رۆشنبیرییە تا ئەم ساتەوەختە نەواتێکی لاوازە و هێزە نا دیموکرات و نا عەلمانییەکان زاڵ و باڵادەستن و، ئەوانە زۆربەی کەرەستە کاریگەرەکانیان لەبەردەستدایە، خاوەنی سەرمایە و خاوەنی هۆکارەکانی راگەیاندن و دەستبەسەرداگرتنن، خاوەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن و توانای ئەوەشیان هەیە وێنەی هێزە عەلمانی و دیموکراتەکان بشێوێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەوانە خاوەن هۆیەکانی راگەیاندن و ئەتوانن ئەو وێنەیە بشێوێنن کە ئەیانەوێ، هەر ئەمەش وایکردوە ژمارەیەك لە بیرمەند و روناکبیرە گەورەکانی بیری عەلمانی بکەونە ئەم کێشەیەوەو وێنەیان ناشرین بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین و هێز و ناوەندی عەلمانی و دیموکرات بوونیا هەیەو چالاکیان هەیە و جۆرێك لە پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە بەڵام هەتا ئێستا هێزێکی لاوازن.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام دکتور ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە بانگەشە بۆ نوێگەری لەدنیای عەرەبدا لە زەمەنی روفاعە تەهتاوییەوە دەستپێئەکات و تا ئێستاش درێژەی هەیە بەردەوام کۆمەڵێك بیرمەند و رۆشنگەر هەیە و خەباتیان کردوە بەڵام هەتا ئێستاش هێزی عەلمانی و دیموکرات هێزێکی لاوازە، بۆ؟

**د.یوسف سەلامە:**

هێزی عەلمانی لاوازە چونکە بوونیادی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بوونیادیکی تەقلدییە و هێزی نوێگەری نەیتوانیوە درز بخاتە نێو ئەم بوونیادە تەقلیدییە، ئەم بوونیادە تەقلدییە یاخییە لە عەقلانیەت و نوێگەری، یاخییە لە کرانەوە و رۆشنگەری، بەردەوام بوونیادێکی تەقلیدییە و ئەم بوونیادەش ئەمرۆ پێویستی بە لەرزەیەکی گەورە هەیە، پێویستی بە شۆکێك هەیە، ئەمە هۆکاری یەکەمە کە هۆکاری بوونیادە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە بۆچی ئەم بوونیادە بەمشێوە تەقلیدییەیە؟ چونکە رۆشنبیریی باڵادەست رۆشنبیرییەکی ستەمکار و نا عەقلانیی و ئینکاریکەرە، جوڵەو گەشە و گۆڕانی تێدا نییە، رۆشنبیرییەکی کەڵکەکە بوەو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر



دەگوێزرێتەوە بەبێ ئەوەی نوێگەری قبوڵ بکات و بوار بدات نوێگەری بچێتە ناوییەوە بە ئامرازەکانی نوێگەرییەوە کار بکات، ئەم شکستە رۆشنبیرییە وا ئەکات هەمان رۆشنبیریی و بوونیادی تەقلیدی بەرهەمهبهێنێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوێزرێتەوە.

ئێمە لە بەردەم دوو ئەرکی گرنگداین لە پێناو گەشەکردن و بەهێزبوونی عەلمانییەتدا ئەویش یەکەمیان شکاندن و درزتێخستنی ئەو بوونیادە تەقلیدییە، دووەمیشان گەڕان و توێژینەوەیە دەربارەی خودی نوێگەری و لە هەمانکاتدا تێگەیشتنی زانستیانە لەم بوونیادە تەقلیدییە، ئەم نەتوانینی دەرچوون لەم داڕوخانە رۆشنبیرییە دورو درێژە لە رۆشنبیریی و بوونیادی تەقلیدیدا وایکردوە تێزەکانی شیوەیەکی رەها وەربگرێ و مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایانە وا هەست بکەن کە هەقیقەتیان بە تەواوی ناسیوە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پێیە و، بەمەش تەسلیم بن بەو تێزە رەها و یەقینە، ئەمەش وایکردوە کە بواری بیرکردنەوە و دیدی رەخنەیی بمرێت و مرۆڤ خۆی تەسلیمی تێزی رەها و تێزی بێ بیرکردنەوە بکات.

**ئومێد قەرەداغی:**

دكتۆر وەك دەبینین و پێشتر وتمان هێزە دیموكراتی و عەلمانییەكانی ناوچەكە لاوازن، ئایا باوەڕتوایە پێویستە هێزە دیموكراتی و عەلمانییەكانی ناوچەكە لەگەڵ هێزە دیموكراتی و عەلمانییەكان جیهان هاوكاری بكەن بۆ گەشەپێدانی دیموكراسی لەم ناوچەیەدا؟

**د. یوسف سەلامە:**

نەخێر، من پێموایە ئەوە ئەركی ڕۆڵەكانی ئەم ناوچەیەیە، دەبێت ڕۆڵەكانی ئەم ناوچەیە بە هەموو پێكهاتەكانییەوە بگەنە ڕێگەچارەی پێكەوەژیان و گەشەپێدانی كەلتووری دیموكراسی و ئازادی، ئێمەپێویستمان بە هێزی دەرەكی نییە، چونكە هێزی دەرەكی هەموو لایەك بۆ بەرژەوەندییەكانی خۆی بەكارئەهێنێت نەك بۆ بەرژوەندییەكانی ئێمە، نەك بۆ بەرژەوەندی گەلانی ئەم ناوچەیە، هەر لایەك كورد بێت یان عەرەب یان توركمان ئەگەر باوەڕی وابێت ئەتوانێ بە هێزی دەرەكی دیموكراسی و عەلمانییەت گەشە پێبدات ئەوە لە راستیدا تەنها لە وەهمێكدا ئەژی، بەراشكاوی باوەڕم وایە لە بەرژوەندی ئەمریكا و ئەوروپا نییە دیموكراسی و عەلمانییەت لەم ناوچەیە بڵاوببێتەوە بەڵكو بە



پێچەوانەوە بەرژەوەندییان لەوەدایە كە ئێمە لە هەمان بوونیادی تەقلیدی و محافزكاردا بمێنینەوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

دكتۆر بەڵام وڵاتانی ڕۆژئاوا كۆمەڵێك پڕۆژەی چاكسازیی گرنگیان پێشكەشكردوە وەك چاكسازی لە قوتابخانە و پەیمانگا ئایینییەكان بۆ كەمكردنەوەی بوونیادی محافزكاری و گەشەی دیموكراسی چۆن لەمە ئەڕوانی؟

د. یوسف سەلامە:

بەڕای من ئەو چاكسازییانە تەنها شتێكی جوزئین و ریشەیی نین، راستە قوتابخانە ئایینییەكان لە ئەفغانستان تاڵیبان و بزووتنەوە توندڕەوەكانیان دروستكرد، وە بزووتنەوە توندڕەوەكانیش دان بەوەدا ئەنێین لەو قوتابخانە ئایینیانە گەشەیان كردوەو دروست بوون، بەڵام چارەسەر جیاوازە، چارەسەرەكە خۆی لە چاكسازی قوتابخانە ئایینییەكان نابینێتەوە بەڵكو خۆی لە گۆڕینی كۆی بوونیادە تەقلیدی و محافزكارەكەدا دەبینێتەوە، بەڕای من گۆڕینی كۆی بوونیادەكە مەبەستە و گرنگە، بەڵام چۆن ئەو بوونیادە گرنگە بگۆڕین ؟ دەبینین ئەمریكا لە ساڵی 2001 ئەفغانسان بۆردومان ئەكات ئەمەش

زیاتر ئەفغانییەکانی هانداوە زیاتر پەیوەست بن بەو بوونیادە تەقلدییەی کە هەیانە، ئەمەش هەڵەکەیە لە چارەسەرکردندا، ئەمریکا عیراقی داگیرکرد بەڵام بەشێك لە عیراقییەکان پەنایان بردووە بۆ بوونیەی پێش تەقلیدیش کە بوونیادی خێڵ و تایفەیە، کە پێش بوونیادی نەتەوەییە چونکە نەتەوەیی پێشکەوتو ترە لە خێڵ، ئەمەش ئەو هەڵەیەیە کە لە روئیا و چارەسەردا روو ئەدات، ئەگەرکەسێك وابیربکاتەوە بوونیادی تەقلدیدی ئیرهاب بەرهەمدەهێنێت، ئیرهابیش مەترسییەك بێت بۆی کە بێگومان مەترسییە، پێویستە بەرێگەیەك چارەسەر بکرێت کە جیاواز بێت لە رێگەی داگیرکردن و توندوتیژی و هێز، کۆمەڵگاکان و رۆشنبیرییەکان بەهێز پابەند ناکرێت، رووبەڕوبوونەوەی بوونیادێکی رۆشنبیریی بە هێز نابێت بەڵکو بە رۆشنبیریی دەبێت، وەك کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ و ناوەندی توێژینەوەی زانستی و گەشەپێدانی هۆشیاری، ئەوە ئەتوانێت و گونجاوە بۆ یارمەتیدانی ئەم کۆمەڵگایانە، لێرەدا رەگەزێکی سیاسی گرنگ هەیە بە نیسبەت ئەم ناوچەیەوە کە وایکردوە کەم دیموکراسی گەشە بکات ئەویش کێشەی فەلەستینە، کێشەی فەلەستین بوە بەو ئەسپەی کە هەموو لایەنەکان لێیدەخورن، تەنها لایەنێك کە ئەسپی فەلەستینی لێناخورێت فەلەستینییەکان خۆیانن، فەلەستینییەکان خاوەنی ئەسپەکەن و



بۆیان نیە لێیبخورن، هەتا کێشەی فەلەستین بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر نەکرێت و فەوزاو ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا ئەمێنێتەوە، ئەگەر چارەسەر نەبێت بۆ ئەو کێشەیە ئەوا فەلەستینیەکان ناڕازی ئەبن و هێزەکانی دەرەوەش ئەم ناڕەزایەتییەی فەلەستیینییەکان بەکار ئەهێنن بۆ دروستکردنی هێز و بەرژەوەندی خۆیان.

**ئومێد قەرەداغی:**

دروستکردنی وێنەی دوژمنێکی دەرەکی بەردەوام لە لایەن هێزە داخراوەکانەوە بەکار ئەهێنرێت بۆ مانەوەی خۆیان و بۆ لێدانی هەموو بەرەو پێشچوونە دیموکراتییەکان؟

**د. یوسف سەلامە:**

بەڵێ ئەوە زۆر راستە، هێزە داخراوەکان بەردەوام دوژمن دروست دەکەن، ئەگەر دوژمنێکیش بوونی نەبێ ئەوا ئەوان هەر دروستی دەکەن، ئەو دوژمنەش ویلایەتە یەکگرتوەکانە یان ئەوروپایە یان جیهانگیرییە بە کورتی دوژمن هەر هێزێکە کە بیانەوێ بیکەن بە دوژمن، بەڵام ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە شکاندنی ئەو بنەما و بوونیادەیە کە زەمینەی بۆ درێژەپێدانی داخراوی ئەو هێزە خۆشکردوە، ئێمە نابێت لەگەڵ ئەنجامەکانی

ئەو داخرانە مامەڵە بکەین و هەوڵی چارسەری ئەو ئەنجامانە بدەین، بەڵکو چارەسەری بنەماو بوونیاد بکەین و، چارەسەری ڕیشەیی شتەکان بکەین، بەڵام چارەسەری ئەوروپی و ئەمریکی چارەسەری ئەنجامەکان دەکەن، ریشەی شتەکان لەم ناوچەیە پێش هەموو شت ریشەیەکی سیاسییە کەخۆی دەبینێتەوە لە ئارەزوومەند نەبوونی رەهەندی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین، ریشەیەکی رۆشنبیرییە کە خۆی دەبینێتەوە کە نەبوونی ئاستی گونجاو لە خوێندن و رۆشنبیری و فێرکردن و ئازادی و کرانەوەو پەیوەندی لە نێوان ئێمە و جیهانی دەرەوەدا، واتە سەرکوتکاری لە ناوەو و ئارەزوومەندنەبوونی دنیای دەرەوە و نێودەوڵەتی لە چارەسەری فەلەستیندا لەئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش وایکردوە کە کێشەی فەلەستین ببێت بە یارییەکی یاریکەرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.



# عەلمانییەت و ئایین

**ئومێد قەرەداغی:**

هەمیشە باسکردن لە عەلمانییەت باسکردن لە ئایین بە دوای خۆیدا دەهێنێت، پرسیاری گرنگ ئەمەیە ئایا ئەشێت ئایین تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی عەلمانییەت، یان ئەکرێت بگونجێت و تەبا بێت لەگەڵ نوێگەریدا؟

**د. یوسف سەلامە:**

ئەم پرسیارە ئەکرێت بەم شێوەیەش سیاغەی بکەین، ئایا ئەتوانین لیبراڵیزەی ئیسلام بکەین و ئیسلامێکی لیبراڵیزەکراومان دەست بکەوێت، ئەگەر وەڵام بە بەڵێ بدەین ئەوا ئەمانەوێ لە هەردوو کێڵگەی سیاسی و ئایینی دەرچین و بگەینە ئەو پانتاییەی کە جیاوازە لە هەردووکی، واتە ئەگەین بە عەلمانییەت، زۆربەی زانایانی ئیسلام لەو باوەڕەدان کە ئیسلام ئایین و دەوڵەتە، ئایین و دنیایە، سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئیسلام ئایین و دەوڵەتە خوێندنەوەیەکە لەو خوێندنەوانەی بۆ ئیسلام ئەکرێ، ئیسلام تەنها یەك تێز و بیروڕا نییە بەڵکو

ئیسلام دەقێکی تەئویلکراوە، ئیسلامی شیعی و سوونی و ڕێبازگەی دیکە هەیە، بەمەش ئەکەوێنە بەردەم کۆمەڵێك تەئویلی و تێگەیشتنی جیاواز بۆ ئیسلام و هەر تەئویلێکیش ڕەنگدانەوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سەردەمێکە، ئەگەر تەئویلێکی نوێی و ڕۆشنگەرانە بۆ ئیسلام بخرێتەڕوو ئەوا ئەکرێت ئیسلام بگونجێت لەگەڵ نوێگەریدا و لیبرالیزەی ئیسلام بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەمە نەخراوەتە ڕوو، پرسیارەکە ئەمەیە کێ ئەم تەئویلە ئەخاتەڕوو؟ من دان بە کەسێکدا نانێم تەئویل بۆ دەقی ئایینی بخاتەڕوو لە دەرەوەی کێڵگەی ئایینیدا بێ، ئەگەر ئیسلام بزافێکی ریفۆرمی ئایینی تێیدا رووبدات وەك چۆن مەسیحییەتدا رویدا لەسەدەی شانزە لە لەسەردەستی کەسانی وەك مارتن لۆسەر و جۆن کالفن و چەندین ریفۆرمیستی تر، ئەمانە مێژوویان بە ئاڕاستەیەکی دیکە نوسیوە، لە جیهانی ئیسلامیشیدا لە وڵاتی میسر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا ریفۆرمی ئایینی لەسەر دەستی کەسانی وەك محمد عەبدە هاتە ئاراوە، دوای مردنی محمد عەبدە هەمان ڕەوت لەسەر دەستی کەسانی وەك علی عبدلرزاق و تەها حوسین بەردەوام بوو، بەڵام ئەم ڕەوتی ریفۆرمخوازی و نوێگەری ئایینییە هەتا سەر بەردەوام نەبوو، بە پێچەوانەوە ڕەوتێکی سەلەفی توند سەریهەڵدا، بە توانایەکی



بەهێزو گەورەوە سەریهەڵدا کە دواتر لە گروپێکی وەك ئیخوان موسلمیندا خۆیان بەرجەستە کرد، کە دواتر ئەمانە بە هێزێکی گەورەو و بەرفراوانەوە و بە تەفسیرێکی سەلەفی تەقلیدییەوە دەرکەوتن کە دەرکەوتنی ئەم هێزە سەلەفییەدەرکەوتنێکی زۆر بەهێزتر و گەورەتر بوو لەوەی محمد عەبدە و هاوڕێکانی، لێرەدا پێت ئەڵێم ئەگەر بمانەوێ جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان ئیسلام و نوێگەریدا دروست بکەین دەبێت تەئویلێکی نوێ بۆ ئیسلام بخەینەڕوو کە هەردوو کێڵگەی ئایینی و سیاسی لە یەك جیا بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕوونەدا یان ئیسلام لە وێنەی ئێستایدا کە ئیسلامی سوونی و شیعەیە مایەوە ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناگونجێت لەگەڵ نوێگەری و عەلمانییەتدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

لە پرۆسەی چاکسازی ئایینییدا تۆ لەگەڵ تەئویلی دەقی ئایینیدای کە کەسانی وەك دکتۆر محمد شەحرور و محمد عەبدەو کەسانی تر کردویانە، یان لەگەڵ ئەوەدای وەك دیاردەیەکی مێژوویی مامەڵە لەگەڵ دەق بکرێت؟

**د. یوسف سەلامە:**

من لایەنێك نیم لەو شەڕەدا، من لە دەرەوەی هەردوكیاندام و بۆ تێگەیشتن لە واقیع لە هیچ دەقێكەوە دەست پێناكەم،دەقی پیرۆز بێت یان ناپیرۆز، بەڵكو من لە مرۆڤ و واقیعەوە دەست پێئەكەم، من بەشێك نیم لەو كێشەیە كە تا هەڵوێست لە یەكێكیان وەربگرم، بە نیسبەت منەوە ئایین كەلتووره، من وا سەیری هەموو ئایین ئەكەم، سەیری هەموو ئایینەكان ئەكەم بەوەی كە كەلتووره.

**ئومێد قەرەداغی:**

كەلتووریش دیاردەیەكی مێژووییە و گوزراشت لە واقیعێكی دیاریكراو ئەكات لە دۆخێكی مێژووی دیاركراودا.

**د. یوسف سەلامە :**

مەبەستم لە كەلتووربوونی ئایین دابڕینی بەرگی پیرۆزگەراییە لە ئایین، من سەیری ئایین ئەكەم وەك رۆشنبیرییەك، ئەزمونێكی رۆشنبیریی مرۆییە و قابیلی رەخنە و پێداچوونەوەو توێژینەوەیە و قابیلی زیاد و كەمكردنە، واتە من لەدەرەوەی ئەو تەوژمە كار ئەكەم كە بەڕێزت ئاماژەت پێكرد، من ئازادم و هیچ پابەندییەكم نییە تا لەیەكێك لەو دوو



تەوژمەوە دەست پێبكەم، من هەمیشە لە واقیع و مرۆڤەوە دەست پێ ئەكەم وە لە خۆم و كۆمەڵگا و ئەو لەحزە مێژووییەوە دەست پێئەكەم كە خۆمی تیا ئەژیم.

**ئومێد قەرەداغی:**

هەندێك لە رۆشنبیرانی ئایینی پێیان وایە عەلمانییەت بەرهەمی ناكۆكی نێوان زانست و كڵێسایە لە كۆمەڵگای ئەوروپیدا بەڵام ئەم ناكۆكییە لە جیهانی ئیسلامیدا بوونی نییە، عەلمانییەت بۆ كۆمەڵی ئەوروپی پێویستە و بۆ جیهانی ئیسلامی پێویست نییە، چونكە ئەو ناكۆكییەی نێوان زانست و ئایین لە جیهانی ئیسلامیدا بوونی نەبوە؟

**د. یوسف سەلامە:**

هەمیشە ململانێ لە نێوان زانست و ئاییندا هەبووە لە جیهانی ئیسلامیدا، لە دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسییەوە تا ئەمڕۆ، هەمیشە گفتوگۆ دەربارەی ماف و سروشتی عەقڵ لە بیركردنەوەدا هەبوە، گفتوگۆ دەربارەی رۆڵ و كارایی عەقڵ هەبوە، هەمیشە پیاوانی ئایینی هەوڵیانداوە بواری ئازادی عەقڵ تەسك بكەنەوە، كارایی عەقڵ كەم بكەنەوەو بیكەنە پاشكۆی دەق، ئەم ململانێیە هەتا ئێستاش بە توندی لە نێوانماندا

ئامادەیە، وە ئێستاش پێوەی گرفتارین، کەسانی وەك جاحز و چەندانی تر لە مێژووی ئێمەدا گیانیان بەخشیوە لە پێناو هەڵوێستە عەقڵانییەکانیاندا، دیارە لێرەدا زانست بە مانا فروانەکەی وەرئەگرین، پێویستە زانست بە مانای عەقڵ وەربگرین نەك بە تەنها بە مانای توێژینەوەی پراکتیکی، کە ئەو توێژینەوەیە تەنها بەشێکە لە بەشەکانی زانست، وە تا ئێستاش ئەو ململانێیە بوونی هەیە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە بوونی ژمارەیەك زۆر کتێبی پووچ و بێ بەهایە کە باس لە تەئویلی زانستی یان تەفسیری زانستییە بۆ قورئان، ئەو کتێبانەی لە بارەی تەفسیری زانستی قورئانەوە نوسراون هەموو فیزیای سەدەی نۆزدە و هاوچەرخ و هەموو پێشکەوتنە بایەلۆژییەکانی رۆژئاوایی ئەگرێتەوە و هەوڵئەدرێ هەموو بخرێتە خزمەت مەرامێکی ئایدۆلۆژییەوە.

تەفسیری زانستی بۆ قورئان بەرگریکردنی خودی ئایینە لەخۆی بەرانبەر زانست و پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی، محاوەلەیەکە بۆ گەمارۆدانی زانست، محاوەلەیەکە بۆ بچووككردنەوەی زانست و نیشاندانی وەك دیاردەیەکی پاشکۆ هەموو ئەوەی زانست دەیڵێ لە نێو دەقی ئایینیدا بوونی هەیە، ئەمەش ناکۆکییەکی توندە لە نێوان ئایین و زانستدا.



**ئومێد قەرەداغی:**

دکتۆر ئایا ئەتوانین بڵێین ئەو ناکۆکییەی لە نێوان زانست و ئاییندا هەیە لە دنیای ئێمەدا درێژکراوەیەکی سروشتی ناکۆکییەکی مێژوویی قووڵترە بە نموونە ئەو ناکۆکییەی لە نیوان عەلی عەبدوالرەزاق و ئەزهەردا و ئەو ململانێی نێوان سەلامە موسی و سەید قوتبدا هەبوە؟

**د. یوسف سەلامە:**

بەڵێ درێژکراوەیەکی سروشتی ئەو ناکۆکییەیە، بەڵام لیبراڵیزم لە میسردا کۆنترە لە عەلی عەبدولرەزاق و کۆنترە لە تەها حوسین، بەڵکو لیبراڵیزم لە میسردا ئەگەرێتەروە بۆ خدێوی ئیسماعیل، کە رۆشنبیرێکی ئەوروپی بوو، ئەزموونی سیاسی ئەوروپی هێنایە ناو میسرییەکانەوە، هەوڵیدا دەزگاو ناوەندی مۆدێرن و رۆژئاوایی لە میسردا بوونیاد بنێت، بۆیە لیبراڵیزم لە میسردا ریشەیەکی کۆنتری هەیە لە عەلی عەبدولرەزاق و تەها حوسین و سەلامە موسا، بەڵام گرنگی عەلی عەبدولرەزاق لەوەدا بوو کە دەنگێکی بەهێزبوو لەو دەنگانەی کە لە دوای سەعد زەغلول هاتن، کە بێگومان سەعد زەغلول لیبراڵیستێکی گرنگ بوو، ئەم ناکۆکییە مێژووییە بەردەوام بوونی هەبوە، بە پێی سەردەمە جیاوازەکان ئەو ململانێییە لە فۆرمی جیاوازدا خۆی

نیشانداوە، ململانێی لە نێوان فوقەها و فەیلەسوفاندا، لە نێوان موتەکەلیمە ئازادیخوازەکان و موتەکەلیمە محافزکارەکان هەبوە، هەمیشە عەقڵ هەستاوە بە رۆڵێکی لیبراڵیانە و دەقیش رۆڵێکی محافزکارانەی گێڕاوە، ئەم ململانێیەش لە ژیانی رۆشنبیری و فیکری دەوڵەتی ئەمەوییەوە دەستپێدەکات هەتا ئەگاتە مەغریب و ئەویش بە هەمان حاڵەتی ململانێی تێپەریوە، بەڵام ئەشتوانین بڵێین بەشێك لەو ململانێی بوونی هەیە درێژکراوەی ململانێی نێوان سەلامە موساو سەید قوتبە، بەڵام دەبێت بۆ هەر ململانێیەك قۆناغە مێژووییەکەی لەبەرچاو بگرین و بە وردی بیخوێنینەوە، تایبەتمەندییەکانی بخوێنینەوە، بۆ نموونە بیرکردنەوەو خواستەکانی سەلامە موسا جیاوازە لە خواستەکانی محمد عەبدە، خواست و بیرکردنەوەی عەلی عەبدولڕەزاق جیاوازە لە خواستی شیخ حەسەن عەتار.



# کورد و کرانەوەی رۆشنبیریی عەرەبی

**ئومێد قەرەداغی:**

دەمەوێ پرسیار بکەم سەبارەت بە کرانەوەی خود بەڕووی ئەویدیدا، کرانەوەی خود مەرجی هەرە گرنگە بۆ رزگاربوونی خود لە وەهمەکانی ئایدۆلۆژیا و ئایینی و خێڵەکی، ئایا لە گەڵمایت ئەگەر بڵێم رۆشنبیری عەرەبی پێویستی بە کرانەوە هەیە بەڕووی کەمە نەتەوەکان و رۆشنبیرییەکانی دیکە لە ناوچەکەدا ؟

**د.یوسف سەلامە:**

بەڵێ رۆشنبیری عەرەبی پێویستی بە کرانەوە هەیە، هەموو رۆشنبیرییەکانی ناوچەکەش پێویستیان بە کرانەوە هەیە، رۆشنبیری عەرەبی پێویستی بە کرانەوە هەیە بەڕووی رۆشنبیرییەکانی دیکەدا، رۆشنبیرییەکانی دیکەش لەوانە رۆشنبیریی کوردیش پێویستی بە کرانەوە هەیە بەڕووی

رۆشنبیری عەرەبی و ئەوانی دیکەشدا، داخرانی دوو لایەنە هۆکاری کارەساتە بۆ هەردوولا، هەر توندڕەوییەکی نەتەوەیی کوردی بی یان عەرەبی بە گەورەترین زیان ئەگەڕێتەوە بۆ هەموو لایەك من باوەڕم وایە ئێستا ئێمە لە داخرانێکی دولایەنیدا ئەژین، داخران لەسەر ئاستی نەتەوەیی ولەسەر ئاستی تایەفی و ئایینی، ئێمەی خەڵکانی ئەم ناوچەیە یەکتر ناناسین، هەر یەکێکیان بە جەهلێکی تایبەت بە خۆی وێنەی ئەویدی ئەکێشێت، وە وێنەی ئەویدی لەسەر بناغەی واقیع و هەقیقەت ناکێشێت ئەمەش هۆکاری بنەڕەتی داخرانە بە رووی ئەویدیدا، هۆکاری نەبوونی متمانەیە بە خۆ و متمانە بە ئەویدی، بۆچی هەتا ئێستا وێنەی کورد بە شێواوی ئەکێشرێت، یان بۆچی وێنەی ئەویدی بە شێوای دەکێشرێت، سونی وێنەی شیعە ئەکێشی یان شیعە هی سونە ئەکێشێت بە شێوەیەکی زاتی و بە پێوەرە زاتییەکانی خۆی نەك لەسەر بنچینەی واقیع و بە پێی پێوەرە واقیعییەکان، وە لەسەر بنچینەی ئەو وێنەیەش مامەڵە لەگەڵ ئەویدیدا ئەکات حوکمی بەسەردا ئەدا، ئەمەش هۆکاری داخرانە، بۆیە هەموان لەم ناوچەیە پێویستیان بە کرانەوە هەیە بەڕووی ئەویدا بۆ رزگاربوون لەوەهمەکان، ئەم ناوچەیە بەو ئیعتیبارەی جێگەی بەرژەوەندی هێزە گەورەکانی جیهانە زیاتر پێویستمان بەوەیە هاوپشتی یەك بین لە پێناو



بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان هەموو لایەك و هەموو رۆشنبیرییەکاندا، چونکە ئێمە دراوسێی یەکدین و دەتوانین باشتر بەرژەوەندی هاوبەش دروست بکەین و نفوزی دەرەوەی کەمبکەینەوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

لەسەرە رێگای ئەو کرانەوەیەدا چۆن ئەتوانین بڵێین دیالۆگی کوردی عەرەبی دیالۆگێکی هاوتا و مەعقول ئەبێ لە نێوان هەردولادا ؟ بەڕای تۆ کامانەن مەرجە سیاسیی و مەعریفییەکانی بوونیادنانی دیالۆگێکی لەو شێوەیە؟

**د. یوسف سەلامە:**

من لەژیانمدا هەمیشە وتوومە ئەبێ کورد و عەرەب لە دیالۆگی بەردەمدا بن، پێویستە بکرێنەوەو ئەو ئازایەتییەیان هەبێت دان بە بوونی یەکدیدا بنێن، گرفتی ئێمە ئەوەیە ئێمە ئەو ئازایەتییەمان نییە بۆ داننان بە یەکدیدا، ئێستا کوردستان قەوارەیەکی سەربەخۆیە و شوناسی خۆی هەیە، عیراق وڵاتێکی فرە تایفەیە و فرە نەتەوەیە، رەنگە لە عیراقدا تا رادەیەك توڕەیی هەبێت بەرانبەر بەو سەربەخۆ خودییەی لە کوردستانی عیراقدا بەدیهاتوە ئەمە بە مەرجێك ئەو سەربەخۆ خودییە

نەبوە بە مەترسییەك بۆ سەر عیراق، بە بۆچوونی من ئەوەی کوردەکان ئەیانەوێت لە ژیانێکی شەرەفمەندانە و سەربەرزانە و ماڤی گوزراشتی رۆشنبیری و نەتەوەیی خۆیان و هەستکردنیان بە هاوولاتی بوون و ئازادبوون بەدیهێنانی هەموو ئەمانە ماڤی خۆیانە و ئەوان موحتاجی ئێمە نین بۆ بەدیهێنانی ئەوانە، بەڵکو عەرەبیش موحتاجی ماڤی هاوولاتی بوون و ژیانێکی ئازاد و شەرەفمەندانەیە، بەرلە 15 ساڵ لەمەوبەر سەبارەت بە دیالۆگی کوردی عەرەبی و ماڤی سیاسی کورد پرسیاریان لێکردم منیش پێم وتن ئەگەر ماڤی سیاسی بۆ عەرەب هەبێ دەبێت بۆ کوردیش هەبێت، بۆ دروستبوونی ئەم کرانەوەیش رەنگە زەمەنێکی زۆمان پێویست بێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

بێگومان کورد یەکێکە لە نزیکترین نەتەوەکان بۆ عەرەب، هەم لەڕووی رۆشنبیریی و مێژووییەوە و هەم لەڕووی سیاسییەوە، بەڕای تۆ رۆشنبیری نەتەوەیی عەرەبی رۆشنبیرییەکی دادپەروەرە سەبارەت بە کورد و مافەکانی؟



**د. یوسف سەلامە:**

رۆشنبیری عەرەبی لە جۆرە توندڕەوەکەیدا نەخێر دادپەروەر نەبووە، بەڵام دەبێت جیاکاری بکەین لە نێوان نەتەوەییە عەرەبە ستەمکارەکان و نەتەوەییە عەرەبەکان کە شان بەشانی کوردەکان دژی ستەمکاری خەباتیان کردوە، واتە سەرکوتکاری هەندێك لەعەرەبەکان بەتەنها دژی کوردەکان نەبوە بەڵکو دژی عەرەبیش بوە و رووبەڕووی عەرەبەکانیش بوە، بۆ نموونە لە عێراقدا ئەوانەی باجی سیستمی دیکتاتۆری سەرکوتکارییاندا بە تەنها کوردەکان نەبوون بەڵکو عەرەبەکانیش بوون ، کەواتە هەموو رۆشنبیری نەتەوەیی عەرەبی وەك یەك نین و ئەبیت ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی تر بکرێ.

**ئومێد قەرەداغی:**

لێرەدا مەبەستم ئەو رۆشنبیرییەیە کە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی دامەزراوە و لەسەر بناغەی رەگەزی نەتەوە بیر دەکاتەوەو و تەفسیر دەکات؟

**د. یوسف سەلامە:**

من ئەزانم کە کوردستان سەربەخۆییەکی خودی هەیە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، زمانی کوردی بە تەواوی بەکار هاتوەو

كورد بەهرەمەند بوە لە مافە كلتورييەكانی، وە ئەمەش ئەنجامی ئەوە نەبوە کە سەدام باوەڕی بە عەلمانییەت و مافی ئەویدی هەبێت، بەڵکو هۆی ئەوە بوە سەدام لاواز و بێدەسەڵات بوەو، کورد لە ئەنجامی لاوازی دەسەڵاتی ناوەندە کە عەرەبێکی سەرکوتکاری باڵادەست بوو مافی خۆی بەدەست هێنا، بەڵام عەرەبی سەرکوتکار تەنها بۆ کورد سەرکوتکار نەبوە بەڵکو عەرەب و هەموو نەتەوەو تایفەکانی دیکەش هەر سەرکوتکەر بوە، رۆشنبیریی سەرکوتکاری عەرەبی وەك چۆن ستەمی لە کورد کردوە بە هەمان شێوەش ستەمی لە عەرەب کردوەو عەرەبیش وەك کورد بوون بە قوربانی، ئامادەشن ستەم لە هەموو مرۆڤێك بکەن بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و شوناس، سەرکوتکاری کێشەیەکی نەتەوەیی نییە، چونکە هەموو شتێك لەناو ئەبات کە دژی بێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئێمە گەلانی ئەم ناوچەیەین مەحکومین بە پێکەوە ژیان لەچوارچێوەی جوگرافی ئەم ناوچەیە، تۆ ئایندەی پێکەوەژیان لەم ناوچەیەدا چۆن دەبینیت؟



**د. یوسف سەلامە:**

من گەشبین نیم، لەگەڵ ئەوەشدا هیوای پێکەوەژیانێکی راستەقینە ئەخوازم، هیواخوازم ئاشتی ئەم ناوچەیە بگرێتەوە و هەموو پێکهاتەکان بەڕووی یەکدیدا بکرێنەوە، بەڵام بەدیهێنانی ئەم خواست و خەونە شتێکی قورسە، چونکە خواستی عەقڵ و عەقڵانیەت لای هەموو لایەك لاوازە، عەقڵ و عەقڵانیەت ئەتوانێت بگاتە چارەسەری گونجاو بۆ بەدیهێنانی پێکەوە ژیان، لاوازی عەقڵ و عەقڵانیەت وا ئەکات پێکەوەژیان کەم دروست بێت، ئەمە جگە لەوەی هەندێك لایەن ملکەچی خواستی پێویست یان لانیکەمی پێکەوەژیان نابێت، هەر لایەنێك لە زەمەنی ئێستا ئەیانەوێ چنگیان لە لایەنی زۆری بەرژوەندییەکانیان گیر بێت، بەڵام من پێموایە بارودۆخ نەگونجاوە بۆ گەیشتن بە لانیکەمیش، مادەم هەموو لایەك دەنگی عەقڵ و عەقڵانیەت نەبیستن ئەوا ئایندەی پێکەوەژیان باش نابێت و جەنگێکی ئەهلی بێکوتایی روو ئەدات، سەرەنجامیش هەموو لایەك زەرەرمەند ئەبن، ئەمە ئەگەری ئەوە دروست ئەکات فەوزا و گرفتی جۆراوجۆر دروست بێت، ئەوەش هۆکارێکی بەهێزی دروستبوونی سەرکوتکارییە، هەموو سەرکوتکارییەکیش بنەمای سیاسی و کەلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، ئەگەر کۆك بین لەسەر دروست کردنی ژیانی دیموکراتی و کۆتایی

پێهێنانی ستەمکاری و داخلکردنی عەلمانییەت بۆناو ژیانی سیاسیمان و قەناعەت بکەین بە لانیکەمی خواستە سیاسی و کەلتووری و ئابوورییەکانمان ئەوا لەم کاتەدا ئەتوانین باس لە پێکەوەژیان بکەین لەم ناوچەیەدا، بەڵام من ئەبیم هەموو لایەنەکان هەموو شتێکیان ئەوێ و هەموو لێکدانەوەی هەڵەیان هەیە، ئەیانەوێ لانی زۆرینە لە مافەکانیان بەدەست بێنن ئەمەش زەمینەی پێکەوەژیان لاواز ئەکات.

**ئومێد قەرەداغی:**

**ئێمە لە سەردەمی جیهانگیریدا ئەژین، وە جیهانگیری کاریگەری لەسەر زۆربەی لایەنەکان هەیە، بەرای تۆ کاریگەری هەیە لەسەر ناسنامەی گەلانی ئەم ناوچەیە و دیموکراتیزەکردن و عەلمەنکردنی ئەم کۆمەڵگایانە؟**

**د. یوسف سەلامە:**

کاریگەرییەکەی زۆر لاوازە چونکە ئێمە لە بوونیادێکی رۆشنبیری داخراوی کەڵەکەبووی تەقلیدیدا ئەژین، ئەم بوونیادە رۆشنبیرییە یاخییە لە مەسەلەی دیموکراتیزەکردن و عەلمەنکردندا، عەولەمە تەنها لە ئاستی رووکەشدا کاریگەری هەیە و کەمتر لەسەر ئاستی مەسەلە جددی و قوڵەکان بوونی



هەیە، وەڵامدانەوە هەیە لە نێوان ئێمەو عەولەمەدا نەك کارلێککردن، زیاتر لای ئێمە عەولەمەی ئابووری کاریگەری هەیە و بوونی خۆی دەرخستوە، بەڵام عەولەمەی رۆشنبیری نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر هیچ شتێك دابنێ جگە لە هەندێ بەهای ئیستیهلاکی، بەڵام لەسەر ئاستی بەها جدیدیەکانی وەك دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ و دیموکراسی و عەلمانی ئەمانە کاریگەری وای نەبوە،

**تۆ ئەزانیت ئەمڕۆ ژمارەیەك لە محافزکارەکانی ناوچەکە کاریگەریەکانی عەولەمە بە داگیرکردنی رۆشنبیری ناو ئەبەن، ئەوانە دژایەتیان بۆ داگیرکردنی رۆشنبیریی ترسانیانە لە نەمانی ناسنامە و، پێیان وایە لە داگیرکردنی رۆشنبیریدا داگیرکردنی ناسنامە هەیە، من باوەڕم وایە ناسنامە بوونیادی بەهێزی ئێمەیە تا ئێستا نەلەرزاوە، لێرەوە ژمارەیەك لە نوسەران بەوەی عەولەمە کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر ناوچەکە موبالەغەی زۆر دەکەن، بەڵام لە راستیدا کاریگەری نەبووە بەتایبەت عەولەمەی رۆشنبیری و سیاسی بەڵام رەنگە زیاتر عەولەمەی ئابووری کاریگەری هەبوبێت**

# ناسنامه و تایبەتێتی مێژوویی

**ئومێد قەرەداغی:**

دکتۆر یوسف یەکێك لە گرفتە قووڵەکانی رۆشنبیری ئەم ناوچەیە بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندێتی مێژوویی بەشێوەیەکی رەها، تەسەورکردنی شوناس بەشێوەیەکی نا مێژوویی، باوەڕت وایە باوەڕ بوون بە نەتەوەی نەمر و پەیامی نەمر پێچەوانە نابێتەوە لەگەڵ چەمکی عەقلانی و رەخنەیی بۆ مێژوو؟

**د. یوسف سەلامە:**

هەموو نەتەوەیەك پەیامی نەمری هەیە، هەموو نەتەوەیەك بوونی نەتەوەیی خۆی هەیە لە مێژوودا، واتە ئەم حاڵەتە بە تەنها لای عەرەب نییە، بەڵکو لای نەتەوەکانی تریش هەیە، بەڵام مەسەلەی شوناس بە رەهایی لە مێژوودا وەهمە، مەسەلەی شوناس مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، نەتەوەی زیندوو ئەو نەتەوەیەیە کە بەردەوام ناسنامەی خۆی نوێدەکاتەوەو گەشەی پێ ئەدات، بەڵام ئەو گەلەی بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵ پارێزگاری لە



یەك ناسنامەی خۆی بکات ئەو گەلێکی مردوە، من دژی سەقامگیری و نەگۆڕی ناسنامەم، من دژی داخران و مانەوەی ناسنامەم، بە پێچەوانەوە من لەگەڵ کرانەوەو گەشەپێدان و گۆڕینی ناسنامەم لەگەڵ نوێکردنەوەی بەردەوامی ناسنامەم.

چەمکی ناسنامە پێویستە بەوردی رۆڵ و کاریگەری و مانای دیاری بکرێت و لە شوێنی خۆیدا دابنرێ بە بێ موبالەغە وەك چۆن نەتەوەییەکان بە هەموو ئاڕاستەکانیانەوە موبالەغەی گەورە بە مەسەلەی ناسنامەوە دەکەن، چ نەتەوەییە کوردەکان و چ نەتەوەییە عەرەبەکان و چ نەتەوەییە تورکمانەکان، ئێمە پێویستمان بەوەیە بیر لە ناسنامەیەکی کراوە بکەینەوە بۆ هەمووان، بگرە پێویستە بیر لە ناسنامەکان بکەینەوە و دانیان پێدا بنێین، ئەمەش وەڵامدانەوەیە بە بەرژەوەندی هەموومان و بە پەرەسەندنی مێژوویش لە هەمانکاتدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

دکتۆر یوسف تۆ وەك بیرمەندێکی عەرەبی چۆن ئەڕوانیتە هەوڵ و خوێندنەوەی رۆشنبیری عەرەبی بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە تێڕوانینە ئایدۆلۆژییەکان سەبارەت بە مەسەلەی شوناس و گەشەپێدانی مێژوویی؟

**د. یوسف سەلامە:**

ئەو بانگەشانەی ئەیانەوێ پێداچوونەوە بکەن بانگەشەیەکی بەهێزن و یەکێکن لە گرنگترین رەنگدانەوەکانی عەقلانیەت و عەلمانییەت لە جیهان و رۆشنبیریی عەرەبیدا، بەلگەی بەهێزی رۆڵی عەلمانییەتە لە پێداچوونەوە بە هەر شتێکی داخرا و نەگۆڕ و گومان هەڵنەگردا، ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیدا ناسنامەی ئەمازیغی هەیە، من ئامادە نیم ئەم ناسنامەیە فەرامۆش بکەم، ئامادە نیم سەرکوتی بکەم، بۆیە پرۆسەی پێداچونەوە پرۆسەیەکی تەندروست و گرنگ و پێویستییەکی مێژووییە، وە پرۆسەیەکی بنەڕەتی و ستراتیژییە بۆ مەسەلەی گەشەپێدان و پێشکەوتنی گرنگ لەم ناوچەیەدا، هەتا ئەو پرۆسەی پێداچوونەوەیە کامڵ نەبێ دان بە گرنگی و پێویستی کرانەوەدا نەنێین و رابردوو نەکەین بە بەشێکی لاوەکی لە ژیانمان ئەوا هەمیشە دیلی رابردوو ئەبین و ناتوانین پێشبکەوین و بەرەو داهاتوو بڕۆین، بە بۆچوونی من گرنگی پێداچوونەوە و رەخنەگرتن بەتەنها رەخنە نییە لە رابردوو، بەڵکو گرنگییەکەی زیاتر بەرگریکردنە لە داهاتوو، پرۆژەیەکی ئاییندەییە کە ئەکرێ پرۆژەیەکی ژیاری گەورە بێت، پێداچوونەوە بەم مانایە مانای دەبێت و گرنگی دەبێت، بەلام



ئەگینا تەنها بە مانای رەخنەگرتنی رابردوو بێت ئەوا وێنەیەك بۆ ئێستا و داهاتوو بەرهەمنەهێنێت ئەوا گرنگی و سودێکی راستەقینەی نابێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

دواپرسیار، چۆن ئەتوانین ناسنامە نوێ بکەینەوە و لە چ هەلومەرجێکی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیدا ئەگەری نوێکردنەوەی ناسنامە هەیە؟

**د. یوسف سەلامە:**

وەسفێکی ئامادەکراو بۆ نوێکردنەوەی ناسنامە لە ئارادا نییە، میکانیزمێکی دیاریکراو لە ئارادا نییە لە بارودۆخ و ژیانێکی گەلێکی دیاریکراودا، ناسنامە نوێ ئەبێتەوە ئەگەر تەحەدییەکان یان بەرەنگاربوونەوەکانمان بۆ روداوەکان و دیاردەکان بگۆڕین ئەوا ناسنامەش ئەگۆڕێن و نوێ ئەبنەوە، لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵئەدات ئایا لێرەدا تەحەدی و بەرەنگاربوونەوەی نوێ لە ئارادا هەیە کە ناسنامە نوێ بکاتەوە، ئەگەر وەلامەکە بە بەڵێ بێ ئەوا نیشانەی ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا نوێبوونەوەو کرانەوەو فراوان بوون لە ناسنامەدا روو بدات، لە

داهاتووی نزیك یان مامناوەندا و ناسنامەی نوێ دێتـە ئـاراوە و، ئەگـەر تەحەدییـەکان بەشـێوەی رابـردوو بێـت ئـەوا هـەمان ناسنامە بەردەوام دەبێت و داخران و دۆگمای زیاتر لە ناسـنامەدا دێتە ئاراوە.

# عەلمانییەت
# لە روانگەیەکی دیکەوە

## گفتوگۆ لەگەڵ رۆشنبیر حەسەن کامیل



### حەسەن کامیل

- لە ساڵی 1959 لە قامیشلۆ لە دایك بوە
- هەلگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری زانستە سیاسییەکان و کاندیدی دکتۆرایە لە بواری سیستمی دەوڵەتدا
- خاوەنی کتێبێکە بە ناوی( عەلمانییەت و دەوڵەت، خوێندنەوەیەکی سیاسیانە)
- بەشداری گرنگی لە ژیانی رۆشنبیریی کوردی و عەرەبیدا هەیە

# پێناسی عەلمانییەت

**ئومێد قەرەداغی:**

سەرەتا بە چەمکی عەلمانییەت دەست پێ ئەکەین، بێگومان گفتوگۆ و جەدەلێکی بەرفراوان دەربارەی عەلمانییەت لە ئارادایە و پێگەو کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەی و ئابووری و کەلتووری بابەتی گفتوگۆی فراوانە، هاوڕاییەك سەبارەت بەم بابەتە لە ئارادا نییە، بەرای تۆ عەلمانییەت چییە؟

حەسەن کامیل:

دەبێت سەرەتا ئەوە بڵێم کە لەدنیای رۆژهەڵاتدا مەرامی زۆرێك لە چەمکەکان رووبەڕووی شێواندن بۆتەوە، لەوانەش عەلمانییەت رووبەڕووی شێواندن بۆتەوە، ئەم شێواندنەش لەلایەن دوو کایەی رۆشنبیری ناتەبا و دژ بەیەکەوە بەڕێوە چووە، یەکەمیان بریتییە لە رۆشنبیری باڵادەست و سەپاو بەسەر دنیا ئێمە کە دژی عەلمانییەتە، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی سادە، عەلمانییەت وەك پێویستییەکی ژیانی سەریهەڵداوە، ئەم تێزەش



لە ئەنجامی ئەزموونی گەلانەوە خۆی سەپاندوە، ئەمەش بە چاوپۆشین لەوە کە عەلمانییەت رەهەندێکی زانستی هەیە و خاوەن شوناسێکی گەردوونییە، عەلمانییەت لە ئەنجامی گەشەی سیستمی سەرمایەداری و پێویستییەکانی ئەو گەشەکردنە هاتە ئاراوە، ئەمەش لە رەهەندە زانستییەکەیەوە عەلمانییەتی کرد بەپێویستییەك، دەسکەوتەکانی سەرمایەداری پێویستی بە شتێکی گرنگ هەبوو ئەویش زیادکردنی بەرهەمهێنان و خستنەبازاڕ و فراوانکردنی، لە هەمانکاتدا پێویستییەکانی گەشەکردنی سەرمایە و بەرهەمهێنان بوو بەهۆی سەپاندنی سیاقاتی زانستی و توێژینەوەی زانستی لە هەموو بوارەکاندا دەستی پێکرد .

پێش دەرکەوتنی سیستمی سەرمایەداری کاری جووتیاری و پیشەگەری و بەرهەمهێنانی بچووك هەبوون، بەڵام لە دوای دەرکەوتنی سەرمایەداری بەو شێوەیە نەمایەوە، زانست و عەقلانیەت وەك بەشێك لەجووڵە و چالاکی سەرمایە هاتە ئاراوە، زانست و عەقلانیەت بوو بە بەشێك لە پێکهاتەی زانست، سروشتی پەرەسەندنی سەرمایەداری ئەوەیدەخواست کە بایەخێکی زیاتر بدرێ بە گەشەپێدانی عەقڵی سەرمایەداری، ئەم عەقلانیەتەش سیستم و بەها و کەرەستە و چەمکەکانی خۆی ئەسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگادا، ئەمەش شتێکی گرنگی دروستکرد لە بیروباوەڕ و بەها و رۆشنبیریدا لە کۆمەڵگادا، ئەم بەها و

بیروباوەڕە نوێیانە بوو بەهۆی هێنانەئارا و سەقامگیربوونی کۆمەڵێك دەستوور و پرەنسیپی سیاسی و یاسایی، ئەمەش ئەوەی سەپاند بەسەر دەوڵەتدا کە کار بکات بۆ پێویستییە مادییەکانی دنیا، یان کار بکات بۆ ئەو شتەی کە ناو ئەنرێت بە دنیاگەری، ئەم پرۆسەی بە دنیایکردنەی دەوڵەتیش کۆمەڵێ چەمکی گرنگی دامەزراند لەوانە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە چەمکە روحیی و میتافیزیکییەکان، ئەم جیاکردنەوەیەی ئایین و دەوڵەت لە هەندێك شوێنی دنیادا و بەتایبەت لە جیهانی رۆژهەڵاتدا وایکردوە عەلمانییەت توشی شێواندنی گەورە ببێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی رۆشنبیری گەلێك ناوەندی ئێمە رۆشنبیرییەکی ئایینییە، کە ئەمە رۆشنبیرییەکە وا خۆی نیشاندەدا کە لەگەڵ ئەو جووداکردنەوەیەدا تەبا نییە و ئایین لە یەککاتدا روحانییەت و دەوڵەتە، دەوڵەتی ئیسلامی بوونی هەیە و خاوەن تایبتمەندی ئایینی خۆیەتی، ئەم بیرۆکەیە هەرگیز تەبا نییە لەگەڵ بیرۆکەی بێلایەنی و دنیاگەری دەوڵەت و جیاکردنەوەی دەوڵەت لە رەهەندە روحانی و میتافیزیکییەکان، کەواتە ناتەباییەکی تەواو هەیە لەگەڵ بنەڕەتی تیۆری سیکۆلاریزم کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت.



**ئومێد قەرەداغی:**

کەواتە بەڕێز حەسەن کامیل بە پێی ئەو بۆچونەی بەڕێزت بۆ عەلمانییەت تەرحتکرد من ئەپرسم چۆن ئەتوانین بگوازرێینەوە بۆ عەلمانییەت، ئەگەرەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە تا کوێن و تا چەندێك بەهێزن؟ بەتایبەت ئێمە ئینتیمامان بۆ ئەو کۆمەڵگایانە هەیە کە کە لە قۆناغی پێش شۆڕشی پیشەسازی و سەرمایەداریدان، لەو کۆمەڵگایانەدا ئەژین کە پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان تیایدا باڵادەستن، ئەو کۆمەڵگایانەی کە رەهەندی نەریتی و خێڵەکی تیایدا بەهێزە، چۆن ئەتوانین بگوازرێینەوە بۆ عەلمانییەت؟

**حەسەن کامیل:**

ئەگەر بەو مەفهومە قسە لەسەر عەلمانییەت بکەین ئەوا ئەتوانین بڵێین دەوڵەت بە بێ عەلمانییەت بوونی نییە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو دەوڵەتە بە هەر بۆیاخێکی ئایدۆلۆژی بۆیاخ کرابێت، ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی بێت یان ئایینی، مادەم دەوڵەت هەبێت ئەوا مانای بوونی رەهەندی دنیایی ئەگەیەنێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

عەلمانییەت بە مانای شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بەهایی لە تەواوی كۆمەڵگادا نەك تەنها بە مانای جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت؟

**حەسەن كامیل:**

بەڵێ بێگومان بەو مانایەیە، بەڵام بەردەوام هەوڵدراوە لە دوو لایەنەوە  تومەت بخرێتە پاڵ عەلمانییەت، ئەو دوو تۆمەتەش یەكەمیان ئەوەیە دژی ئایینە و دووەمیان ئەوەیە كە دژی نەتەوایەتییە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ریشەی مەسەلەكان ئەتوانین ئەوە بڵێین ئەو دەوڵەتانەی كە عەلمانین تەنها دەوڵەتێكن كە پارێزگاری لە بەهای ئایینی دەكەن، تەنها دەوڵەتانێكیش دەرگایان كردۆتەوە بۆ گەشەكردنی نەتەوایەتی و نەڤی نەتەوایەتی ناكەن دەوڵەتی عەلمانین، با بۆ ئەمە نموونەیەكی سادە بهێنینەوە، بۆ نموونە یەكێتی ئەوروپا نزیكەی نیو سەدە لەمەوبەر لە جەنگێكی گەورەو بەرفراواندا بوو دژ بە روسیا، دژ بە ئەڵمانیای نازی لەم شەڕەدا ملیۆنەها لاشەی مرۆڤ كەوتن لە شەقامەكاندا، دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخەكە و سەقامگیربوونی دەوڵەت و جێگیركردنی پرەنسیپەكانی عەلمانییەت و ئازادی بیروباوەڕ، تێر بوونی من لە رەهەندی



نەتەوەیی و رەگەزییەوە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، وای لە نەتەوەكانی ئەوروپا كرد بچنە ناو یەكێتی ئەوروپاوە، فەرەنسا دەچێتە یەكێتی ئەوروپاوە، ئەڵمانیا مێژوویەكی خوێناوی ئەنێتەلاواوەو ئەچێتە ناو یەكێتی ئەوروپاوە، فەرەنسییەك لەگەڵ ئیسپانییەك كۆ ئەبێتەوە لە یەكێتی ئەوروپادا.

ئەوەی گرنگە لێی بدوێین ئەوەیە ناتوانین لە چەمكی دژایەتی و ناكۆكییەوە لە عەلمانییەت تێبگەین، بەڵكو پتر لە چەمكی ئازادی و پێكەوژیانەوە لە عەلمانییەت تێ ئەگەین، هەموو ئەو دەوڵەتانەی عەلمانی نیین دەوڵەتی دیكتاتورین، ئەشێت كۆمەڵگایەك هەبێت یان دەوڵەتێك هەبێت عەلمانییەتی بە مانا  لەجیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بەڵام دیموكراسیش نەبێت، وەك یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام ئەوە دەوڵەتێكی عەلمانی دانەمەزراندوە بە دینامیكیەت و زیندوێتی هزر و پرەنسیپەكانی عەلمانییەت، عەلمانییەت تەنها بە جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت نابێت، مانا سەرەتاییەكانی دەوڵەتی عەلمانی ئەوەیە كەبێلایەنی خۆی بپارێزێت، رێز لە ئازادی هاووڵاتییەكانی بگرێت، باوەڕی بە ئازادی بیروباوەڕ هەبێت، جا ئەو كەسە مسوڵمان بێت یان مەسیحی، بێ باوەڕ بێت یان باوەڕدار، مومارەسەكردنی بیروباوەڕ و سرووت مافێكی

سروشتییە، ئەو دەوڵەتەی ئەم شتانەی بەدیهێنا ئەوە دەوڵەتێکی عەلمانی  دیموکراتییە.



# عەلمانییەت و
# تایبەتێتی کەلتووری و ئایینی

**ئومێد قەرەداغی:**

بێگومان هەموو کۆمەڵگایەك تایبەتێتی ئابووری و  سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری خۆی هەیە، ئایا ئەتوانین سیستمی دیموکراسی و عەلمانی لە ژێر تیشکی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بوونیاد بنێین و، رەچاوی گرفتە تایبەتییەکانی بکەین؟ ئایا کارێکی لەم چەشنە خودی عەلمانییەت و دیموکراسی لە مانا راستەقینەکانی خاڵی ناکاتەوە؟

**حەسەن کامیل:**

کێشەیەکی گرنگ لە جیهانی رۆژهەڵات بە گشتی و جیهانی ئیسلامی بە تایبەت هەیە ئەویش ئەوەیە کە حەساسیەتێکی زۆر دەربارەی سیستمی دیموکراسی و عەلمانی هەیە، لەم بوارەشدا داهێنانی زۆر و سەرنج راکێشمان کردوە، جارێك ئەوتری

دیموکراسییەتی سوسیالیستی، جارێکی تر ئەوترێت دیموکراسییەتی مەرکەزی و هەندێکی تر باس لە دیموکراسییەتی ئیسلامی دەکەن وەك شورا و شتی هاوشێوەی، یان زاراوەی دیکەی لەم بابەتە لە سەرهەڵداندایە، ئێمە دەبێت عەلمانییەت لە نێو سیاقی نوێگەری و رۆشنگەری و چەمکەکانی خۆیدا وەربگرین ئینجا ئەتوانین باس لە رۆڵی عەلمانییەت بکەین لە بوژانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا، وە ئێمە ئەتوانین شتێکی لەو شێوەیە بۆ کۆمەڵگاکانی خۆمان بەدیبهێنین.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام کۆمەڵگاکانی ئێمە بوونیادێکی تەقلیدی و نەریتی هەیە.

**حەسەن کامیل:**

عەلمانییەت دژ بەنەریت و ئایین ناوەستێتەوە، ئەوە تەنها هەڵەیەکی باوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام ناتەبا دەبێت لەگەڵ ژمارەیەك چەمك و پرەنسیپدا لەوانە چەمکی قبوڵنەکردنی ئەویدی جیاواز و قبوڵنەکردنی دیموکراسی بە مانا فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی؟



**حەسەن کامیل:**

ئەوە گرفتە بەڵام گرفتێکە لە چۆنێتی تەفسیرکردنی دەقدا، گرفتێکە لە چۆنێتی تێگەیشتندا سەبارەت بەوەی دەق خۆی چییە؟ سنوورەکانی کامانەن ؟ چۆن بیخوێنینەوە؟ ئەگەر ئەم گرفتە چارەسەر ببێت ئەوا بێگومان ئەگەری گەشەکردنی عەلمانییەت بەهێز دەبێت، ئەگەری بوژانەوەی هزری ئایینیش زیاتر دەبێت و پێکەوە گونجان و هەڵکردن دروست دەبێت، عەلمانییەت ئایین قبوڵ ئەکات و لەناو خۆیدا جێگیری ئەکات.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا ئەگونجێت پێکەوە گونجان و هاوسەنگی لە نێوان ئایین و نوێگەری و عەلمانییەتدا دروست ببێت؟

حەسەن کامیل:

بەڵێ ئەگەر ئایین رزگار ببێت لە ئیشکالییەتی چەمکی دنیاگەری، لە حاڵەتی ئەم رزگاربوونەدا ئەوا بێگومان ئەو گونجان و هاوسەنگییە دێتە ئاراوە، ئەگەر باوەڕ بەوە هەبێت کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەك یەك دروستکراون، باوەڕ بە چەمکی هاووڵاتی بوون هەبێت، باوەڕبوون هەبێت بە شوناسی نیشتیمانی بە چاوپۆشین لە ئینتیمای نەتەوەیی و رەگەزی،

پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی ئێمەدا دوو گرفتی سەرەکییان هەیە، ئەوانیش: ئیشکالییەتی یەکەم پەیوەستە بە چەمکی بیروباوەڕەوە، وە ئیشکالییەتی دووەمیش پەیوەستە بە چەمکی هاووڵاتیبوونەوە، لە ناو بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخدا رەوتێك لە رەوتە گرنگەکان نابینین کە باوەڕیان بەوە هەبێت لە هەڵبژاردنێکدا کەسێکی نا مسوڵمان جا ئەو کەسە مەسیحی بێت یان ئیزدی یان هەر ئاینێکی دیکەی هەبێت هەڵبژێرن بۆ سەرۆکایەتی وڵات یان بۆ پۆستێکی گرنگ لە وڵاتدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕای تۆ ئایا لە وڵاتانی ئێمەدا ئیمکانی پراکتیکی عەلمانییەت هەیە بە بێ ریفۆرمێکی سەراپاگیر لە ئایین و کەلتووری ئایینی و ژیانی دامەزراوەییماندا، بە بێ پێداچوونەوە بە چەمك و پرەنسیپەکاندا؟

**حەسەن کامیل:**

ئەوەی ئێمە تا ئێستا هەمانە بریتییە لە سێبەری عەلمانییەت نەك خودی عەلمانییەت، ئێمە گرفتمان هەیە لە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی عەلمانییەت لە کۆمەڵگادا، ئێمە ئیشکالیەتێکی دوولایەنەمان هەیە، کۆمەڵێك چەمك و پرەنسیپمان هەیە و کار



دەکات کە پێچەوانەی چەمك و پرەنسیپەکانی عەلمانییەتە، ئەمەش نەك بەتەنها چەمکە ئایینییەکان بەڵکو چەمکەکانی ناسیۆنالیزم، هەروەها چەمکەکانی بیری چەپڕەوی کە ئەمە رۆشنبیرییەك بەرهەمدێنین لە زۆر باردا پێچەوانەی عەلمانییەتن، ئێمە پێویستمان بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیرییەکی نوێ هەیە کە کۆمەڵگا ئاشنا بکات بە مافەکانی، بە ئازادییەکانی، ئاشنای بکات بە عەلمانییەت و تێبگات عەلمانییەت چییە، لە زۆر شوێن وا وێنای عەلمانییەت ئەکرێ کە وا شوێنکەوتنی رۆژئاواییە، یان وەرگرتنی چەند رستەیەکە لە چەمك و بیروڕای رۆژئاوایی و دەخوازێت بە هۆیەوە هەموو رۆشنبیری و کەلتوور و نەریتی ئێمە بدرێتە دواوە.

کۆی ئەو سیستم و هزرەی لەناو ئێمەدا لە بارەی عەلمانییەتەوە هەیە شتێکی گرنگی لە یاد کردوە، ئەویش ئەوەیە سنووری جێبەجێکردنی عەلمانییەت هەمان سنووری دیاریکردنی شوناسی بێلایەنی دەوڵەتە، هەر ئەمەش ریشەی ناکۆکییەکانە کە مەسەلەی بێلایەنی دەوڵەتە، ئەو تێگەیشتنەی لە هەندێ شوێن بۆ عەلمانییەت هەیە ئەو تێگەیشتنەیە کە بۆ عەلمانییەتی سەدەی شانزە هەبوە، بەڵام ئەوە تەنها قۆناغێك بوە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی عەلمانییەت، عەلمانییەت لە گەشەکردن و فراوانبوونی ماناکانیدایە، من پێموایە گرفتی ئێمە لە

ميكانيزمەكاندايە، لەو ميكانيزمانەدايە كە بەكارى ئەهێنين بۆ جێبەجێكردنى عەلمانييەت لە كۆمەڵگادا، لەپێناو ئەم جێبەجێكردنەشدا رۆشنبيرييەكان و هێزەكانى ديكە ئەدرێنە دواوە، ئەمەش بە رەهەندە ئاينى و چەپگەرييەكەشيدا هەر راستە، كاتێك دەيانەوێ پرۆژەكەى خۆيان جێبەجێ بكەن ئەوا سەرجەم رۆسنبييرى و هێزەكانى ديكە ئەسڕنەوە، كاتێكيش ئەڵێم چەپ مەبەستم چەپ نييە لە رەهەندە ماركسييەكەيەوە بەڵكو مەبەستم چەپە بە رەهەندە ستالينيەكەى، چەپ بە مۆديلى يەكێتى سۆڤيەت، ئەو چەپە لايەنى زۆرينەى ميكانيزمەكان بۆ جێبەجێكردنى عەلمانييەت بەكار ئەهێنێت، مادەم تێكلاوى و پەيوەست بوونى تەواو لە نێوان دەسەڵات و دەوڵەت و دەوڵەت و كۆمەڵگا لەلايەكى ديكەوە نەبێت ئەوە بێگومان خەلەل لە پراكيتيكى عەلمانييەتدا هەيە، عەلمانييەت بە هەموو سيستم و موفرەدات و ميكانيزمەكانييەوە كار بۆ نەهێشتنى ئەم خەلەل و ناتەباييەى نێوان دەسەڵات و دەوڵەت، دەوڵەت و كۆمەڵگا ئەكات، گرفتى سەرەكى خۆى لە ميكانيزمەكانى جێبەجێكردنى دەستوور و پرەنسيپى عەلمانييەتدا دەبينێتەوە



**ئومێد قەرەداغى:**

لەمێژووى ئەوروپا سەرەتاكانى عەلمانييەت بە ريفۆرمى مارتن لۆسەر و جۆن كالفن، هەروەها بە پێشكەوتنى پەيوەندييەكانى بەرهەمهێنان لە كشتوكاڵييەوە بۆ پيشەسازى دەستيپێكرد، بەڵام لە كۆمەڵگاكانى ئێمەدا هيچ پرۆسەيەك ريفۆرمكردنێكى راستەقينە لە ئارادا نييە، ريفۆرمكردنى هزر و پەيوەندييە تەقليدى و خێڵەكييەكان؟

**حەسەن كاميل:**

نابێت بەو شێوەيە رەشبين بين، راستە ريفۆرمكردن بناغەيەكى گرنگى نوێگەرى و گەشەسەندنە، بەڵام كەم تا زۆر كار كراوە، زۆر هۆكار لەم سەردەمەدا هەيە كە يارمەتيدەر دەبێت بۆ پرۆسەى ريفۆرم لەوانە تەلەفزيۆن رۆڵى زۆر دەبينێت، ئينتەرنێت رۆڵێكى گرنگ دەبينێت بۆ ريفۆرم، بۆ نموونە لە شام رۆژانێك بوو لە كۆمەڵگا زۆر نەريتى تەقليدى هەبوو بەر لە پەنجا ساڵێك لەمەوبەر بەڵام ئەمڕۆ لە بازاڕەكانى شامدا هەمەرەنگييەكى بەرفراوان دەبينێت، هەمە رەنگييەك لە كەلتوور و بير و عادەتدا هەيە، ئەمەش هيماى گۆڕانە و هێماى بوونى ريفۆرمە، هەندێك شت هەيە پێويستييەكانى ژيان ئەيسەپێنێت، پێويستى ژيان دروستى ئەكات و ئەيهێنێتە ئاراوە،

وە کۆمەڵێك پرسیار بەڕووی هێزە تەقلیدییەکاندا بەرز ئەکاتەوە کە ناچاریان ئەکات بە خۆیاندا بچنەوە، بە کۆمەڵگادا بچنەوە، گۆڕان لە خۆیاندا بکەن، چونکە مومکین نییە ژیان و پێویستییەکانی بۆ دواوە بگەڕێتەوە و وەك جاران بێت، مومکین نییە مرۆڤ دەستبەرداری بەکارهێنانی تەلەفزیون و مۆبایل و ئینتەرنێت و هۆکارە هاوچەرخەکانی تر ببێت، ئەمڕۆ مۆبایل و تەلەفزیۆن و پێویستییەکانی دیکە بوون بە سیستمێك لە کەلتوور و و رۆشنبیریی، هەر یەکێك لەوانە موفرەدەیەکی نێو ئەو سیستمەیە.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە هێزە پارێزگار و تەقلیدییەکان هەموو پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و مۆدێرنە وەك مۆبایل و سەتەلایت و ئینتەرنێت بۆ بەهێزبوونی پێگەو گەشەپێدانی هزری خۆیان بەکار ئەهێنن، واتە ئەو پێشکەوتنانە تەنها بۆ گەشەی هزری لیبراڵی و دیموکراسی بەکارنایەت بەڵکو بە پێچەوانەشەوە بەکاردێ؟



**حەسەن کامیل:**

بەڵێ ئەوە بەشێکە لە کێشەکانی گەشەکردنی زانست کە کۆنترۆڵ ناکرێ و بۆ مەبەستی جیاواز ئیستغلال ئەکرێت، ئێمە کە رۆژانە دەبینین بۆمبی جیاواز و کەرەستەی تەقینەوە لە ناوچە و ناوخۆی وڵاتانیشدا دروست ئەکرێت، ئەمە بەشێکە لە ئیشکالییەتی بەکارهێنانی زانست، من بۆ ئەمە بە تەواوی لە گەڵتام، ئەوەتا ئێمە لە سەتەلایت و لە ئینتەرنێتەوە رۆژانە گوێمان لە دەنگی گرووپی توندوتیژ دەبێت، ئەمە کێشەیە، بەڵام بە باوەڕی من کێشەی گەورە بریتییە لە هێزەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەوەی گەشتونەتە چ ئاستێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری، جیاوازی ئەم پێشکەوتنەش لە نێوان سەردەمێك و سەردەمێکی دیکەدا دیاری بکرێت، ئەمەش ئەکرێت لە خوێندنەوەیەکی سۆسۆلۆژیانە بۆ کۆمەڵگادا دەستنیشان بکرێت، لەو توێژینەوە سۆسیۆلۆژییەدا رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دیاری ئەکرێت، وە ئەو پلان و هەنگاوانە دیاری ئەکرێت کە پێویستە بۆ پێشکەوتن، بوونی هێزی توندڕەو و توندوتیژ ناتوانێت کار بکاتە سەر پێشکەوتنی مێژوویی کۆمەڵگا و هێمایەك نییە بۆ پێچەوانە بوونەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا، هێما نییە بۆ بۆ دروستبوونی واقیعێکی کۆمەڵایەتی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا دروستی کردبێ، بەڵکو هێمایە بۆ

فەراغێکی سیاسی کە  ئەو هێزە تەقلیدی و توندوتیژە ئەیەوێ بە هەر شێوەیەك هەیە پڕی بکاتەوە.

سەرەتا باسی هزری ئایینیمان کرد، چ هزری ئایینی و چ هزرە تەقلیدی و توندوتیژییەکان لە نێو فەراغێکی فیکری و هۆشیاریدا بڵاوبوونەتەوە، دواتر عەقڵی فیقهی و دامەزراوەی یاسایی  دامەزراند، بەڵام پەرەسەندنی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی مێژوویی عەقڵی زانستی سەپاند، لەگەڵ دەرکەوتنی عەقڵی زانستی و بیرکردنەوەی زانستیدا ئەم تێزە پاشەکشە ئەکات سەرەرای هەموو شتێك کۆمەڵگا بەرەوپێش ئەچێت.

سەبارەت بە ریفۆرمی ئایینیش ئەوا ئەڵێین ریفۆرمی ئایینی پێویستی بە دەزگایەکی ئایینییە کە پێش هەموو شت باوەڕی بە خودی خۆی هەبێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا بەرای تۆ پێویستە ریفۆرمی ئایینی لە دەزگای ئایینییەوە ئەنجام بدرێ یان لە ناوەندێکی توێژینەوەوە کە تێیدا دەق وەك کێڵگەیەك بۆ توێژینەوە وەربگرێت و لە روانگەیەکی زانستییەوە کار بکات و گفتوگۆ و توێژینەوەی زانستی بەرهەمبهێنێت؟



**حەسەن کامیل:**

لێرەدا ئیشکالیەتێکی مێژووی هەیە سەبارەت بە چەمکی دەق، ئەگەر چەمکی دەق وەك بوونێکی دوور لە ئیجتیهاد تەماشا بکەین ئەوا هەڵەیە، گرنگ ئەوەیە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت چ لە رێگەی دامەزراوەی ئایینییەوە بێت یان لە رێگەی ناوەندی توێژینەوەوە بە ئەنجام بگات، ئەگەر چی وەك پێویست ناوەندی توێژینەوە دروست نەبوە بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها هەوڵی تاکەکەسییە وەك هەوڵەکانی کەسانی وەك نەسر حامد ئەبوزەید و کەسانی تریش.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا ئەتوانین لەبارەی هێزی عەلمانی و دیموکراتەوە بدوێین لە جیهانی ئیسلامیدا؟

**حەسەن کامیل:**

بەڵێ ئەتوانین، بەڵام بۆئەوەی قسە لەسەر بوونی هێزی عەلمانی دیموکرات بکەین دەبێت قسە لەسەر چالاکییەکانیان بکەین، باوەڕموایە هەتا ئەم لەحزەیەی قسەی تێدا ئەکەین هێزی دیموکراتی عەلمانی نابینین، لە خویندنەوەم بۆعیراقی پێش ساڵی 2003  تێبینی ئەوە ئەکەین کە هێزی دیموکراتی عەلمانی

نابینین جگە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، بەڵام لە دوای ساڵی 2003 لە عیراقدا هێزی عەلمانی و نا عەلمانی، هێزی دیموکرات و نا دیموکرات دەرکەوتن، هێزە دیموکراتەکان هەنگاوی گرنگیان ناوە و پلە و قۆناغی پێشکەوتوویان بەدەستهێناوە.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای سوریدا زەحمەتە بتوانین قسە لەسەر هێزێکی عەلمانی دیموکرات بکەین بە مانای وشە، بەڵام ئەمەش مانای وانییە کە هەر نییە، بەڵکو بوونی هەیە و لەشێوەی کەسایەتی و رەمز و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەردەکەوێت، وە ئەوە بزانین بنیسبەت کۆمەڵگاکانمانەوە زۆرێك لە چەمکەکان چەمکی نوێن، ئەم چەمکانە ساڵانێکە کەوتونەتە بەر گفتوگۆو لە رەهەندی جیاوازەوە قسەی لەسەر ئەکرێت و گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت، بانگەشەکاران و بەرگریکەران لەم تێزە بوونی هەیە، بەس لێرەدا گرفتێك بوونی هەیە ئەویش ئەوەیە ئەم رۆشنبیرییە رۆشنبیرییەکی نا رێکخراون، ریزەکانی خۆیان یەکنەخستوە، بوونێکی قبولکراو نییە و لەژێر تیشکی گفتوگۆ و توێژینەوەدایە، لە گەڕاندایە بۆ پەیداکردنی زەمینەیەکی باشتر بۆ ژیان و بوونی، بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدا بەوەی ئایا تەبایە لەگەڵ دەسەڵاتدا یان دژ و ناتەبایە، واتە ئەتوانین بڵێین بەدڵنیاییەوە هێز و رەوتی عەلمانی و



دیموکراتی بوونی هەیە، بەڵام زەمینەی پێویست بۆ دەرکەوتنی نەڕەخساوە.

پێویستە هێزی دیموکرات بە جددی کار لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بکات یەکەمیان بێلایەنی دەوڵەت بەرانبەر بە هەموو تایەفە و گرووپ و پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا، بێلایەنی و بوونی دەوڵەت بە دەزگای خزمەتکردنی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی، دوەمیشیان رێکخستنی پەیوەندی دەسەڵات بە دەوڵەتەوە لە رێگەی یاساو دەستوورەوە، ئەم ئالیەتەش دەسەڵات لێی ئەترسێت چونکە رێگری ئەکات لە کاری سەرکوتکاری دەسەڵات

حەز ئەکەم راپرسییەکەت پێ بڵێم، ئەم راپرسییە بۆ دەخستنی زۆرترین بابەت و کتێبی چاپکراوە لەنێوان ساڵانی 1999تا 2008 لەو راپرسییەدا دەبینین زۆرترین ئەو نوسراو کتێبانەی دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نوسراون لە سوریاوە بوون، لەم بوارەدا سوریا پێش لوبنانیش کەوتوە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پێشکەوتن لەم بوارەدا.

# عەلمانییەت لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا

**ئومێد قەرەداغی:**

هەندێك لە بیرمەندان بە تایبەت بیرمەندانی ئیسلامی پێیانوایە کە عەلمانییەت دیاردەیەکی رۆژئاواییە و لەگەڵ پێداویستی دنیای رۆژهەڵات و ئیسلامدا ناگونجێت، پێیان وایە بەرهەمی ململانێی نێوان زانست و کلێسایە لە ئەوروپادا، بەڵام ئەم ململانێیە لە نێوان زانست و ئایندا روینەداوە لە جیهانی ئیسلامیدا بۆیە تایبەتە بە ئەوروپا و قابیلی جێبەجێبوون نییە لە جیهانی ئیسلامیدا، تو رات چییە؟

**حەسەن کامیل:**

یەکەم عەلمانییەت بەرهەمی ململانێ نییە لەگەڵ کلێسادا، بەڵکو بەرهەمەکانی عەلمانییەت ئەو ململانێیەی دروستکرد، عەلمانییەت بەرهەمی پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگایە، مومکین نییە قسە لەسەر نوێگەری و رۆشنگەری بکەین بە بێ قسەکردن لەسەر عەلمانییەت، سیستم و بناغەی زۆربەی سیستمە



هاوچەرخەکانە، عەلمانییەت رووبەڕوو بویەوە لەگەڵ هەوڵە ستەمکارییەکانی دەسەڵاتدا نەك لەگەڵ رەهەندە روحی و ئایینییەکەی کلێسادا، ئەمەش بوو بە هۆی کرانەوە و بازدانی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بەرووی عەلمانییەتدا و لەگەڵ پراکتیك و گەشەی عەلمانییەتدا بوو بە رۆشنبیرییەکی جێی باوەڕ و گرنگ، ئەمەش لە راستیدا هەم لە بەرژەوەندنی دەسەڵات بوو و هەم لە بەرژەوەندی کلێسا، چونکە شان بەشانی بەردەوامی دەسەڵات کلێساش بەردەوام دەبێت و کەسیان دەست لە کاروباری ئەویدی وەرنادەن، ئەو گوتەیەی کە پێیوایە بەرهەمێکی رۆژئاواییە و قبوڵنەکراوە راست نییە، عەلمانییەت لەدایك بووی کۆمەڵگایە، سیستمێکە بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵگایە.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام پاساوی ئەو تێزە بریتییە لەو جیاوازییەی کە لە نێوان بوونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەیە، کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان بوونیادێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی تایبەتیان هەیە کە جیاوازە لەوەی ئەوروپا، ئەمانە جیاوازی گەورەن؟

**حەسەن کامیل:**

**با ئێمە بۆ نموونە وڵاتی هێندستان وەربگرین، دەوڵەتێکی عەلمانی دیموکراتییە، ئەوە شتێکە ئینکاری لێناکرێ، هیندستان سەرەڕای فرەیی نەتەوە و ئایین و رەگەز ئەو هاوکێشەیەی جێبەجێکردوە و دەوڵەت دەستوەرناداتە کاروباری ئایینییەوە، ئەمەش بە پێچەوانەی دەوڵەتێکی وەك تورکیاوە کە تەنانەت دەستوەرئەداتە دانانی ئیمامی مزگەوتێکەوە.**

**ئێمە کێشەی رۆشنبیریمان هەیە، ئەمە کێشەی راستەقینەی ئێمەیە، تۆ ئەچیتە ناوچەیەك دەبینین زۆر کەم ئامادەیی تێدایە بۆ قبوڵکردنی ئەویدی، بۆ وەرگرتنی چەمك و موفرەدەکانی دنیای هاوچەرخ و، بە رۆشنبیریە تایبەتەکەی خۆیەوە رووبەڕووی رۆشنبیری هاوچەرخ دەبێتەوە.**

**ئومێد قەرەداغی:**

**واتە عەلمانییەت پێویستیەکە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە فرەیی نەتەوەیی و رەگەزی و ئایینی تێدایە لە پێناو پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە و یەکتر قبوڵکردندا؟**



**حەسەن کامیل:**

**بەڵێ ئەوە راستە، جێبەجیکردنی عەلمانییەت ئەوەی لێبەرهەمدێ، ناتوانین قسە لەسەر بوونی عەلمانییەت بکەین بە بێ بێلایەنی دەوڵەت، عەلمانییەت دوورکەوتنەوەیە لە جیاکاری نێوان رەش و سپی، دوور کەوتنەوەیە لە پێوەرە مەزهەبییەکان، لە پێوەرە رەگەزییەکان، عەلمانییەت نەهێشتنی جیاکارییە نیوان زمان و نەتەوەو ئایین و رەگەزەکانە.**

**ئومێد قەرەداغی:**

**بەڵام لە هەندێ باردا جێبەجێکردنی عەلمانییەت بە پێی خواست و لێکدانەوەی دەسەڵات و دەوڵەت عەلمانییەت خاڵی ئەکاتەوە لە ناوەڕۆکە مرۆیی و زانستی و فەلسەفییەکەی؟**

**حەسەن کامیل:**

**ئەوە شتێکی مەبەستدار و ئامانجدارە، عەلمانییەت بەو جۆرە شتانە زیان ئەکات، ناتوانین قسە لەسەر عەلمانییەت بکەین بەتایبەت لە جیهانی رۆژهەڵاتدا بە بێ بەخشینی ماف و ئازادی بەئەویدی، قبوڵکردنی ئەویدی، بە هەموو سادەییەکەوە عەلمانییەت بوون و ئازادییەکانی ئایین قبوڵ ئەکات بەڵام ئایا ئایینیش عەلمانییەت قبوڵ ئەکات؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە،**

ئیشكالەكە لێرەدایە، پاشانیش ئەوە گرنگە چ میكانیزمێك بەكار ئەهێنین، چۆن تێزەكان جێبەجێ ئەكەین، واتە ئەتوانین قسە لەسەر ئەو میكانیزمانە بكەین كە مومكینە بۆ كۆمەڵگایەكی دیاریكراو، چونكە ئەوە پەیوەندیدارە بەوەی كە  لە ژێر سایەی چ سیستمێكدا عەلمانییەت جێبەجێ ئەكرێت، لە سایەی سیستمێكی دیموكرات یان سیستمێكی دیكتاتۆر و ستەمكار، یان لە سایەی دەوڵەتێكی نەتەوەیی ئان ئایینی جێبەجێ ئەكرێت، ئەمانە بابەتی گرنگی گفتوگۆكردنە.

من باوەڕموایە هەتا ئێستا پرسیاری جدی دەربارەی تایبەتمەندییەكانی عەلمانییەت نەخراوەتەڕوو، پرسیارێكی جددی سەبارەت بە میكانیزمەكانی عەلمانییەت تەنانەت لەلایەن هێزە عەلمانییەكانیشەوە نەخراوەتەڕوو.

**ئومێد قەرەداغی:**

مەرجی پێویست بۆ عەلمانییەت بریتییە لە بێلایەنی دەوڵەت و نەبوونی ئینتیما بۆ هیچ تایفە و نەتەوەو گروپێك، بەڵام هەندێك لە بیرمەندان پێیانوایە یەكێتی نەتەوەیی گرنگترە لە عەلمانییەت و دیموكراسییەت، بە مانایەكی دیكە ئەولەوییەت بۆ یەكێتی نەتەوەییە نەك بۆ دیموكراسی و ئازادییەكان؟



**حەسەن كامیل:**

ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە كە نەتەوەییەكان تەرحی دەكەن، چەمكی بیری نەتەوەیی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزە و حەڤدەی زایینی و  بەرهەمی سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەرییە، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لە ساڵی 2009 دا ئەژین، بیری نەتەوەیی بەرهەمی قۆناغێكی دیاریكراوە لە پێگەیشتن و گەشەی كۆمەڵگاكان، بەڵام مرۆڤایەتی ئەو هێڵەی پساندو لە زۆر رووەوە تەجاوزی كردوە، لە بری نەتەوەیی زیاتر باس لە تایبەتمەندییە ناوخۆییەكان ئەكرێت، چونكە پرۆژەی نەتەوەیی نەیتوانێت شتێكی راستەقینە بۆ گەلان بەدیبهێنێت، تەنانەت بۆ ئەو گەلانەی كە لە قۆناغی رزگاری نیشتیمانی یان قۆناغی پێش رزگاری نیشتیمانیشدابن .

**ئومێد قەرەداغی:**

رەنگە عیراق نموونەیەك بێت بۆ ئەمە

**حەسەن كامیل:**

مومكین نییە لەو رەهەندە نەتەوەییەوە بتوانین شتێك بەدەست بێنین، بەرای من پێویستە پێداچوونەوە بە چەمكی نەتەوایەتیدا بكرێ، خوێندنەوەیەكی تازەی بۆ بكرێت، نەتەوایەتی لە خودی خویدا وەك چەمك و سیستمی نەتەوایەتی

بەرهەمی قۆناغێکی مێژووییە و ئەو قۆناغەش تێپەڕێنرا، قۆناغی ڕێنسانس و ڕۆشنگەری تێپەڕێنرا چوێنەتە قۆناغێکی نوێوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەینێت کەمۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانا شۆفێنییەکەی کۆتایی هاتوە

**حەسەن کامیل:**

عەلمانییەت لەسەر بناغەی نەتەوایەتی دائەمەزرێت و نەتەوایەتی یەکێکە لە بنچینەکانی خودی عەلمانییەت، سیستمی نەتەوایەتی یەکێکە لە موفرەداتەکانی عەلمانییەت.



# جیهانگیری و<br>کاریگەری لەسەر عەلمانییەت

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕێزحەسەن کامیل رات چییە سەبارەت بە دیاردەی جیهانگیری، وە کاریگەرییەکانی لەسەر بەرەوپێشچوونە دیموکراتییەکان لە وڵاتدا؟ لە کۆمەڵگاکانی هاوشێوەی ئێمەدا بە شێوەیەکی گشتی؟

حەسەن کامیل:

جیهانگیری بابەتێکی گرنگی گفتوگۆ کردنە و پێشتر لەگەڵ چەند هاورێیەکمدا گفتوگۆمان لەسەر کردوە، من ئەپرسم مەبەست چییە لە جیهانگیری، جیهانگیری بەرهەمی بزووتنەوەی لیبراڵییە نوێییەکانە، ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانگیریش ڕووبەڕووبوونەوەی لیبراڵییە نوێییەکان و دڵڕەقییەکانێتی، کە لە بنەڕەتدا گەمارۆ و دڵڕەقییەکانی سیستمی سەرمایەدارییە، ئەمە بابەتێکە پێویستی بە توێژینەوەی زۆر و فراوانە.

پێویستە ئەوە بزانین ئێمە ناتوانیت لە دەرەوەی جیهانگیریدا بژین، ئێمە رۆژانە کەرەستەکانی جیهانگیری بەکار ئەهێنین، ئێمە ناتوانین بە هۆی دڵڕەقی و توندوتیژییەکانی لیبراڵییە نوێیەکانەوە دژی جیهانگیری بین، ئەشێت رەخنە لە دڵڕەقی سەرمایەداری و لیبراڵییە نوێیەکان بگرین، بەرەنگاریان ببینەوە بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ و ناتوانین رووبەرووی جیهانگیری ببینەوە، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی کە دژایەتی جیهانگیری دەکەن پێداچوونەوە بکەن بە چەمك و پێکهاتەی فیکی خۆیاندا، بە پێکهاتە و بەرهەمەکانیاندا، ئەشێت دژی جیهانگیری نەبن بەڵکو دژی ئەو شێوازە دڵڕەقانەیە بن کە لە پراکیتیکی جیهانگیریدا بەکار ئەهێنرێت، بەتایبەت ئەنجامەکانی پراکتیکی لیبراڵی نوێیەکان.

**ئومێد قەرەداغی:**

ترسی رەوتەکانی دژ بە جیهانگیری بە پلەی یەك بریتییە لە ترس لە باڵادەستی رۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بەسەر ژیان و کەلتوور و بەهای گەلانی دیکەدا، ئایا ئەوە ترسێکی راستەقینەیە یان نا؟



**حەسەن کامیل:**

بەشێك لە چەمکی رۆشنبیریی چەمکی نەتەوەیە، بەڵام بەرەو رووی ئەم چەمکەشدا پرسیار دێتە ئاراوە، من لێرەدا پرسیارێك ئەهێنمە ئاراوە، ئایا رۆشنبیریی ئێمە توانای گونجانی هەیە لەگەڵ سەردەمدا؟ کامەیە ئەو رۆشنبیرییەی کار دەکات؟ ئەو رۆشنبیرییە بەرهەمی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا و خودی کۆمەڵگا بەرهەمی هێناوە، هەموو قۆناغێکیش رۆشنبیرییەکی نوێی ئەوێ و بەرهەمی دەهێنێت، ئەو رۆشنبیرییەی ئێمە کە ئامادەیە و بەرهەمێکی مێژووییە بۆ نموونە لە ئەحمەدی خانییەوە دەست پێ ئەکات، ئایا ئەتوانێت لەگەڵ سەردەمدا بژی، ئەگەر داوا لە ئەحمەدی خانی بکەین کە بچێتە سلێمانی لەوێ لە خەڵك تێبگات ئایا ئەحمەدی خانی ئەتوانێ لە خەڵکی قامیشلی و دیاربەکر و سلێمانی تێ بگات، بۆیە ئەمە رۆشنبیرییەکە و پەیوەستە بە سەردەمی سەرهەڵدانییەوە، ، بەرگریکردن لە مانەوەی رۆشنبیریی و بەها بۆ هەموو سەردەمێك زۆرجار لە پێویستییەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە ئەگرێت جێ پێ قایمکردنی دەسەڵاتی ستەمکاری شتێکەو گەشەپێدانی رۆشنبیریی شتێکی دیکە، پێویستە رۆشنبیریی بەردەوام گەشە بکات و نوێ ببێتەوە بە پێی سەردەمەکەی و لەگەڵ کاروانی سەردەمدا بڕوات.

# جەدەلیەتی عەقڵ و شەریعەت

## گفتوگۆ لەگەڵ رۆشنبیر ئازاد قەزاز



**ئازاد قەزاز**

- **یەکێکە لە دەنگە ناسراوەکانی بواری توێژینەوە لە ئایین و هزری ئایینی لە کوردستاندا**
- **بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری ( ئایینەکان لە روانگەی زانست و فەلسەفەوەو )و ، بڕوانامەی ماستەری لە بواری (پەیوەندی عەقڵ و یەکتایی لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا) بەدەستهێناوە**
- **خاوەنی چەند کتێبێکە لەوانە( رۆحی کورد لە بن دەستی ناسیۆنالیزم، ئیسلامیزم و ماکسیزم دا) و ( سایکۆپۆلۆتیک)**

# دەق و واقیع

**ئومێد قەرەداغی:**

با سەرەتا دەربارەی پەیوەندی نێوان دەق و واقع پرسیار بکەین، ئایا دەق وەك پەیامێکی بان مێژوویی و ئیلاهی بۆ هەموو سەردەمەکان بخوێنینەوە یان وەك دەقێکی مێژوویی و بەشێك لە واقیعی نیمچە دوورگەی عەرەبی؟ ئایا دەق هەلگری کۆمەڵێك بەهای مرۆیی بان مێژووی نییە بۆ باردۆخ و زەمەنە جیاوازەکان؟

**ئازاد قەزاز:**

ئەگەر دەق وەك پەیامێك لەلایەن زاتێکەوە نێردرابێت یان زاتێك شتێکی بەرجەستەکراوی وەك کتێبێك ناردبێت، ئەگەر ئەمە روویدا بێت ئیتر پرۆسەی مێژوویی مرۆڤایەتی هیچ مانایەکی نامێنێت، ئەوکات ئەوەی دەکرێت تەنها راڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو کتێبەیە و هیچیتر، مرۆڤ دەبێت بەبەردەوام چاوی لەوە بێت لە دەقی ناو ئەو پەرتووکە لانەدات



بەڕاستی ئەم پرسیارە قسە زۆر هەڵدەگرێت، مرۆڤ نازانێ لە کوێوە دەست پێبکات، لەوانەیە بەم پرسیارە ( چۆن کتێبێك لە ناو ئەو گشتە کتێبانە بوو بە کتێبی خودا) دەست پێبکەین، دەروازەیەکمان بۆ بکاتەوە تا ئەم پرسیارە وەڵام بدەینەوە، ئەم پرسیارە لای ئیسلامیەك وەڵامدانەوەی زۆر ئاسانە، چونکە راستەوخۆ ئایەتەکانی قورئان وەك موعجیزەیەك بەکاریان دەهێنێت بە پاڵپشتی موعحیزەی زمانەوانی و بە بەکارهێنانی زانستی ئەمڕۆ، دەرئەنجام ئەم کتێبە دەکرێتە کتێبی خوداو، سیفاتی هەمیشەیی و هەتاهەتایی دەداتێ، من خۆم یەکێك بووم سەردەمێك ئەم ستایلەم بەکاردەهێنا، خۆ ئەگەر زانستخوازانە و بابەتیانە لەم کتێبە بڕوانیت ناتوانی هەروا بە سانایی بڕیار بدەی و دەرئەنجام وا زوو بەدەستەوە بدەی، ئەگەر قورئان کە سەرچاوەی یەکەمی شەریعەتە کەلامی خودا بێت ئەوە کۆمەڵێك پرس هەیە دەبێ وەڵامی بدرێتەوە دەنا ئەو سیفەتە ئیلاهییەی لەدەستدەدات، ئەگەر بڵێین کەلامی خودا نییە ئەوکات بەرەوڕووی گرفتێکی گەورە دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە دەبێ چەمکی خودایەتی ماناکەی کە تائێستا باوەو خەڵکی لەسەری راهاتوون بگۆڕین، چونکە دیاردەیەکی وەك قورئان

نزیکەی هەزارو چوارسەدساڵ سیفاتێکی ئاوای هەڵگرتبێ، کە خۆی لەخۆیدا ئەم مێژووە درێژە لای زۆرینەی کەس وەك بەڵگەنەویستێکی لێهاتوە بە ئاسانی ناتوانی پێچەوانەکەی بسەلمێنیت، سەلماندنی پێچەوانەکەی کۆمەڵێك میکانیزمی سایکۆلۆژی و پرەنسیپی فەلسەفی و خوێندنەوەی بەجۆرێکیتری مێژوو دەخوازێت، کە لێرەدا بوار نییە باسی بکەین، دەبێ چەمکی خودا، چەمکی ئایین و چەمکی گەردوون لای خۆمان هەڵوەشێنینەوە، ئەوجا دەتوانین ئەوەش بسەلمێنین کە ئایا ئەم کتێبە چۆن کتێبی خودایە یان چۆن کتێبی خودا نییە، پاش ئەوەی خۆم تارادەیەکی باش تاووتوێی ئەو رەهەندانەم کردووە کە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە، گەشتوومەتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەگەر تێکڕای شتەکان هی خودا بێت واتە وەك بنەڕەتی بوون کە سەرچاوەی گشت دیاردەکانە، ئەوا با قورئانیش وەك ئەو شتانەی تر هی خودا بێت، بەڵام ئەگەر قورئان ئیمتیازێکی تایبەتی بدرێتی و لەهەموو دیاردەکانی تر جیابکرێتەوە و بکرێتە کەلامی خودا، ئەوە بەلای منەوە وایە کە رەهایەك لەناو نارەهایەکدا گیردەدەین و دەبێ بەبەردەوام واقیع بکەینە قوربانی دەقی پیرۆزو بەبەردەوام دەقەکان تەئویل بکەین و لەگەڵ



واقیعیدا بیگونجێنین، سەرئەنجام بڵێین سەیرکەن چۆن ئەم دەقانە سیفاتی هەمیشەییان هەیە، واتە هی خودایە، بەڵام ئایا مرۆڤ بەرهەمی خودا نییەو نەخۆشیش دەکەوێت و دەشمرێت، ئایا گیانلەبەرانیتر هەر هی خودانین و دەردەکەون و ونیش دەبن؟ ئایا رووەك هەرهەمان شتی بەرناکەوێت؟ ئیتر خۆت بڕوانە چی هی خودا نییەو دێت و دەڕوات، بۆچی دەبێت ئەم دیاردەیەش هەڵگری هەمان سیفات نەبێت، هەرلە کوارکێکەوە لە ناو ئەتۆمێکدا بیگرە تا دەگاتە مەزنترین هەسارە دەمرێت و دروست دەبێتەوە، بۆچی دەبێت تەنها دیاردەی قورئان هەڵگری ئەم سیفەتە بێت، ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە قورئان بەم دیدەوە بێ بایەخ بکرێت، نەخێر هەرگیز لای من ئەو مانایە نابەخشێت، بەم دیدەوە قورئان دەچێتەوە ناو مێژوو و لەوێدا رۆڵی خۆی دەبینێت و هەر لەم دیدەوە بوونێکی رەها کە لە ناو دیاردەیەکی سنووورداری وەك قورئان وەدەردێت و دەروازە واڵا دەبێتەوە بۆ ئەزمونی تری لەوجۆرەی کە قورئانی وەبەرهێناوە، لەوانەیە بڵێم وتەکەی نیتچە لێرەدا بەسەر موسڵمانەکاندا بچەسپێت کە لەبری مراندنی خودا لەلایەن مەسیحییەکانەوە، زیندانی کردنی خودایە لە قورئاندا

لەلایەن موسڵمانەکانەوە، گەر قەناعەتمان وابێت کەواتە نەك شەریعەت بەڵکو سەرچاوەکەشی کە قورئانە ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریشە، لێرەدا دەبێ شەریعەت و فیقه جیابکەینەوە، شەریعەت واتە ئەو یاساو ڕێسایانەیە کە لە قورئان و سونەتدایە و فیقهیش ئەو تەئویل و لێکدانەوانەیە لە سەر بنەمای شەریعەت، کە زانایانی ئیسلام لە مێژووی ئیسلامدا کردوویانە، بەتەئکید کەس ناتوانێ ئینکاری بەرهەمی پرشنگداری ئەو زانایانە بکات، بەتەئکید ئەو شەریعەتەی کە لەسەر تەئویل و تەفسیری ئەو زانایانە وەستابێت پەیوەندییەکی تەواوی بە باکگراوند و هوشیاری ئەوانەوە هەیە، دەنا چۆن ئەو هەموو مەزهەبە فیقهی و تەفسیری جیاواز و ڕێبازی سۆفیگەری و فەلسەفی و عەقیدی سەرهەڵدەدات، نەك هەرجیاوازی سەردەم بەڵکو جیاوازی کەلتوور و مێژووی جیاوازیش ڕۆڵی گرنگی لەم بوارەدا گێڕاوە، دەرئەنجام شتێك نییە هی خودا بێت و ئەوانیتر هی شتێکی تر بێت، یان هەمووی هی خودایە و مۆرکی ئەوی پێوەیە، یان هەمووی هی خودا نیە و قایل بین بەو قەدەرە، نەك هەر لە فیقهدا ئەو ڕەنگدانەوەیەی سەردەم و کەلتووری پێوە دیارە، بەڵکو لە قورئانیشدا ئەو



دیاردەیە بە دی دەکرێت، هەر وەك نموونە ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا بەڵگەیە لەسەر دەستکاریکردن بەگوێرەی ئەو زەمەنە کورتەی قورئان کە بیست وسێ ساڵ بوو، چ جای ماوەیەکی درێژی هەزاروچوارسەد ساڵەی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەگەر خودایەك لەو ماوە کورتەدا لە پێناو ئەو گۆڕانەی لە کۆمەڵگادا ڕوویداوە یان لە پێناو خواستەکانی هەڵگرانی ئەو عەقیدەیە، ڕای خۆی بگۆڕێت، چ سەیر و سەمەرەیە ئەم ماوە دوورودرێژەی مێژووی ئیسلام بەم هەموو گۆڕانکاری و کارەساتەی بەهۆی هەڵگرانی ئەو عەقیدەیەوە ڕوویداوە و ئەو هەموو نالەبارییەی بەسەر هەڵگرانی ئەو عەقیدەیەدا هاتووە، وا بێدەنگە و هیچی تر نانێرێت، ئەم پرسیارە وەك تانەو تەشەرە نایڵێم، بەڵکو پرسیارێکی جدییە و دەیکەم، من لێرەدا ناچمە ناو درێژەی ئەو پرسیارانەی تر کە لە ئاست ئایەتەکانی قورئان خۆیدا قوت دەبێتەوە و ئەو فیکرە باوەی ئەو سەردەمەی قورئانی تێدا سەرهەڵداوە تا چەند لە ناو قورئاندا ڕەنگدەداتەوە، چونکە بواری ئەوەمان نییە لێرەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین، بەگوێرەی فەلسەفەکەی هیگڵ سەبارەت بەوەی ڕۆحی ڕەها لە مێژوودا لە ڕێگەی مرۆڤەوە خۆی تحقیق دەکات، با

قورئانیش یەکێك بێت لەو دیاردانەی کە خودا لەو سەردەمەدا وا خۆی نیشانداوە، بەڵام ئەو رۆحە رەهایە لەو سەردەمەدا گیردەین و ئەزموونی لەو جۆرە ناهێڵین دووباره ببێتەوە، ئەوە بەبۆچوونی من بەڕاستی کارەساتە، لێرەدا مرۆڤیش ئازادی خۆی وەردەگرێت و هەر مرۆڤیش بەرپرسیار دەبێت لە رووداوەکان و خوداش با ئەو نهێنییە بێت کە هەرگیز مرۆڤ بە هیچ میکانیزمێك لێی تێناگات و بەبەردەوام لێی دەکۆڵێتەوە، ئەمە ئەو عەودالْ بوونەیە مرۆڤ پێدەگەیەنێت، ئیتر لەم بۆچوونەدا مەعریفەی ئاایینی و نا ئاایینی، مەعریفەی پیرۆز و ناپیرۆز، مەعریفەی ئاسمانی و زەمینی نامێنێت هەموو مەعریفەکان دەبنە مەعریفەی ئینسانی.



# شەریعەت و دەسەڵات

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕای تۆ پەیوەندی نێوان شەریعەت و دەسەڵات چۆن پەیوەندییەکە؟ ئایا دەسەڵات پێویستی بەردەوامی بە شەریعەت هەیە تاوەکو خۆی پێ تەقدیس بکات یان شەریعەت پێویستی بە دەسەڵات هەیە تا لە ڕێگەیەوە یاسا و تێزەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا جێبەجێ بکات؟ دواتریش دەپرسم ئایا باسکردن و لێکۆڵینەوە لە دەسەڵات لە ئەرکەکانی عەقڵە یان لە ئەرکەکانی شەریعەت؟

**ئازاد قەزاز:**

پەیوەندی نێوان شەریعەت و دەسەڵات، پەیوەندییەکی پتەوی دینامیکیە، واتە بەبەردەوامی ئەم دوو ئاڕاستەیە کار لەیەکتر دەکەن و لە هەمان کاتدا یەکتربەکار دەهێنن، ناهەموارترین کات ئەو کاتەیە کە بەرژەوەندی شەریعەت و بەرژەوەندی دەسەڵات دژ بەبەرژەوەندی تاکەکانی ئەو

کۆمەڵگایە یەکانگیر بن، ئەم وەسفەی سەرەوە تەنها شەریعەتی ئیسلام ناگرێتەوە، بەڵکو وەسفێکە گەر بەمێژوودا بچیتەوە لەزۆربەی پەیوەندی ئەو دوو دەسەڵاتەدا لە مێژووی زۆر کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت.

پێش هەموو شتێك شەریعەت مەعریفەیەکە و مەعریفەش خۆی لەخۆیدا دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش مەبەستمان لە دەسەڵاتی سیاسیە، کەواتە پەیوەندی نێوان شەریعەت و دەسەڵات پەیوەندی نێوان دوو دەسەڵاتی مەعریفی و دەسەڵاتی سیاسیە، پاش ئەمانە شەریعەت تەنها چەند سرووت و پەرستشێك نییە تا بڵێین ئەوە پەیوەندی نێوان خودا و بەندەکانێتی، نەخێر شەریعەت واتە دەستووری کۆمەڵگای ئیسلامی، دەستوورێك کە لەوردترین شتی ناو کۆمەڵگاوە تا دەگاتە رێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە، بێگومان ئەم دەستووره خوازیاری هێزێکە وەك هێزی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا بیسەپێنێت، ئەمەش پەیوەندییەکی تری شەریعەت و دەسەڵاتە، کە بەردەوام پێویستیان بە یەکدی هەبووە، ئەمە وایکردووە کە کۆمەڵگا لە هیچ سەردەمێکدا نەیتوانیبێت لە گورزی ئەم دوو دەسەڵاتە قوتار ببێت، لەسەردەمی مۆدێرنەدا دەرك بە مەترسی پەیوەندی نێوان



ئەم دوو دەسەڵاتە کرا و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەم دوو دەسەڵاتە دەبێ لێکدی جیابکرێنەوە، جیاکردنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتەش بەبێ هوشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەش کارێکی ئاسان نییە.

بەشێکی تری پرسیارەکەت کە پرسیارە لە ئەرکەکانی عەقڵ و ئەرکەکانی شەریعەت دەکات، ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە شەریعەت لە شوێنێك بێ و عەقڵ لەشوێنێکی تر، ئەگەر عەقڵ لێرەدا مەبەستت مرۆڤ بێت ئەوا تەفسیرکردنی دەسەڵاتیش و شەریعەتیش لە ئەرکەکانی مرۆڤە، واتە ئەو توانستە عەقڵییەی کە مرۆڤ خاوەنیەتی و دەتوانێ دیاردەکانی پێ بخوێنێتەوە، بەبەردەوام هەم دەسەڵاتیش و هەم شەریعەتیش لە گۆڕاندا بوون و ئەوەش ئەم گۆڕانەی پیادە کردووە مرۆڤ و پێویستیەکانی مرۆڤ و روداوەکان بوون، هەرکاتێ ئەم دووانە وەستێنران ئەوا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەمرێت، من ناڵێم سپاردنی شەریعەت بە دەسەڵات بەڵکو دەبێ هەردوکیان بە مرۆڤ بسپێردرێت، چۆن دەبێت مرۆڤێکی زیندووی گۆڕاوی دینامیك بە دوو دەسەڵاتی وەستاوی رابوردوی ستاتیك بسپێردرێت! ئەم رستەیە قسەی زۆر

هەڵدەگرێت و مانای زۆری لە خۆی گرتووە، لێرەدا ناتوانین لەوە زیاتر بڵێین

سەبارەت بەدیاردەی تاکڕەویش لە سیستمی دەسەڵاتدا بە تەئکید تاکڕەوی لە هەرشتێکدا بێت ئەگەر شەریعەت بێت ( بەمانایەکی تر یاسا) و ئەگەر دەسەڵاتیش بێت لەمڕۆدا مەترسیدارە، ئەو مەترسییە هەر بۆ ئەو وڵاتە نییە کە ئەو دەسەڵاتەی تێدا پیادە دەکرێت، بەڵکو بۆ تێکرای جیهان مەترسیدارە بەهۆی ئەو کرانەوەیەی ئەمڕۆ جیهان بەخۆیەوە دەیبینێ، کرانەوەی کەلتوورە جیاوازەکان بەسەر یەکترداو ئازادی مومارەسەکردنی داب ونەریتی خۆماڵی و تێکەڵبوون بەیەکتر، خواستێکی گرنگی ئەم سەردەمەیە بۆ خۆ ناسین، یەکتر ناسین و لە یەکترەوە فێربوون، بۆ ئەم دۆخەش سەپاندنی یەك عەقیدە و یەك دەسەڵات و یەك دروشم مراندنی ئەم خواستە زۆر گرنگەی سەردەمە.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا جەدەلییەتی پەیوەندی نێوان عەقڵ و شەریعەت چۆن دەبینی، ئایا ئەوە عەقڵە بە مۆرك و پێویستییەکانی خۆی مانا لە شەریعەت بەرهەمدێنێت و بە پێی



پێداویستی و خواستی تایبەتی خۆی جێبەجێی دەکات؟ یان ئەوە شەریعەتە بەردەوام عەقڵ وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی تێز و پرەنسیپەکانی خۆی بەکاردێنێت؟ عەقڵ جێی خۆی لەناو شەریعەتدا دەکاتەوەو بە رەنگی خۆی رەنگی دەکات یان شەریعەتە عەقڵ دەکاتە بوونەوەرێکی گوێرایەڵ و بێ پرسیار؟

**ئازاد قەزاز:**

ئەگەر بەدوابەشی پرسیارەکەت دەستپێبکەم، ئەوە دەڵێم کە شەریعەت خۆی بەرهەمی عەقڵ و لۆژیکی سەردەمێك بووە، نەك ئەم دووانە دوو شتی دژ بەیەك بن، گرفتەکەی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە کەپیرۆزییەکی ئەو تۆی بەم شەریعەتە داوە کە لە گەشە و جوڵەی خستووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شەریعەت لابرێت و شتێکی تری زۆر جیا لەبری شەریعەت دابنرێت، ئەمە هەرگیز لۆژیکی و زانستی نییە، مەبەست ئەوەیە کە جۆری خوێندنەوەت بۆ شەریعەت بگۆڕدرێت، ئیترجوڵە دەکەوێتەوە ژیان و گەشە هەم لە تاکدا و هەم لە کۆمەڵگادا و هەم لە دەسەڵاتدا دەست پێدەکاتەوە، یەك نموونە کە خۆم لەم بوارەدا جێبەجێم کردووە: میراتی باوکم کە

هەرچەند کەم بوو لەگەڵ خوشکەکانمدا وەك یەك دابەشم کرد، واتە ئەو یاسایەی کە شەریعەت نیو بەشی بۆ ئافرەت داناوە جێبەجێم نەکرد، هەرچەندە دداگا نیو بەشی بۆ دانابوون، بەڵام من بە رەوام نەزانی، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێی خودا ناڕەوایی بە ئافرەت دەکات، نەخێر ئەوە مرۆڤە لەو سەردەمەدا هەر هێندە لەو مافە تێگەشتووە، ئیتر ئەم هەموو هەراو و هاژەیەی ناوێت، هەرکەس لای خۆیەوە ئەم رەوایەتییە بەوی تر بداتەوە هێندە دروشم بەرزکردنەوەی ناوێت، ئایا ئەم ماف بەخشینە بەو مەخلوقەی تر چ زیانێك بە خودا دەگەیەنێت کە وەك یەك بەشە میرات وەرگرن، دەزانم ئەم حاڵەتە پەیوەندی بەگەشەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەڵام سەردەمێك گەر موسڵمانەکان نیو بەشیان بۆ ئافرەت دانابێت یەکەم لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا وای بە دادپەروەرانە دیبێت و دووەم پەیوەندی تاکەکان وای خواستبێت و سێیەم ئافرەت هەر هێندە هوشیاربووبێت کە بە نیوە بەشی خۆی قایل بێت و بگرە بەزۆریشی زانیبێت، دەبێ ئەمڕۆ بۆ خودا چی تێدابێت ئەم هاوکێشەیە بگۆڕدرێت، وەنەبێت ئەم داوایە داوای خوشکەکانم بووبێت، بەڵکو داوای ویژدانی خۆم بوو و لە خۆشمەوە دەستمپێکرد، بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ



هاوشانی پێشکەوتن و گەشەکردن بڕوات دەبێت بەبەردەوام دەقەکان واتە وتە نوسراو و نەنوسراوەکان بخاتە ژێرپرسیاری عەقڵ و روداو و زانستی سەردەمەوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە بیخاتە ژێر ویژدانی خۆیەوە، تا بزانێ لە کوێدا کەلێن و کەلەبەر و وەستان و دژواری هەیە و بۆتە بەردی سەر رێگە لای بەرێت، دەنا هەرهەموومان هەڵدەنوتێین لەوانەشە ملمان بشکێت و دواجاریش ئەوانیتر تاوانبار دەکەین، ئیتر بەخەیاڵی خۆمان تەحلیلات دەکەین و تیۆری موئامەرە دەخەینە گەڕ و خەو دەبینین نەك واقیع شیبکەینەوە، شەریعەتیش وەك دەقی نوسراو دەکەوێتە نێو هەمان چوارچێوە و دەبێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە نەك بیانووی بۆ بهێنرێتەوە و بە ناوی خوداوە بەسەر خەڵکیدا بسەپێنرێت و خەڵکیش لەنێوان گۆڕانی واقیع و وەستانی دەقدا دوچاری دوالیزمی ببن و بە دزییەوە هەر ئەوەش دەکەن کە واقیع بەسەریاندا دەیسەپێنێت، دواجار لە نێوان ترس لە خودا و زەبری واقیع توشی دڵەراوکێ و پارچەپارچەبوونی کەسێتی دەبن.

پوختەی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە نەك تەنها شەریعەتی ئیسلام بەڵکو هیچ شەریعەتێك نییە بتوانێت وەڵامی هەموو ئەو گۆڕانانە بداتەوە کە بە درێژایی

میژووی مرۆڤایەتی سەرهەڵدەدەن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا سیکۆلاریزم گۆڕانکارییەکی جەوهەری وای خولقاندووە کە وەڵامێکی جەوهەری لە ئیسلام دەخوازێت نەك چەند دەسکاریکردنێکی رووکەشی چاکسازی، نەك تەنها شەریعەت گۆڕانکاری دەخوازێت بەڵکو چەمکی ئایین و چەمکی خودایەتیش دەبێت گۆڕانی بەسەردا بێت.



# شەریعەت و روحانییەت

**ئومێد قەرەداغی:**

یەکێك لە پرسە گرنگەکان کە جێگەی مشتومڕی زۆر بوە بریتییە لە رۆحانییەتی ئایین، لە ئەزموونی روحی ئایینەکان، تۆ پەیوەندی نێوان شەریعەت و روحانییەت چۆن دەبینی؟ ئایا شەریعەت بە حوکمی ئەوەی ژمارەیەك پرەنسیپی یاسایی و مادییە روحانییەت بەرەو پوکانەوە نابات؟ ئایا پابەندبوون بە روحانییەتی ئایینەوە مرۆڤ بەرەو جێهێشتنی شەریعەت نابات؟

**ئازاد قەزاز:**

لەسەردەمی مۆدێرنەوە تا هەنووکەش هەوڵی وا بەرچاو دەکەوێت کە لە خودی ئایین خۆی بکۆڵنەوە، ئەم هەوڵە هەم لە بواری سایکۆلۆژیا و هەم لە بواری فەلسەفەشدا دراوە، ئەم هەوڵانە باس لەو ئەزموونە ئایینیە رۆحیە دەکات کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەك دیاردەیەك بەرچاو دەکەوێت، ئەم ئەزموونە رۆحییە

كە ناوی ئایینی لێدەنێن لەوێوە سەرهەڵدەدات کە مرۆڤی سنووردار و نا رەها دەیەوێت ئەو سنوورە بەرەو بێسنووری و رەها ببەزێنێت، مرۆڤە بەبەردەوام دەیەوێت لەسەرووی ئەم دیاردانەوە مانایەك بۆ ژیان بدۆزێتەوە، ئەم جوڵە و عەودالییە هەم عەودالی رۆحییە هەم فیکری و دواجار رێبازێکی لێدروست دەبێت، ئەم ئەزموونە رۆحییە دواجار شەریعەتێك دەخولقێنێت بەلام بە تێپەربوونی کات شەریعەت ئەو ئەزموونە رۆحییە دەکاتە کۆیلەی خۆی، چونکە مرۆڤ بەگشتی توانستی ئەو مرۆڤەیان نییە بتوانن خۆیان بەو رێبازە رۆحیەدا بڕۆن، ناچار تەسلیم بەوە دەبن کە هەیە و ئامادە کراوە، هەربۆیە لەسەرەتاوە کە هێشتا ئەو ئەزمونە رۆحییە لە لایەن شەریعەتەوە بەتەواوەتی کۆنترۆڵ نەکراوە، گەشەی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات و دواجار دەخنکێندرێت، ئەو کاتەی ئایین ئاغا بوو لە کۆتاییدا شەریعەت دەبێتە ئاغاو ئەو ئەزموونە رۆحییە دەبێتە کۆیلە، ئەمەش وەك لە سەرەتاوە لە پەیوەندی شەریعەت و دەسەڵاتدا ئاماژەمان پێدا لەبەر ئەوەی کە بەرژەوەندی ئەو دووانە واتە ئەو دوو دەسەڵاتە دەکەوێتە مەترسیەوە، چونکە هەر کات ئەو ئەزموونە رۆحییە سەربگرێت ئەوا هاوکێشەکانی کۆمەڵایەتی و



پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکان و دەسەڵاتەکان دەگۆڕدرێت و ئەو دوو دەسەڵاتە واتە شەریعەت و سیاسی ناتوانن جێگەی خۆیان بگرنەوە، واتە دەسەڵاتی شەریعەت و دەسەڵاتی سیاسی جیهانی ئیسلام بەرپرسیارن لە مراندنی ئەو رۆحە ئایینیەی کە بەردەوام رۆحی رەوانی مرۆڤایەتییە، دژایەتی کردنی فەلسەفە و سۆفیگەری هەر لەم ترسەوە سەرچاوەی گرتووە و بە ناوی خوداو پارێزگاری کردنی ئایینەوە پەردەپۆشکراوە، شەهیدکردنی مەنسوری حەلاج و سوهرەوەردی شایەتی ئەم حاڵەن، وەستاندنی ئەزموونی رۆحی لە یەك کتێبدا و لە یەك مرۆڤدا نەك هەر ستەمە لە مرۆڤ دەکرێت بەڵکو ستەمیشە لە خودا خۆی دەکرێت.

# تێگەیشتن
# لە جیهانی ئیسلامی

**ئومێد قەرەداغی:**

دەمەوێ لە دوا پرسیاردا دەمەوێ رای تۆ بزانم سەبارەت بە دۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامی؟ ئایا دیاردەی ئیسلامی سیاسی هێمایە بۆ بووژانەوەو گەشەکردنی کەلتووری و ئایینی یان سەردەمێکی دیکەی داڕوخانە؟ بیرمەندی عەرەب هاشم سالّح پێیوایە دۆخی ئێستای جیهانی ئیسلامی لە تاریکترین لەحزەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا تاریکترە، تۆ رات چییە؟

**ئازاد قەزاز:**

دەمەوێ لێرەدا تەئکید لەوە بکەمەوە کە ئەو بەراوردەی من دەیکەم، بەراوردێك نییە لە نێوان پارتێکی ئیسلامی و پارتێکی علمانی لە جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی و، ئیسلامی سیاسی و پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا بە تایبەتی، بەراوردی من کۆی جیهانی ئیسلامە بە گشت



چین و توێژ و پێکهاتە و پارت و رێکخراوەکانەوە لەبەرامبەر ئەو ئاستەی ئەمڕۆ مرۆڤ پێیگەشتووە، بۆنمونە من جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو دا نابینم، ئەوان سێ پارتن هەڵقولاوی ئەو کۆمەڵگایەن کە لەحاڵەتی وەستاندان، سێ رووی جیان بەڵام یەك هەناویان هەیە، سێ هەستی جیان بەڵام یەك نەستیان هەیە، سێ هەنووکەی جیان بەڵام یەك رابوردو پەلکێشیان دەکات، سێ سیمبولی جیان بەڵام یەك رۆح بەرهەمی هێناون، سێ ئاڕاستەی جیان بەڵام یەك ئامانج دەیان بزوێنێت، لە ناخی هیچکامیاندا رۆحی شۆڕشگێرانەی گۆڕانکاری کار ناکات، بەڵکو مانەوەی بەردەوامی خۆیان دنەیان دەدات، ئەم رونکردنەوەیەم بەچاك زانی تا خوێنەر وا تێنەگات کە رەخنە لە ئیسلامی سیاسی دەگرم واتە پشتگیری ئەو دوو پارتەی تر دەکەم، لەوانەیە بڵێم لە رووی مەعریفەی ئایینییەوە ئەندامانی یەکگرتوو کەمترخورافی تربن لە چاو ئەندامانی یەکێتی و پارتی، ستراکتوری پارتی و یەکێتیش دوو ستراکتوری ئایینین، ستراکتوری ئەو ئایینەش نا کە بە علمانی کرابێت بەڵکو ستراکتوری ئەو ئایینەی کە تا هەنوکەش خورافیانە لە گەڵیدا رێدەکەن.

بابێینەوە سەر جەوهەری پرسیارەکە لەسەر دۆخی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی قسە بکەین کە هەر وەك وتمان کۆی هەموو پێکهاتەکانی جیهانی ئیسلامی دەگرێتەوە تەنانەت لەم پێناسەکردنەدا ئایینەکانی تریشی وەبەردەکەوێت، هەروەك لە پێشەوە ئاماژەم پێدا ئەگەر جیهانێك سەرچاوەی ژیانی خۆی کە خودایە زیندان کردبێت دەتوانین بەو کۆمەڵگایە بڵێین زیندووە؟ ئەگەر کۆمەڵگایەك نەوێرن بەرەوڕووی ئەو هێرشە ببنەوە کە بەرەوروویان دێت و خۆیان پەنابدەن و گوێی خۆیانی لێ کەڕ بکەن و بە پینەوپەرۆ دڵی خۆیان خۆش بکەن و زاناو ڕۆشنبیرەکانی خۆیان خەفە بکەن و، گەر تاکوتەرا لەو ڕۆشنبیرانە بوێرانە ( لێرەدا هەندێ لەو نوسەرانەی لێدەردەکەم کە نازانستیانە قسە لەسەر ئایین دەکەن) سەر بەرزکەنەوە و ئەوانیش بەر تیرو توانج و هەرەشەی مەرگ ببنەوە، ئایا ئەم جیهان دەکرێ ناوی بوێر و ئازاو بەجەرگی لێبنێین؟

جیهانی ئیسلامی گیرۆدەی ئەو رابوردووەیە کە خۆی بەدەستی خۆی خولقاندویەتی، تا پرۆسەیەکی سەرتاپاگیری سایکۆلۆژی و فەلسەفی بەسەردا نەهێنریت کە من ناوم ناوە (ئەنتی باوان) لەو بەندیخانەی رابووردوە ناتوانین بێینە



دەرەوە و ئاهی ئازادی ناتوانین بە ئارامی هەڵمژین، جیهانی ئیسلامی ئەو جەستە مردووەیە کە بە خۆی نازانێت گیانی دەرچووە، جیهانی ئیسلامی خۆی بەدەستی خۆی کۆت و زنجیرکردووە و بە خۆی نازانێت کە دیلە، جیهانی ئیسلامی ئەو گیانلەبەرە نەزۆك و نەشیردەرەیە کەوا دەزانێت هێشتا هەر دەزێ و شیر دەدات، من لێرەدا ئیسلام تاوانبار ناکەم هێندەی مرۆڤەکان تاوانبار دەکەم، بەڵام ئاخر دەقیش کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، لێرەوەیە کە شەریعەت و دەقی پیرۆز بەر رەخنە دەکەون، چونکە هەڵگرانی ئەم بیرە سیفاتی هەمیشەیی بەو دەقانە دەبەخشن و رەهایان دەکەن، ناچارت دەکەن ئەو دەقانەش بخەیتە ژێر رەخنەوە، رەخنەکە لێرەوە لەوان دەگیرێت کە ئەم دەقانە ناکرێت دەقی تر بەدوایاندا نەیەت، دەنا ئەم دەقانە هیچ تاوانێکیان نییە تەنها ئەوە نەبێت کە مرۆڤ بە ناویانەوە دەیکات، ئەگەر مرۆڤ هوشیار بێت دەتوانێ دەق لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنێت و لە کۆنتێکستی خۆی لێی تێبگات، ئیتر ئەو کات نە دەق و نە خاوەن دەق تاوانبار ناکرێت، بەمەرجێك ئەو دەقە وەك دیاردەیەکی مێژوویی لێی بڕوانرێت وەك دیاردەیەك کە هی خودابێت و پیرۆزی بکەیت، هەرکات ئەو پیرۆزییە کە بەو دەقە ببەخشیت،

ئیتر ناچار دەبین ئەو پیرۆزییە بشکێنین تا بوار بڕەخسێت بۆ گفتوگۆ، ئەو کۆنتێکستەی کە تێکستێکی تێدا دەخولقێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەو تێکستە دەبێت و دواجاریش ئەو تێکستە لەسەر مرۆڤەکە، گەر مرۆڤ لە کاریگەری ئەم حاڵەتە هوشیار نەبێتەوە، بەبەردەوام لەتەوەری ئەو تێکستەدا دەخولێتەوە، ئەم دیاردەیە لە ناو گشت ئەو پارتانەی کوردستاندا بەدی دەکرێت نەك تەنها لە ناو پارتە ئیسلامیەکاندا، کە بەبەردەوام دەیانەوێ تێکستەکانی رابوردو پیرۆز بکەن، چونکە بەردەوامی دەسەڵاتی ئەوان لەوێدایە.

لە کۆتاییدا دەڵێم گەر بەم دیدەوە لە خودا و ئایین و بوون بڕوانین، مەزنترین هەنگاوە کە لە رووی رۆحییەوە سەربەخۆیی خۆمان لە نەتەوەکانی تر وەردەگرینەوە، پێموایە تا رۆحمان ئازاد نەکەین لە دەست سەرچاوەی رۆحی نەتەوەکانی تر، ئازادی سیاسی کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو ئەم ئازادی رۆحەیە رێگا بۆ ئازادیەکانی تریش واڵا دەکات و ئەو جورئەتەمان پێدەبەخشێت کە لە جیابوونەوە نەترسین، چونکە دەبینە خاوەنی سەرچاوەی جیهانبینی خۆمان کە بەباشی لەگەڵ سەردەمی پۆست مۆدێرنەدا گونجاوە.

# چەمکی نارەزایی لە دیدگایەکی سۆسیۆلۆژییەوە

## گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر عادل باخەوان



- روناكبیر و سۆسیۆلۆژستێكی ناسراوە
- بڕوانامەی ماجستێری لەقوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتییەكان لە فەرەنسا بەدەستهێناوە
- بڕوانامەی دكتۆرای بە پلەی ئیمتیازلە هەمان قوتابخانە لە ساڵی 2010 بە دەستهێناوەو تێزی دكتۆراكەی بەناوی ( ئیسلامیزم لە وەرچەرخاندا) یە
- خاوەنی ژمارەیەك كتێبە لەوانە ( تیرۆریسم وەك بیناكردنی كۆمەڵایەتی) هەروەها كتێبێكی وەرگێڕان بە ناوی (ئایین چییە)

# لەبارەی چەمکی نارەزاییەوە

**ئومێد قەرەداغی:**

با سەرەتا لە بارەی خودی چەمکی نارەزاییەوە( یان نارەزایی لای مرۆڤ) بدوێین، ئەم چەمکە لە باری سۆسیۆلۆژییەوە چییە و چۆن دروست دەبێت؟ ئایا دەرئەنجامی بوونی هوشیارییەکە لای مرۆڤ کە مرۆڤ بە هۆیەوە درك بە نالەباری واقیعەکەی خۆی دەکات و نارازیی دەبێت؟ یان کاردانەوەیە بەرانبەر دۆخێکی دیاریکراو ؟ یان لە نەبوونی هوشیارییەکی کەشفکەرەوەیە کە ببێتە هۆی تێنەگەیشتنی دروست لە واقیع و رەگەزە خولقێنەرەکانی؟ یان چی ترە ؟

**عادل باخەوان:**

من پێموایە چەمکی نارەزایی لە مەیدانی سۆسیۆلۆژیدا پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە چەمکی دێتێرمینیسمەوە هەیە. بۆ تێگەشتن لەنارەزایی کۆمەڵایەتی پێویستە پێش هەمووشتێك لە چەمکی دێتێرمینیسم تێبگەین، بەداخەوە لەبەر نەبوونی سۆسیۆلۆگی کورد لەسەدەی رابوردودا ئەم کۆنسێپتە بەهەڵە بازی



داوەتە نێو کێڵگەی رۆشنبیریی ئێمەوە، سەرەتا هەر لە وەرگێرانی وشەکەوە بەهەڵە گەیشتوە بە ئێمە.

"حەتمیەت" ئەمە ئەو وشەیەیە کە کوردەکان لە عەرەبیەوە وەریانگرتوە بۆ بەکوردی کردنی دێتێرمینیسم، بێگومان عەرەبەکان خۆشیان هەر هەمان وشەی "حەتمیەتیان" لە بەرامبەر ئەوچەمکەدا داناوە، لێرەوە جەنابت تێدەگەیت کە ئەرکی ئێمەو مانان ئاسان نییە، ئێمە لەلایەك دەبێت هەڵەکانی سەدەیەك راستبکەینەوەو لەلایەکی دیکەیش دەبێت بەخێرایی وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە. کەواتە دێتێرمینیسم چییە؟

بۆ ئەوەی شتەکان لەخوێنەر ئاڵۆزنەکەم (وەك رۆشنبیری کورد بۆ شاردنەوەی دەبەنگی سەرمایە رۆشنبیریەکەی خووی پێوەگرتووە) هەوڵدەدەم یەك لەدوای یەکی جومگەکانی ئەم چەمکە لەیەکتر بترازێنم تا پێکەوە لێی تێبگەین و بزانین باسی چیدەکەین، هەر تاك و گرووپ و چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی سیستەمێکی ئامادەباشییە، ئەم سیستەمی ئامادەباشییە هەڵگری دوو کاراکتەرە، یەکەمیان بریتییە لە تەمەن درێژی، واتە لە چرکەیەکدا دروستنابێت تا لە چرکەیەکی دیکەدا بمرێت، ئەمڕۆ دروستنابێت تا سبەینێ بمرێت! بەڵکو لەنێو مێژوویەکدا دروستدەبێت و بەتەمەنێکی درێژەوە لای تاك و گرووپ و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەمێنێتەوە. بەڵام چۆن دەمێنێتەوە ؟

کاراکتەری دووەم وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. کاراکتەری دووەم بریتییە لە جێگۆڕکێکار، واتە نەوەی رابوردوو پێش ئاوابوونی هەمان سیستەمی ئامادەباشی بە نەوەی داهاتوو دەبەخشێت، نەوەی داهاتووش بە نەوەی داهاتووتری دەبەخشێت هتد... بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا، مومکین نییە لە کوڕی کرێکارێك تێبگەین بە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەر باوکی، وەك مومکین نییە لە باوکی تێبگەین بە بێ گەڕانەوە بۆ باپیری، چونکە ئەو سیستەمی ئامادەباشیەی کە باپیری هەڵگری بووە، بەخشیویەتی بە باوکی و باوکیشی بە کوڕەکەی و کوڕەکەی بە منداڵەکانی، واتە سیستەمی ئامادەباشی نەوە بەنەوەی دەبەخشێت تا وەك ستراکتۆرێك "بوونیەیەك" دەقدەگرێت و پێکدێت، ئەم سیستەمی ئامادەباشیە کە دەبێت بە ستراکتۆر، ئیتر هەموو چرکەیەك لەسەر پێیە بۆ ئەوەی ستراکتۆری دیکە دروستبکات. واتە تەواوی رەفتارو کردارو بیرکردنەوەو جۆری ژیان و بینین و خەیاڵدان و هەڵسوکەوتی رۆژانەی تاك و گروپ و چینی کۆمەڵایەتی بە ستراکتۆر دەکات. واتە ئیتر سیستەمی ئامادەباشی بە بوونیەبوو، بینای هەموو ئەزموونەکان دەکات و هیچ شتێك لە دەسەڵاتی ئەو دەرناچێت.

بانموونەیەك بێنینەوە، لە سەدا نەوەدو پێنجی ئەو خوێندکارانەی کە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا لە زانستە



کۆمەڵایەتییەکان (پاریس) وەرگیراون، منداڵانی کرێکاران نین. تەنها لە سەدا پێنجی منداڵی کرێکارانن، بە پێچەوانەوە، لە شەریکەی رینێی ئۆتۆمۆبیل، لە سەدا نەوەدو هەشتی کرێکاران منداڵی کرێکارانن، ئەوەی رێگا نادات کە کوڕی کرێکارێك ببێت بە مامۆستای زانکۆ لە سۆربۆن، توانایی ئەو سیستەمی ئامادەباشیەیە کە لە نێو مێژوویدا دروستبووە؛ واتە سیستەمی ئامادەباشی ئەم کرێکارە توانای هەزمکردنی ئەزموونی دوکتۆرای نییە، ئەوەی بەو هەزمدەکرێت ئەزموونی هیڵەکانی زانکۆ نییە، بەڵکو ئەزموونی کارکردنە لە نیو کارگەکانی ئۆتۆمۆبیل دروستکردندا. سەرجەم ئەم پرۆسەیە پیی دەگووتریت دێتێرمینیسم.

بەڵام ئایا رێگایەك هەیە بۆ هاتنە دەرەوە لەم دێتێرمینیسمە ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەیان گەورە سۆسیۆلۆگی جیهانی سەرگەرمکردوەو سەدان کتێبیان لەسەر نووسیوە، وەڵامی ئەم پرسیارە راستەوخۆ من رادەکێشێتەوە سەر بەشێکی پرسیارەکەی جەنابت. چۆن لە دێترێمینیسم برۆینەدەرەوە ؟ تەنها رێگایەك بۆ چوونە دەرەوە بریتییە لە وشیاربوون بە هەموو ئەو شتانەی کە ئێمەی فریداوەتە نێو دێتێرمینیسمەوە. واتە وشیاربوون بە مەوقیعە کۆمەڵایەتییەکانمان لە نیو پانتاییەکاندا. ئەم وشیاربوونەوەیە تاکە چەکی بەرەنگاری بوونەوەی

دێتێرمینیسمە، کە وشیاردەبینەوە ئیتر ناڕەزاییە کۆمەڵایەتیەکانمان دەستپێدەکات. کە ناڕەزاییەکانیش دەستیپێکرد، ئێمە لە بەردەم دوو ئەگەردایین. ئەگەری کۆمەڵگە و ئەگەری کۆمینۆتێ. کۆمەڵگە بریتییە لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا کێڵگەکان ئۆتۆنۆمن و سنورەکانیان تیکەڵ بەیەکتر نابن. کێڵگەی سیاسەت، کێڵگەی ئایین، کێڵگەی ئابووری، کێڵگەی وەرزش، کێڵگەی رۆژنامەنووسی، کێڵگەی ئەدەب، کێڵگەی خوێندکاران، هتد...  ئێمە تەنها لە یەککاتدا دەتوانین باس لەکۆمەڵگە بکەین کە ئەم کێڵگانە هەبن و ئۆتۆنۆمیشبن. بەڵام لە چرکەی کۆمینۆتێدا سنووری هەموو ئەم کێڵگانە تیکەڵ بەیەکتری دەبن و ناتوانین جیاوازی بخەینە نێوانیانەوە. لە ژیانی کۆمینۆتێدا هەموو شتەکان بە شێوەیەکی سروشتی لە یەکتری ئالاون، سیاسەت و ئابووری و ئایین و وەرزش و  ئەدەب و هتد... ئاویزانی یەکتری دەبن، بۆیە دەکرێت بڵێین قۆناغی کۆمینۆتێ قۆناغی بەر لە کۆمەڵگە بوونە، لە چرکەی یەکەمدا ناڕەزاییەکان مەدەنیانە خۆیان مانیفیست دەکەن، بەڵام لە چرکەی دووەمدا تووشی دەیان گرفت دەبنەوە، هەر لە تاوانبارکردنیانەوە تا دەگاتە خوێنڕشتنیان؛ ئەمە ئەو چوارچێوە گشتییەیە کە دەکرێت بە شێوەیەکی سەرپێی پێشنیاری بکەین بۆ تێگەشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی ناڕەزایی کۆمەڵایەتی.



لە فەرەنسادا کە وشیاردەبینەوە بە دێتێرمینیسمی کۆمەڵایەتی، ناڕەزاییەکانمان خۆیان مانیفیست دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی مەدەنی. نە پۆلیس تەقە لە خۆپیشاندەران دەکات، نە خۆپیشاندەرانیش تەقە لە پۆلیس دەکەن، بێگومان هۆکار زۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان بریتییە لەوەی کە لێرە لە فەرەنسا، کۆمەڵگە بە مانا سۆسۆلۆژییەکەی هەیە، لە نێو ئەم کۆمەڵگەیەدا سنووری هەموو کێڵگەکان لە یەکتری جودا کراوەتەوەو هیچ کەسێك دەسەڵاتی رەهای لە دەستدا نییە. لە نێو ئەم پانتاییە کۆمەڵایەتییەدا، هەموو تاك و گروپ و چینەکان مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی مەدەنی گوزارشت لە ناڕەزاییەکانیان بکەن.

# ناڕەزایی لە نێوان کەلتووری رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایدا

**ئومێد قەرەداغی:**

بێگومان ناڕەزایی لە دۆخیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریدا دروست دەبێت، ئایا جیاوازیی کەلتوورەکان چ کاریگەرییەك ئەخاتە سەر ناڕەزاییەکان ؟ لەوێشەوە دەکرێت بەگشتی سەرنجی ئەو کاریگەریی و ئەو جیاوازییە کەلتوورییە بدەین کە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا دا هەیە لە سەر ناڕەزاییەکان لە هەریەك لەو دوو کەلتوورەدا؟ بە مانایەکی تر جیاوازیی کەلتووریی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی چ جیاوازییەکی خستۆتە سەر ناڕەزاییەکان لە هەریەك لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا؟

**د.عادل باخەوان:**

ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، ئایا کەلتوورەکان چوارچێوەی گوزارشت لەخۆکردنی ناڕەزاییە کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکەن؟ سەرەتا با پێناسەیەکی کەلتوور بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە



باس لە چیدەکەین و لە کوێوە قسە دەکەین. ئێمە پێمانوایە کەلتوور بریتییە لە جۆرو چۆنیەتی ژیان لەسەر ئاستی تاك، خێزان، گرووپ، چین تا دەگاتە کۆمەڵگە، دەکرێت تاکەکانی خێزانێك هەریەکەیان هەڵگری کەلتووریك بن، بەڵام دەرەنجام سۆسۆلۆگ دەتوانێت رەگەزەکانی کەلتوورێکی هاوبەشی تایبەت بەو خێزانە بدۆزێتەوە، دەکرێت خێزانەکانی گروپیك هەریەکەو خاوەنی کەلتوورێکی تایبەت بن، بەڵام دواتر کەلتوورێکی هاوبەش هەموویان پیکەوە کۆدەکاتەوە، ئەم هاوکێشەیە بۆ چین و کۆمەڵگەش راستە.

لێرەوە بەقەدەر جیاوازی کەلتوورەکان، چرکەکانی مانیفێستاسیۆنی ناڕەزاییە کۆمەڵایەتیەکانیش جیاواز دەبن، ئەم جیاوازیانە دەمان بەنەوە سەر ئەوەی کە کەلتوور لە بەرامبەر سروشتدا دابنێین. بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئارەزویەکی بەهێز هەیە بۆ تیکەڵکردنی کەلتوور بە سروشت و سروشت بە کەلتوور، کەلتوور هەموو ئەو شتانەن کە لەمیژوی تاك و گروپ و چینەکاندا بینایاندەکەین، وەك بەهاو مۆراڵ و بیرکردنەوەو ئایینداری و کافربوون و چۆنیەتی نانخواردن و جلوبەرگ کردن و چۆنیەتی بینینی ئافرەت و سیاسەت و ئابووری و ئارەزووکردن و رقلێبوونەوەو خۆشەویستی و هتد... بەڵام بەپێچەوانەوە، سەرماو گەرماو بەفربارین و بارانبارین و شەپۆلی

دەریا و هتد، شتی سروشتین و ناکرێت وەك کەلتوور لە قەڵەمبدرێن، بەداخەوە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئارەزوی تیکەڵکردنی ئەم دوو گەردوونە زۆر بەهێزە. باتەنها نموونەیەك بخەینەڕوو؛ تەواوی سۆسیۆلیزاسۆین و پەروەردەی تاکەکان لە کوردوستاندا فێری ئەوەماندەکات کە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان کوردبوون و بارانبارینـدا، واتە وەك باران بارین جێگای پرسیار نییە و شتێکی سروشتییە ئاواش کوردبوون شتێکی سروشتییە، ئەم سۆسیۆلیزاسیۆنە دەیەوێت باوەڕ بەئێمە بێنێت کە هەر لە ئەزەلدا کوردبووین و بەکوردیش لە دایکبووین و بە کوردیش دەمرین، لە کاتێکدا کوردبوون بیناکردنێکی بەردەوامی مێژووییەو هیچ پەیوەندیەکی بە سروشتەوە نییە، ئەم هاوکیشەیە بۆ موسوڵمانبوونیش راستە. (ئەم مەسەلەیە دەکرێت لە جێگای دیکەداو بەدرێژتر باسی لێوەبکەین).

بێگومان کەلتوور وەك چوارچێوەی بیناکراوی مێژووی تاك و گروپ و چینە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەر چرکەیەکدا ئامادەیە بۆ ئاڕاستەکردنی رەفتارەکان و سەرکردایەتی کردنیان بەشێوەیەکی هارمۆنی.

رەنگە بەراوردکردنی کاردانەوەی موسوڵمانانی ئەورووپاو موسوڵمانانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی پیغەمبەری ئیسلامدا گرنگیەکی سۆسیۆلۆژی



بەهێزی هەبێت، بێ تیگەشتن لەوەی کە تاچ رادەیەك کەلتوورەکان فێرمی گوزراشتکردن لە ناڕەزاییەکان دیاری دەکەن.

موسوڵمانانی ئەوروپا مرۆڤی ئەوروپین بە هەموو مانای ئەوروپایی بوون، موسوڵمانانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش منداڵانی شەرعی ئەو کەلتوورانەن کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاردەکەن، موسوڵمانانی ئەوروپا رژانە سەر جادەکان، نەك بۆ دەرکردنی فەتوای کوشتن و سوتاندن و لەتوپەتکردنی خاوەنی کاریکاتێرەکان، بەڵکو بۆ ئیدانەکرنی سیاسەتی بانێکەو دوو هەوای ئەوروپا، کە لەکاتێکدا رێگا دەدات بە بڵاوکردنەوەی گاڵتەجاری بە پێغەمبەری ئیسلام، رێگا دەگرێت لە هەر رەخنەگرتنێك لە هۆلۆکۆست، بەڵام موسوڵمانانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە توندڕەو میانەڕەوەوە، بانگی کوشتنیان دەداو سەفارەتیان دەسوتاندو تەنانەت لە هەندێك وڵاتی ئیسلامیشدا دەستیان بەخوین سورکرد، لێرەوە بەروونی دەبینین کەلتوورەکان چۆن چوارچێوەی گوزارشتکرن لە ناڕەزاییەکان دیاری دەکەن.

**ئومید قەرەداغی:**

ئەو خۆپیشاندانانەی لەم دواییەدا لەلایەن خوێندکاران و لاوانی فەرەنساوە رویدا تەنها بۆ رەتکردنەوەی یاسای نوێی کارکردن بوو کەحکومەت بەم دواییە دەریکرد، یان گوزارشت لە

کۆمەڵیك گرفتی قوڵتر ئەکات کە لە هەناوی کۆمەڵگای فەرەنسیدا هەیە و پێویستی بە گۆڕانە؟ ئایا ئەتوانین بڵێین ئەگەری رودانی شەست و هەشتێکی دیکە لە ئارادا هەیە؟

**د.عادل باخەوان:**

پاش دۆڕانی چەپی فەرەنسی لە 2002 داو سەرکەوتنی جاك شیراك وەك نوێنەری راستڕەوی لیبراڵی فەرەنسی، تا چرکەی ئەم چاوپێکەوتنەش، فەرەنسا رێگایەکی ترسناکی گرتووەتە بەر. رێگای دابڕان لەگەڵ مێژووی خۆیدا، لەگەڵ تایبەتمەندیەتەکانیدا، لەگەڵ ژیان لەسەر مۆدێلە سیاسیەکەیدا، راستڕەوە لیبراڵەکانی وەك دومۆنیك دوڤیلپان و نیکۆلا سەرکۆزی و جاك شیراکی سەرکۆمار لە 2002 وە تائێستا ئامانجی سەرەکیان بریتییەلە بە ئەمریکاییکردنی فەرەنسا. واتە تەسلیمکردنی فەرەنسا بە کۆمەڵێك سەرمایەدار! کۆمەڵێك سەرمایەدار کە ماف ئەوەیان دەبێت سەرلەنوێ دەستکاری ژیانی کۆمەڵایەتی فەرەنسیەکان بکەن و یاساکانی یارییەکە بگۆڕن.

بێ ریالیزەکردنی ئەم ئامانجە، هەرلەسەرەتاوە هاتن و بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیان سڕییەوە، بۆ نموونە ئەو کرێکارانەی کە کارەکانیان لەدەستدابوو، وە لەسەر سۆشیال دەژیان، موچەی مانگانەیان لێبڕین و فرێیاندانە



سەرجادەکان. پاشان زەریبەیان خستە سەر بەشێکی زۆر لەو شتانەی کە زەریبەیان لەسەرنەبوو، دواتر پەلاماری زانکۆکانیانداو دەستکاری سیستەمی خوێندنیانکرد. بەکورتی لە 2002 وە تائێستا، راستڕەوە لیبراڵەکان کارلەسەرئەوەدەکەن کە مرۆڤی فەرەنسی ئیتر هاووڵاتیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت، بەڵکو کۆنسۆماتۆڕێکی (موستەهلیك)بەردەوامبێت. لەنێو فەرەنسای ئەم لیبراڵێنەدا، هەژارەکان تادێت هەژارتردەبن و دوڵەمەندەکانیش تا دێت دەوڵەمەندتردەبن، گەڕەکە جوانەکان تادێت جوانتردەبن و گەڕەکە ناشیرینەکانیش تادێت ناشیرینتر دەبن، کە بە گەڕەکەکانی پاریسدا پیاسەدەکەیت، تۆ هەستناکەیت لەیەك پاریسدایت، بەڵکو لە چەندیین پاریسدا، کە لە زانکۆ، لەجلوبەرگ و چۆنیەتی قسەکردن و خوێندن و سەرکەوتن و نمرەکانی خوێندکاران رادەمێنیت، راستەوخۆ کارایی ئەم لیبرالانە دەبینیت. گەر سەرێك لە قوتابخانەی نۆرماڵی باڵا بدەیت، ئەوسا دەبینیت هەموو خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیە منالی سەرمایەدارو بۆرژواو دەوڵەمەندەکانن و بەزەرەبینیش کوڕی کرێکارێکی تیادا نادۆزیتەوە، لە فەرەنسای ئەم لیبرالانەدا، راسیزم وەك کۆتەرە سەرئاوکەوتوەو زۆر بەتوندی هەڕەشە لە سەرجەم مێژووی فەرەنسا دەکات.

لەنێو بارودۆخێکی ئاوادا، دۆمینیک دوڤیلپان دێت و یاسای (عەقدی یەکەم کار) فریدەداتە نێو بازاڕەوە، ئەم یاسایەی کە تایبەتە بەو خوێندکارو لاوانەی کە یەکەم جاریانە لە ژیانیاندا کاردەکەن، خراپترین یاسایە لە مێژووی ئەم حکومەتەدا، چونکە بۆ ماوەی دووساڵ کرێکار لە ژێر ئەزمووندا دەبێت و هەرکاتێك سەرکارەکەی ویستی پەلیدەگرێت و فڕێی دەداتە دەرەوە، واتە هەموو ئەو یاسایانەی کە کرێکار لەبەرامبەر سەرکاردا دەپارێزن، لەبەرامبەر ئەم یاسایەدا بەتاڵدەبنەوە.

هەرلەسەرەتاوەو پێش دەرچوونی یاساکە، خوێندکاران و لاوان و سەندیکاکان هەڕەشەی ئەوەیان کرد لە سەرۆك وەزیران کە قبوڵی ناکەن، بەڵام ئەو لەسەر بڕیاری خۆی سوربوو. دەرەنجام: زیاتر لە دووهەفتەیە، زانکۆکان داخراون، بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکانی ناوەندی و سەرەتایی داخراون. خۆپیشاندنی چەند ملیۆنی سازدەکرێت.

بێگومان هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەرپێمان وابیت بەتەنها ئەم یاسایە هۆکاری ئەم راپەڕینەیە، بەپێچەوانەوە، ئەم راپەڕینە قوڵاییەکانی لەنێو مێژوودایە کە ئاماژەمان پێکرد.

ئایا دەکرێت باس لە 68 ێکی دیکە بکەین؟ بەشێکی زۆر لەو سۆسیۆلۆگانەی کە لە 68 دا بەشداربوون و ئێستا پەیوەندیم پێیانەوە هەیە، کە ئەم پرسیارەیان ئاڕاستە دەکەم، وەك ئالان



تورین و جاك ریڤیل، بەخەندەیەکەوە وەڵامم دەدەنەوەو دەڵێن: بۆنی 68 ی لێدێت.

# خۆپیشاندان لێرەو لەوێ

**ئومید قەرەداغی:**

هاوکات لەگەڵ رودانی خۆپیشاندانی خوێندکاران لە فەرەنسا خۆپیشاندانیکی خوێندکاریش لە کوردستان( لە شارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید) بەڕێوە چوو، ئایا دەتوانین بەراوردی ئەم دوو خۆپیشاندانە بکەین؟ ئەگەر بەڵێ، ئەوا گرنگترین خاڵی جیاوازیی و لە یەکچوونی ئەم دوو خۆپیشاندانە چییە؟وە ئەگەر نەخێر بۆچی ؟

**عادل باخەوان:**

ئەوەی لە هەڵەبجەدا رویدا لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژی بەهایەکی گرنگ و بێسنوری هەیە. گەر ئەم روداوە لەشارێکی دیکەی کوردوستان رویبدایە هەرگیز ئەم گرنگیەی ئێستای نەدەبوو. بێگومان بەراوردکردنی راپەڕینی خوێندکاران لە پاریس و راپەڕینی خوێندکاران لە هەڵەبجە یەکێکە لەو کارە هەرەگرنگانەی کە توێژەرانی کورد ناچاربەکارکردن دەکات و خۆشاردنەوە لێی دەکرێت وەك جۆرێك لە تاوان بەرامبەر بە



زانست حساب بکریت. من ئەم بەراوردکردنە بەمشێوەیە دابەشدەکەم:

ئەو ئەکتەرانەی نمایشی ئەم شانۆگەرییە دەکەن، لە فەرەنسا و لە کوردستان، بەپلەی یەکەم هەموو ئەو کەسانەن کە سەربە چینی خوێندکاران و لاوانن. راستە لە هەردوو وڵاتدا، ئەندامانی چینەکانی دیکەش لە دروستکردنی هەردوو رووداوەکەدا بەشداربوون، ئەوەش راستە کە ئەکتەرە موهەیمینەکانی سەر شانی بەردەوام خوێندکاران و لاوانن. بەڵام ئەوەی بەراورد ناکریت چۆنیەتی و چەندایەتی هەردوو روداوەکەیە، خوێندکاران و لاوانی هەڵەبجە بەتەنها بوون و لە چەند سەدکەسیك تێنەدەپەڕین، بەڵام خوێندکاران و لاوانی پاریس، یەك ملوێن و نیو بوون و لەهەر چوار لای فەرەنساوە خوێندکاران و لاوان هاتبوون و ئایین بۆ پشتیوانی لێکردنیان، خوێندکاران و لاوانی هەڵەبجە بەتەنها ڕێگای شاریان داخست و پەلاماری مۆنۆمینتی هەڵەبجەیاندا، بەڵام لێرە لە فەرەنسا خوێندکاران هەموو زانکۆکانی فەرەنسایان داخست، ژیانیان بەجۆرێك لە جۆرەکان پەکخست، تاڕادەیەك، جاك لانگ، کە یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە ناودارەکانی فەرەنسا دەڵێت: ئەمرۆ پاریس وەك رۆما دەسوتێت و دیمینیك دوڤیلپانیش وەك نیرۆن سەیری سوتانەکەی دەکات.

رەنگە بەهێزترین مانای سۆسیۆلۆژی ئەم بەراوردکردنە بریتی بێت لە دەرخستنی لاوازی و سەرتایی و پەرتەوازەیی بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوان لە کوردستان و بەهێزی و دینامیکیەتی هەمان بزووتنەوە لە فەرەنسادا بێت.

ئەو هۆکارانەی کە ئەم چینەی هێناوەتە سەرجادەکان رەگوریشەکانی لە نێو گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندایە و هەر گەڕانیك بەدوای ئەو رەگوڕیشەیە لە جێگایەکیتردا وەك هەڵەیەکی گەورەی میتۆدۆلۆژی دەکرێت وردبکرێتەوە، من لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشودا باسی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەم کرد کە خوێندکارانی پاریسی هیناوەتە سەرجادە، ئێستا با باس لە وەی هەڵەبجە بکەین،

هەموو ئەو توێژەرانەی کە سەردانی هەڵەبجەیانکردووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە منەوە نزیکن و قسەم لەگەڵکردوون، ئەم رستەیە دووبارە دەکەنەوە: "هەڵەبجە، کە بەراوردی دەکەیت لەگەڵ سلێمانیدا، پێتوایە لە دەرەوەی میژوودا دەژی". یەکێك لە گرفتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوەیە کە هەموو تواناکانی خۆی لە سلێمانیدا کۆکردوەتەوەو سلێمانی بە هەموو کوردستان و کوردستان بە هەموو سلێمانی دەزانیت، ئەم گرفتە رەنگە دواتر یەکێتی نیشتمانی فرێبداتە دەرەوەی میژووی خۆیەوە، یەکێك لەو جیاوازییە هەرەسەرەکیانەی کە یەکێتی



شانازی پێوەدەکات بریتییە لە بوونی وەك حیزبیکی گەورەی چەپ لە کوردوستاندا. لە هەموو دونیاشدا کە قسە لەسەر چەپدەکەین، راستەوخۆ قسە لەسەر بەسۆشیالکردنی پانتاییە گشتییەکان دەکەین، راستەوخۆ قسە لەسەر چارەسەکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین. ئەگەر بڕیاربیت پارتی لە خزمەتی چینی بۆرژوازو دەوڵەمەندو ئاغاو دەرەبەگ و سەید و شێخەکاندا بیت، ئەوا دەبێت یەکێتی لە خزمەتی دورخراوەکان و جوتیاران و کرێکاران و هەژاران و خوێندکاران و لاوان و کلۆڵەکانی کوردوستاندا بێت. گەرنا چەپبوونی یەکێتی چ مانایەکی هەیە! گەر پارتی وەڵامی پرسیاری بەهێزەکان بداتەوە، ئەوا یەکێتی دەبێت پشتوپەنای بێهێزەکانی کوردستان بێت، گەرنا چەپبوون چ مانایەکی هەیە! بەڵام ئایا یەکێتی تا ئێستا ئەمەی کردووە ؟ بێگومان هەر ئەندامێکی یەکێتی کە رێز لە خۆی بگرێت دەڵێت نەخێر، ئەی ئایا یەکێتی چۆن دەتوانێت ئەم پرۆژەیە ریالیزە بکات؟ بە بڕوای من، وەك چاودێریك، یەکەم هەنگاوی دەبێت چوونە دەرەوەی بێت لە سلێمانی بەرەو پەراوێزەکان، لە ئێستادا یەکێتی پەراویزەکانی، لەسەر ئاستی پراکتیك، تەسلیم بەوانیدیکە کردووە! کی باوەڕدەکات هەڵەبجە و عەربەت و کەلارو قەڵادزەو هەڵەبجەی تازە شاربن و لە نێو هەمان میژووی سلێمانیدابن ؟

هەندێکجار دەگوترێت ئەوانەی پەلاماری مینۆمێنتەکەی هەڵەبجەیاندا کۆمەڵێك توندڕەو تیرۆریست بوون! بێگومان رەنگە ئەم گریمانەیە راستبێت. بەڵام یەکێتی دەبێت پرسیار لەخۆی بکات: بۆچی ئەم مرۆڤە کوردە دەبێت بە تیرۆریست ؟ خۆ ئەم مرۆڤە وەك تیرۆریست لە دایك نەبووە، بەڵکو هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی قورس و گران دەیکات بە تیرۆریست. ئایا یەکێتی وەك دەسەڵات بەرپرس نییە لە دروستبوونی ئەو هەلومەرجەدا ؟ کەخوێندکارێکی هەڵەبجە توانای کڕینی کتێبەکانی نەبێت، توانای کڕینی پانتۆڵەکەی نەبێت، توانای بەکرێگرتنی ژورێکی نەبێت، توانای نانخواردنی نەبێت لە چێشتخانەیەکدا، توانای گۆڕینی قۆنەرەکانی نەبێت لە ساڵێکدا، ئیتر ئەم خوێندکارە چ ئومێدێکی بەژیان هەبێت؟ ئیتر چۆن نابێت بە تیرۆریست؟

کە لەفەرەنسا گرفتی سەرپۆش لە خوێندنگەکاندا بازیدایە نێو ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە، حیزبی دەسەڵاتدار نەهات کوتوپڕ یاسایەك دەربکات و هەرچی سەرپۆشبەسەر هەیە رەوانەی زیندانەکان بکات، بە پێچەوانەوە، سەرکۆمار بەشێوەیەکی رەسمی داوای لە سۆسیۆلۆگ و فەیلەسوف و ئیسلامۆلۆگەکانی فەرەنسا کرد کە توێژینەوەکی بابەتیانەی بۆ ئامادەبکەن تا بتوانێت بڕیارێکی دروست لەسەر ئەو دیاردەیە بدات، سەرکۆمار



لیژنەیەکی لەو سۆسۆلۆگ و فەیلەسوفانە دروستکرد، کە ئالان تورین و موحەمەد ئارکۆن و رێیجیس دوبرای، کەسە هەرە ناودارەکانی بوون، دوای توێژینەوەیەکی یەك ساڵی تەشخیسی کیشەکەیان بۆ سەرۆك کردو پێیانگووت چارەسەر لەکوێدایە، بەڵام ئایا یەکێتی نیشتمانی کەی لەوە تێدەگات کە ئەندامانی مەکتەب سیاسی نە سۆسیۆلۆگن و نە پۆلیتۆلۆگ و نە توێژەر، بەڵکو سیاسین، وە دروستکردنی زانستیکی بابەتی لەسەر ئەوەی لە هەڵەبجەدا رویدا تەنها بەتوێژەران دەکرێت نەك بە ئەندامانی مەکتەب سیاسی؟

من لە ئێستادا پێشنیاری ئەوەدەکەم کە هەر ئەمڕۆ یەکێتی ئاسایش و هەموو حیزبەکان بە خۆیشیەوە لەو روداوە دوربخاتەوەو بە شێوەیەکی رەسمی دەعوەتنامەیەك ئاڕاستەی چەند توێژەریك بکات و لیژنەیەکیان لێدروستبکات بۆ ئەوەی ئەرکی بەرهەمهینانی زانستێکی بابەتیانە لەسەر ئەو روداوە بگرنە ئەستۆ، وە ئەم زانیاریە ئۆبژێکتیڤە تەنها گەرەنتیکە بۆ ئەوەی دەسەڵات تێبگات لەوەی رویداو چارەسەری دروستی بۆ بدۆزێتەوە، ئەو لیژنەیەش دەکرێت لەم کەسانە پیکبیت:

ڕیبوار سیوەیلی، ریبین ئەحمەد هەردی، فاروق رەفیق، ئاراس فەتاح، مەریوان وریا قانیع، بەختیار عەلی، ئومید قەرەداغی، شوان ئەحمەد، ئیحسان وڵزی، سەباح بەرزنجی، بەهمەن تاهیر.

بێگومان ئەمە لەکاتێکدا مومکینە کە یەکێتی بێەویت تێبگات و چارەسەری دروستبدۆزێتەوە. بەڵام گەر یەکێتی نەیەوێت نە تێبگات و نە چارەسەریش بدۆزێتەوە، ئیتر با خۆی ئامادەبکات کە هەرشارێکی دیکەی کوردستانی لێببێتەوە بەهەڵەبجەیەکی دیکە.

**ئومید قەرەداغی:**

ئەوەی لەو خۆپیشاندانەی فەرەنسا سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە کە زۆریك لە مامۆستاو بیریاری ناو زانکۆکان پشتگیری خوێندکاران دەکەن بەڵام ئەم دیاردەیە لە کوردستان زۆر کەمە یان هەر نییە  هۆی ئەمە چییە؟ ئایا هۆکەی ئەوەیە کە خوێندکارانی فەرەنسا لە پشت خۆپیشاندانەکەیانەوە پرۆژەو فیکر هەیە و سەرەنجام وا لە مامۆستایان ئەکات کە پشتگیرییان بکەن، بەڵام لە کوردستان لە پشت خۆپیشاندانی خوێندکارانەوە فیکرو پرۆژەو بەرنامە نییە و ئەمەش وا لە مامۆستایان ئەکات کە لە پشتگرییکردنیان دور بکەونەوە؟ یان هۆکەی ئەوەیە لە کوردستان بۆشاییەك لە نێوان مامۆستا و خوێندکاردا دروست بوە، بەڵام لە فەرەنسا ئەم بۆشاییە نییە یان زۆر کەمە؟



**د. عادل باخەوان:**

جارێکیتر رادەکێشرێمەوە سەر قسەکرن لەسەر رۆشنبیر، لەفەرەنسا پیەر بۆردیۆ لە وێستگەی شەمەنەفەری لیۆن (کە یەکێکە لە وێستەگەکانی پاریس) تیکەڵ بە کرێکاران دەبێت و لەگەڵیاندا هاواردەکات و هوتاف دەکێشێت. ئێستاش گەورە سۆسیۆلۆگ و فەیلەسوفەکانی فەرەنسا تیکەڵ بە خوێندکاران دەبن و هوتاف دەکێشن، بەڵام لە وڵاتی ئێمە رۆشنبیر خۆی بە خوا دەزانێت، ئەو خوایەی کە دەبێت لە ئاسمانەوە تەماشای کلیلەکانی بکات؛ ئەم خوایە نایەوێت لە ئاسمان بێتەخوارەوە، پێیوایە هەرکە هاتەخوارەوەو تیکەڵ بە بەشەرەکان بوو ئیتر قودسیەتی خۆی لەدەستدەدات، ئەم خوایە پێیوایە کە دەبێت هەرخەریکی نازڵکردنی کۆنسێپتی لاستیکی و رستەی بێمانا و دارشتنی بێناوەڕك بێت.

# وێنەی کورد
# لە میدیای عەرەبیدا

## گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی سەنتەری سوریا

## بۆراگەیاندن ئازادی و رادەربڕین مازن دەرویش



**مازن دەرویش**

- رۆژنامەنووس و میدیاکاری ناسراوی سوریا، یەکێکە لە کەسایەتییە گرنگەکانی بەرگریکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە سوریا
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی دیمەشق لە کۆلیجی ئابووری و بازرگانی وەرگرتوە
- دامەزرێنەر و سەرۆکی (ناوەندی سوریا بۆ راگەیاندن و ئازادی بیروڕا)یە
- خاوەنی کۆمەڵێك کتێبە لەوانە ( سوریا 2007 ساڵێك لە چاودێری ئاسنین) و (ماڵیکردنی ئینتەرنێت) و ( حاڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە سوریا)

# میدیا و
# گەشەپێدانی سیاسی

**ئومێد قەرەداغی :**

بەڕێزت یەکێکیت لە دەنگە گرنکەکانی بەرگری لە ئازادی و ئازادی رۆژنامەنوسی بە گشتی، بەرای تۆ ئازادی کاری رۆژنامەنوسی و راگەیاندن چ کاریگەرییەکی هەیە لە گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وە گەشەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی؟

**مازن دەرویش:**

کاتێك قسە ئەکەین لەسەر رۆڵی راگەیاندن لە گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە هەمانکاتدا قسە ئەکەین لە بارەی راگەیاندن وەك هاوبەشێك لە بواری چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا، راگەیاندن بە هەموو بوارەکانی و ئامرازەکانییەوە تەنها کاردانەوە و دەنگدانەوەی واقیع نییە، تەنها تۆمارکردن و وێنەگرتنی واقیع نییە، بەڵکو یاریکەرێکی بنەڕەتییە لە دروستکردنی رای گشتیدا، یاریکەرێکی بنەڕەتییە لە بەرهەمهێنانی دیدی رۆشنبیری و هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی



لە کۆمەڵگادا، بەمپێییە راگەیاندن هاوبەشێکی بنەڕەتی و هەڵگرێکە لە هەڵگرەکانی گەشەپێدان، ناکرێ قسە لەسەر گەشەپێدان و پێشکەوتنی سیاسی و چاکسازی بکەین بە بێ راگەیاندنێکی ئازاد، لەمڕۆدا ناتوانین باس لە چەمکەکانی شەفافییەت و دیموکراسی بکەین بە بێ باس لە ئازادیی کاری راگەیاندن و رۆژنامەنوسی سەربەخۆ، بۆ بوونی ئەو راگەیاندن ئازادە ئەبێ ژینگەیەکی یاسایی پێویست دەستەبەر بکرێ کە بوار برەخسێنێت بۆ بۆ مانەوەی ئەو ئازادی راگەیاندنە، وە ژینگەیەکی سیاسی کە رێزی ئەو ئازادییە بگرێ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە هۆشیارییەکی گشتیش پێویستە بۆ ئەو ئازادییە.

**ئومێد قەرەداغی:**

هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی بواری راگەیاندن، پێیانوایە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی بەربلاو بایەخ بە بواری تەرفیهی و بابەتی ناجددی ئەدرێت، بۆ نموونە راگەیاندنی رۆژئاوا بایەخێکی زیاد بە وەرزش و بابەتە تەرفیهییەکان ئەدات و ئەمە جگە لەوەی ریکلام وەك رەهەندێکی بازرگانی باڵادەستە بەسەر راگەیاندندا، واتە راگەیاندنێکی نا مەبدەئی و ناجدییە لە پەرەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تۆ رات چییە؟

**مازن دەرویش:**

باوەڕم وایە تەعمیم و ڕەهایەتی لەم جۆرانەدا شتێکی ڕاست نییە، ڕاستە ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ زۆر بایەخ ئەدات بە وەرزش و مەسەلە تەرفیهی و بازرگانییەکان، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ بواری ڕەخساندوە بۆ جۆرێك لە تایبەتمەندی لە بواری ڕاگەیاندندا، ئەمڕۆ کەناڵی تایبەتمەند هەیە لە بواری هەواڵ و سیاسەت و گواستنەوەی هەواڵ و ڕوداو هەروەها بە بواری وەرزش و تەرفیهیات، کەناڵیش هەیە تایبەتمەندە بە بواری ڕۆشنبیری، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فرە جۆری ژیانە بە هەموو ڕەنگەکانییەوە، بە هەموو چالاکییەکانییەوە، ئەمەش وا ئەکات کە هاووڵاتی لەبەردەم هەڵبژاردنی جۆراوجۆردا بێت، ئەگەر ئارەزووی لەگەڵ بابەتی تەرفیهی و وەرزشی بێت ئەوا ڕوو ئەکاتە ئەو کەناڵانە و، ئەگەر ئارەزووی لە بابەتی سیاسی و هەواڵ بێت ئەو سەردانی کەناڵی دڵخوازی خۆی ئەکات.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئایا ئەتوانین بڵێین ڕاگەیاندنی عەرەبی خاوەن ستراتیژێکی تایبەتە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بابەتەکانی وەك مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پرسە گرنگەکانی دیکە؟



**مازن دەرویش:**

بەرای من کارێکی قورسە باس لە ستراتیژێکی تایبەت بکەین بۆ ڕاگەیاندنی عەرەبی، ڕاگەیاندنی عەرەبی یەك ڕەنگ و یەك جۆر ویەك دەنگ نییە، بەڵکو تۆڕی ڕاگەیاندنی جیاواز هەیە و بایەخ بە بابەتی ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی جیاواز ئەدەن، لە ڕوانگەی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ مافی مرۆڤ و دیموکراسیدا دەکەن، بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی ستراتیژی تایبەت و ڕۆشن بوونی هەبێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا ڕاگەیاندنی عەرەبی گرنگییەکی زیاتر بە بابەتە جیهانییەکانی وەك مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سیاسەتی نێو دەوڵەتی ئەدەن.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام هەندێك لە چاودێرانی ڕاگەیاندنی عەرەب پێیان وایە بەشی هەرە زۆر و فراوانی ڕاگەیاندنی عەرەبی خەریکی بە ئایدۆلۆژیکردنە، بە ئایدۆلۆژیکردنی چەمکە نەتەوەیی و ئایینیەکان، هەندێ لە کەناڵە ئاسمانییەکان بایەخ ئەدەن بە بە ئایدۆلۆژیکردنی هوشیاری گشتی عەرەبی بە چەمکەکانی بیری ئسوڵی؟ ڕات چییە لەو بارەیەوە؟

**مازن دەرویش:**

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن پێیانوایە ڕاگەیاندنێکی تەواو بێلایەن یان ڕاگەیاندنێکی تەواو سەربەخۆ بوونی نییە بە مانا فیکری و سیاسییەکەی، بەڵکو ڕاگەیاندن مەیلدارە بە مانای مەیلداری فیکری و سیاسی، واتە هەموو ڕاگەیاندنێك سیاسەتێك یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی هەیە یان ستراتیژیکی تایبەتی هەیە، لێرەدا مینبەر و کەناڵی ڕاگەیاندنی عەرەبی هەیە کە بایەخدەرێکی جدیین بە چەمك و بابەتە ئایینی و ئسولییەکان ، ئەمەش گرفتە، دیاردەیەکەو لای منیش مایەی نیگەرانییە، بۆ نمونە بە تەنها تۆری نایل سات نزیکە 48 کەناڵی ئیسلامی هەیە کە بانگەشە بۆ ئیسلامێکی ئسولی ئەکات، باوەڕم وایە سەردەم زۆر چەمکی لەو بابەتی تێپەڕاندوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی سیستمە جیاوازە سیاسییەکان ڕاگەیاندنەکان بەکار ئەهێنن بۆ خزمەتی ئەجیندا سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان جا چەپ بن یان ڕاست.

**ئومێد قەرەداغی:**

کەواتە بەپێی ئەو پێدراوانەی لەبەردەستدان ڕۆڵی ڕاگەیاندنی عەرەبی چۆن ئەبینی لە دنیای عەرەبیدا، ئایا ڕۆڵی هەبوە لە گۆڕین و گەشەپێدانی بوونیادی تەقلیدی کۆمەڵگا یان



نا؟ تا چ ئەندازەیەك ڕۆڵی هەبوە لە گەشەپێدانی سیاسی و کرانەوەی کۆمەڵگای عەرەبیدا؟

**مازن دەرویش:**

ئەمە بابەتێکی گرنگە و پێویستی بە توێژینەوەیە و وەڵامدانەوەی ئاسان نییە، بە شێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنی عەرەبی هی دەوڵەتە عەرەبییەکانە و گوزارشت لە دیدگای ئەوان ئەکات، ئەمەش نەك بۆ سیاسەت بەتەنها بەڵکو بۆ ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتیش، ملیارەها دۆلار بۆ ئەوان خەرج ئەکرێ و ملیارەها بۆ ئەو پەیامە ئیعلامییەی ئەوان تەرخان ئەکرێ، ئەمە ڕاستە و بوونی هەیە، لە جیهانی عەرەبیدا تۆڕی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ گەشەی نەکردوە و تۆڕی ڕاگەیاندن هی ئەو کەسەیە کە کۆمەکی دارایی ئەکات، تۆڕە ڕاگەیاندنەکان لەلایەن دەوڵەتەوە کۆمەك ئەکرێن و ساڵانە ملیارەها دۆلاریان بۆ خەرج ئەکرێ، لە جیهانی عەرەبیدا وەك وتمان هێشتا ڕاگەیاندن سەربەخۆ کە موڵکی گشتی بێت لەدایك نەبوە بەڵکو ڕاگەیاندن موڵکی دەوڵەتە، ئەو کەناڵانەش کە ڕاستەخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە کۆمەك ناکرێن ئەوە زۆربەیان سەرچاوەی داراییان هەر دەوڵەتە، کە لەلایەن دەوڵەتەوە موڵکداری ئەکرێن ئەوا ئەبێت چاوەڕێی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیش بکەن و ئەرکی ئەوان خزمەت ئەبێت بە

سیاسەت و ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، بەم مانایە راگەیاندنی عەرەبی راگەیاندنێکە سەربەخۆیی خۆی نییەو گوزارشت لە دەوڵەت یان گروپ ئەکات، راگەیاندنی سەربەخۆ وەك ئەوەیە لە ئەوروپا دروست بوە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدایە.

**ئومێد قەرەداغی:**

کەواتە ئابووری سەربەخۆ مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ راگەیاندنێکی ئازاد؟

**مازن دەرویش:**

بەڵێ راستە، بەڵام ئەوە وێنەیەکی توباوی میسالییە وێنەی ئەوە بکێشین کە کۆمەکێکی دارایی خودی بە مانای وشە بۆ راگەیاندن هەبێ، بەڵام پێویستییەکانی راگەیاندنی زۆرە و شتێکی قورسە راگەیاندنێك لە رووی مادییەوە بە تەواوی سەربەخۆ بێت، گرنگ بوونی پرەنسیپی پیشەییە، بەڕای من ئەمڕۆ گرنگە باس لە راگەیاندنیك بکەین کە لەسەر بنەمای پیشەیی کار بکات نەك باس لە راگەیاندنێك بکەین لەرووی داراییەوە یان سیاسیەوە سەربەخۆ بێت، وە کاری پیشەیی ئەتوانێت بەڕادەیەکی زۆر بێلایەنی و سەربەخۆیی دروست بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکاندا .



**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام بەڕای تۆ گرنگترین پرەنسیپە پیشەییەکانی کاری راگەیاندن چین؟

**مازن دەرویش:**

لە کاری راگەیاندن لانیکەمی پرەنسیپی پیشەیی ئەوەیە بۆ چارەسەری هەر کێشەو دیاردەیەك ئەبێ هەموو لایەنەکان لەبەرچاو بگیرێت، بۆ هەموو روداو دیاردەیەك ئەبێت رای هەموو لایەك وەبگیرێت، وە پانتاییەك دروست بکرێت تا هەردوو لایەنی کێشەکە یان دیاردەکە بتوانن تەعبیر لە راو بۆچوونی خۆیان بکەن، لانیکەم پانتاییەك وەك ئازادییەك ئەبەخشێت بە هەردوو لای کێشەکە بۆ تەعبیرکردن لە بیروڕای خۆیان، ئەمە خاڵی یەکەم و سەرەتای کاری پیشەییە.

**ئومێد قەرەداغی:**

بێگومان ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمی شۆڕشی زانیاری و شورشی ئەلیکترونی و پەیوەندییەکاندا ئەژین، چۆن بتوانین کاریگەری لایەنە نێگەتیڤەکانی کەم بکەینەوە و سود لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی وەربگرین بۆ فراوانکردنی سنووری ئازادی و، بۆ

گەشەپێدانی سیاسی و گەشەپێدان و فراوانکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی؟

**مازن دەرویش:**

پرسیارەکەت پەیوەست ئەکەمەوە بە پرسیارێکەوە کە لەسەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەتدا لە منت کرد، جارێکی تر ئەگەڕێینەوە بۆ کەناڵە بازرگانیی و تەرفیهییەکان و ئەوەی بەرهەمدێت لە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، مەسەلەی بنەڕەتی پەیوەستە بە هۆشیاری خودییەوە و کاریگەری گەورەی هەیە، بریتییە لە چونێتی بەکارهێنانێکی دروست بۆ ئەو ئامرازانە، ئەمڕۆ ئینتەرنێت هەمەجۆر ئیمکانیەتت پی ئەبەخشێ، فلیمی ئیباحی و فلیمی زانستی نیشان ئەدرێت تۆ چون ئەو ئیمکانیەتە بەکار ئەهێنیت ؟ بەڵام بیرۆکەی لەناوبردنی ئەو ئیمکانییەتە، بیرۆکەی دروستکردنی دیوار و بەربەست بەرووی ئینتەرنێت و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندندا بیرۆکەیەکی عەبەسە، هەوڵدان بۆ ریگری و تەشویش بەرووی ئینتەرنێت و هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندندا ئەوە کارێکی پوچگەرایە، بەڵکو پێویستە زیاتر کار بکەین بەڕووی گەشەپێدانی هۆسیاری مەدەنی لە نێوخۆی کۆمەڵگادا.



**ئومێد قەرەداغی:**

سروشتی جیهانی ئەمڕۆمان ئەوەیە کە هیچ کەسێك یان وڵاتێك ناتوانیت دەرگاکان دابخات بە رووی جیهانگیریدا

**مازن دەرویش:**

بەڵێ منیش ئەمەوێ لەوە قسە بکەم، لەم بابەتەدا گرنگترین و بەسودترین شت لێرەدا ئەوەیە کە خاوەن هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییەکی خودی بین، وە ئامادە بین مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو کەرەستانەدا بکەین کە بۆ ئێمە گونجاو سوودبەخشن، رەفزکردنی ئەو شتانەی کە ئەنجامی نێگەتیڤیان لەسەر ژیانی ئێمە هەیە و وەرگرتن و گەشەپێدانی ئەو رەهەند و تێزانەی کە بۆ ئێمە بە سوودن و مایەی گەشەپێدانی هەمە لایەنەی ژیانی ئێمەن، واتە تۆ خاوەنی اختیاری هەم لەسەر ئاستی تاکەکەس و هەمە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن ئیمکانەت و ئامرازی هەمەجۆرت پێئەبەخشێت، ئەمەش ئەکەوێتە سەر ئەوەی تۆ چۆن ئەو ئیمکانەت و ئامرازانە بەکار ئەهێنێت، بەڵام هەوڵدان بۆ شاردنەوەو لابردنی پێگەکانی ئینتەرنێت ـ هەوڵدان بۆ نەهیشتن و داخستنی ئینتەرنێت و لابردنی هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندی شتێکی پوچگەرایە.

سەبارەت بەم بابەتە من تەئكيد لەوە ئەكەمەوە ئێمە كۆمەڵێك ئامرازمان لەبەردەستدايە و ئەكرێ بە شێوەيەكى ئيجابى بەكارى بێنين و گەشەى پێبدەين.



# ئازادى رۆژنامەنووسى
# لە ميدياى عەرەبيدا

**ئومێد قەرەداغى:**

**بەڕێز مازن رات چييە سەبارەت بە ئازادى رۆژنامەنوسى لە دنياى عەرەبيدا، ئايا ئازادى رۆژنامەنوسى و كارى راگەياندن تا كوێ و تا چ ئەندازەيەكە؟**

**مازن دەرويش:**

لەراستيدا ئازادى رۆژنامەنوسى نەك وەك پێويست بوونى نييە بەڵكو وەك لانيكەميش بوونى نييە، بەڵكو من پێموايە ئازادى رۆژنامەنووسى لە جيهانى عەرەبيدا تەنها نوكتەيەكە و هيچ تر، واتە قسە كردن لەسەر ئازادى رۆژنامەنوسى لە باكورى دنياى عەرەبيەوە بۆ باشورى لە رۆژهەڵاتييەوە بۆ رۆژئاوا تەنها نوكتەيە و هيچى تر، ئێمە لە تەواوى دنياى عەرەبيدا بە سەدان كەناڵى جياوازى تەلەفزيونى رۆژنامەنوسيمان هەيە بەڵام لە لايەن سيستمى فەرمانڕەواوە لە هەر وڵاتێكدا كۆنترۆڵ كراوە، ئەمەش پەيوەستە بە پرسە سياسييەكان و سيستمى

فەرمانڕەواوە کە ئازادی ڕۆژنامەنوسی نەهێشتوە، لە سوریا و لە میسر و تونس تەواوی دنیای عەرەبیدا ئەوەی ئەیبینین بریتییە لە نەبوون و لە دەستدانی ئازادی ڕۆژنامەنوسی، ئەوەی هەیەو ئەوەیە ڕۆژنامەنوس سروشتێکی خزمەتگوزاری وەرگرتوەو لەوبوارە کار ئەکات، خزمەتگوزرای پەیوەستە بە کارەبا و کارەکانی شارەوانی و شتی لەم بابەتە ئەشێت قسە لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بکرێت وەك نەبوونی کارەبا و ئاو خزمەتگوزاری دیکە، بەلام لە ولاتێکدا کە ئازادی ڕۆژنامەنوسی هەبێت ئەوا ڕۆژنامە قسە لەسەر سیستمی فەرمانڕەوایی و گەندەڵی حکومی ئەکات، قسەلەسەر پرسە سیاسییە گرنگ و بنچینەییەکان ئەکات و دیدی سیاسی جیاواز بینا ئەکات، وە لێرەدا دەر ئەکەوی مامەڵەی حکومەت چۆنە ئایا چ ئیجرائاتێك ئەکات؟ ئایا ڕۆژنامەنوسان ئەگرێت و زیندانیان ئەکا یان مافی ئەو ڕەخنەگرتنەیان پێ ئەدا ؟ بەداخەوە زۆربەی شوێنەکان ڕۆژنامەنوسان زیندانی ئەکرێن و زنجیرەیەك ئیجرائاتی جیاوازیان لەگەڵ ئەکرێ، بەلام ئەمڕۆ دیاردەیەکی نوێ سەریهەڵداوە ئەویش ئەکرێ بە هاوولاتی ڕۆژنامەنوس ناوبەرین هاوولاتییەك کە قسە لەسەر پرسە گرنگەکان ئەکات کە ئەمەش هێمای شکانی سەرکوتکاری و هەیمەنەی دەوڵەتە.



**ئومێد قەرەداغی:**

بەرای تۆ گرنگترین هۆکارەکانی نەبوونی ئازادی ڕۆژنامەنوسی لە جیهانی عەرەبیدا چییە؟ ئایا هۆی ئەوەیە دەوڵەتی قۆرخکار و ستەمکار هەیە؟ یان هۆی ئەوەیە کۆمەڵێك یاسای تەقلیدی کۆن هەیە و بواری ئازادی نادات؟ یان بوونیادێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەقلیدی هەیە و بوار بۆ ئازادیی فەرهەم ناکات؟یان چی تر؟

**مازن دەرویش:**

بەرای من دەسەلاتی سیاسی گرنگترین ڕێگرە لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی، حکومەتە عەرەبییەکان بە گشتی پێویستیان بە ڕاگەیاندێك هەیە وەك بووق وابێت، ڕاگەیاندێك تەنها گوزارشت لە خۆیان و بیروڕاکانیان بکات، و دەسکەوت و کارو پڕۆژەکانیان بەرز و پیرۆز ڕابگرێ، پێویستیان بە ڕاگەیاندنێك هەیە تەنها دەنگدانەوەی هەڵوێست و دیدی حکومی بێت، ئەو شێوەیە لە ڕاگەیاندن کۆمەڵە یاسایەك بەرهەمئەهێنێت کە ڕێگر دەبێت لە بەردەم ئازادی ڕۆژنامەنوسی ڕاستەقینەدا بەڵکو یاسایەك بەرهەمئایین کە ڕێگەدا ڕۆژنامەنوسان لەسەر کاری پیشەیی بخەنە زیندانەوە، جگە لەمە ئێمە ئەتوانین باس لە یاسای مافی ڕۆژنامەنوس بگەین لە گەیشتن بە زانیاری و هەواڵ، بەلام ئەم

یاسـایە لـە جیهـانی عەرەبیـدا بـوونی نییـە و رۆژنامەنووسـی عەرەبی ناتوانێت زانیاریی پێویستی دەستبکەوێ بگرە ناتوانێت داوای بکـات، لـە لایـەکی تـرەوە ژینگـەی کۆمەلایـەتی و ئـەو بوونیادە رۆشنبیرییە کەڵەکە بوەی کە لە کۆمـەڵگای عەرەبیـدا هەیە رێز لە رای جیاواز ناگرێت، ئەم رێزنەگرتنـەش بە ئاستی جیاواز بوونی هەیە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، لەم ساڵانەی دوایشدا چەمکەکانی بیروڕای جیاواز و جیاوازیی و فرەیی و هتد ئەمانە چـەمکی نـوێن سـەبارەت بـە جیهـانی عـەرەبی بـە تایبـەت لـە رەهەنـدی راگەیاندنـەوە هاتونەتـە نـاو دنیـای عەرەبییـەوەو هیوادارم بایەخێکی زیاتریان پێبدرێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

یـەکێك لـە گـرنگترین پاسـاوەکانی لـەناوبردنی ئـازادی رۆژنامەنووسی و ئازادی بیروا لە جیهانی عەرەبیدا بە شێوەیەکی گشتی بریتییـە لـەپارێزگاریکردن لـە موقەدەسـاتی نەتـەوەیی و ئـایینی و کـەلتووری و سیاسـی، پێیـان وایـە ئـازادی راگەیانـدن سەردەکێشێت بۆ لێدانی موقەدەسـاتی نەتـەوەیی یـان ئـایینی یـان کەلتووری، رات چییە لەم بارەیەوە؟



**مازن دەرویش:**

گرفتەکە لە خودی تەقدیسکردندایە، ئـەو موقەدەسـانەی ئەمڕۆ هەن بەڕاستی کەمتر موقەدەسی ئایینیین وەك عیبادەت و رەمزە ئایینییەکان، بەڵکو دنیایین و تەقدیس کراون، لـە راسـتیدا ئایدۆلۆژیایـەکی سیاسـی نییـە موقـەدەس بێـت، بـەڵام مـرۆڤ تەقدیسی ئەکات کەواتە بۆ رێزی پیرۆزییەکەی بگرین؟ پاشانیش کە تەقدیس ئەکرێ کی تەقدیسی ئـەکا وە بـۆ تەقـدیس ئـەکرێ؟ هەر فکرێك و هەر ئایدۆلۆژیایەك تەحویل بکرێ بۆ ئایین یان بۆ تابۆیـەك کـە رەخنـە و پێداچوونەوە و گفتوگۆ قبوڵ نـەکات و رەخنە لێگرتنی قەدەغە بێت ئەو کارەساتە و ئاگرێکە بۆ سـوتانی فیکـر، جـا ئـیتر ئـەو فیکـر و ئایدۆلۆژیایـە نەتـەوەیی بێـت یـان ئـایینی بێـت هـەر شـتیکی تـر، وە هەوڵـدان بـۆ پاراسـتنی ئـەو کەرەسـتە و کـەلتوورە تەقدیـسییە بـریتی ئـەبی دوورخـستنەوەی توانای فیکر لـە بەرەوپێشچوون و رەخـەگرتن و گەشـەکردن، کـە ئەوە مافی سروشتی هەموو کەسێکە، وە هـەڵگرتنی ئـەو کـەلتوورە شـتێکی خراپـە و ئـەبێ دوور بکەینـەوە لـە تـابۆ و بـواری ئـازادی برەخسێنین.

سـەبارەت بـە تەقدیـسی ئـایینی مـن بـاوەڕم وایـە ئـەوە پەیوەندی بە عەقائیدی ئایینی هەیە و ئەوە بەشێکە لـە ئـازادی رەهـای ئینـسان کـە چـۆن عەقائیـدی خـۆی ئـەپارێزی وە چـۆن

مومارەسەری سروستی ئایین ئەکریّ، هیچ کەسێك ناتوانێت سنووری بیروباوەڕ و سروت و مومارەسەی ئاییینی سنووربەند بکریّ، بەڵام ئەو کاتەی بە ئاڕاستەی ئەویدیدا ئەروا و بیروباورە ئایینەیەکان و سروت و پیرۆزییەکانی ئەویدی پێشێل ئەکری، ئەوا ئەوکاتە دەبێت ڕێگەی لیّ بگیرێت و شتێکی قبوڵ نەکراوە تەنانەت لە روانگەی ئایینییشەوە.

**ئومێد قەرەداغی:**

کەواتە ئەتوانین بڵێین پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا بریتییە لە ئازادی وە پێویستە بیپارێزین ؟

**مازن دەرویش:**

بە پێی هەموو شەریعە ئاسمانی و تیۆرە فەلسەفییەکان ئازادی نرخ و بەهای باڵای هەیە، تەنانەت لە روانگە مافەکانی مرۆڤەوە کە بەرهەمی ڕێگەیەکی دورو درێژ و ململانیّ و هەوڵ و خەباتی دەیان و سەدان ساڵەی مرۆڤە ئازادی مافێکی سەلمێنراوە، ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان، مافی ئازادی بیروباوەڕ و ویژدان مافێکی بنەڕەتی سروشتی مرۆڤە، وە لەگەڵ بوونیدا مافی ئەم ئازادییەی هەیە و مافێکی وەرگیراو نییە، ئازادی یارمەتی و کۆمەکی کەس نییە، یارمەتی هیچ تەوژمێکی عەلمانی و ئایینی نییە بۆ مرۆڤ،



یارمەتی هیچ سیستمێکی فەرمانرەوا نییە، مادەم مرۆڤ بوونی هەبیّ ئازادییەکەش لەگەلیدا بوونی هەیە، ئازادی بیروباوەڕ بوونی هەیە، ئەمەش شتێکە پێچەوانە نییە لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینییەکاندا، وە پێچەوانەش نییە لەگەڵ تیۆرە فەلسەفییەکاندا، بەڵکو پێچەوانەیە لەگەڵ بەرژەوەندی سیاسی ڕژێمە دیکتاتۆر و سەرکوتکارەکاندا کە هەوڵدەدەن ئەم چەمکی ئازادییە تێکبدەن بە کۆمەڵە بابەتێکی وەك تایبەتمەندی ئایینی و نەتەوەیی و شەڕی نەتەوەیی و هتد .. کە ئەمانە دروست دەکەن لە پێناو بەردەوامی خۆیان پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و دەسەڵاتداری خۆیان.

**ئومێد قەرەداغی:**

خاڵێکی تریش دروستکردنی وێنەی دوژمنە لەدەرەوە بۆ لە ناوبردنی ئازادی لە ناوەوە؟

**مازن دەرویش:**

وانەیەك کە لە مێژوو فێر ئەبین ئەویش ئەوەیە هەمیشە دنیای عەرەبی وێنەی دوژمنی دەرەکی دروستکردوە، وە دوژمنی دەرەکی پێویستییەك بوە بۆ دنیای عەرەب و ئەگەر ئەم دوژمنەش بوونی نەبوبێت ئەوا دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان

دروستیان کردوە، پێویستە شەڕی گەورە و دوژمنی دەرەکی هەبێت تا ئازادییەکانی ناوەوە سەرکوت بکات بۆ ئەو شەڕە گەورەیە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی دوژمنی نییە، هەندێ دەوڵەت هەیە کێشەی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە یان رەنگە دوژمنیشی هەبێت، بەڵام لە رووی مێژووییەوە هەمیشە دوژمنی دەرەکی بۆ سەرکوتکردنی ماف و ئازادییەکانی ناوخۆ بەکار هاتوە.



# وێنەی کورد
# لە میدیای عەرەبیدا

**ئومێد قەرەداغی:**

مەسەلەی وێنەی کورد لە راگەیاندنی عەرەبیدا یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکان و ئەمەوێت لێی بدوێم، بەرای تۆ وێنەی کورد لە راگەیاندنی عەرەبیدا چۆنە ؟ خوێندنەوەی راگەیاندنی عەرەبی چونە بۆ بوونی کورد، بۆ رۆڵی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، بۆ رۆڵ و پێگەی کورد لەسەردەمی نوێدا بەشێوەیەکی گشتی؟

**مازن دەرویش:**

ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە هەم بە نیسبەت واقیعی ئێستاوەو و هەم بە نیسبەت داهاتوشەوە، وە ئەم پرسیارە بە نیسبەت هەردوولاوە گرنگە هەم بۆ دیاریکردنی وێنەی جیهانی عەرەبی لە راگەیاندنی کوردیدا و وێنەی کوردیش یان کێشەی کورد لە راگەیاندنی عەرەبیدا، لە راستیدا تا چەند ساڵێکی کەم

لەمەوبەر هیچ وێنەیەکی کورد لە راگەیاندنی عەرەبیدا بەشێوەیەکی بەرجەستە بوونی نەبوە، بەڵکو هەوڵدراوە بۆ شاردنەوەی، هەوڵدراوە بۆ بۆیاخکردنی دنیای عەرەب بە بۆیاخی یەك نەتەوەیی و یەك ئایدۆلۆژیای دیاریکراو، ئەمەش بەرهەمی دیدێکی ئایدۆلۆژی و نەتەوەیی دیاریکراوە کە ئەوە زەق ئەکاتەوە کە دنیای عەرەبی دنیایەکی یەك ڕەنگ و یەك نەتەوەو یەك دەنگە و، فرە نەتەوەیی و فرە رۆشنبیری تێدا نییە، واتە لە رابردوودا راگەیاندنی عەرەبی هەوڵی شاردنەوە و سڕینەوە وێنەی کورد و کێشەی کوردی داوە، واتە هەوڵیداوە ئەو وێنەیە بوونی نەبێ نە بە باش نە بە خراپ، بەڵام لە دوای ساڵی 2003 و داگیرکردنی عیراق و دامەزراندنی فیدرالی و بوونی هەریمی کوردستاندا، راگەیاندنی عەرەبی کەوتە مامەڵە کردن لەگەڵ کورد و رۆڵی کورد لە ناوچەکەدا، ئەم مامەڵە کردنەش بە سەر چەند قۆناغێکدا دابەش ئەبێ، لە قۆناغی یەکەمدا مامەڵەکردنێکی زۆر سلبییە و بەڕای من ئەم مامەڵە سلبییەش زیاتر لەسەر بناغەی حاڵەتی دەروونی دامەزراوە نەك بناغەیەکی ستراتیژی و بابەتی، زیاتر کاردانەوە و توڕەبوون بوو بەرانبەر بە داگیرکردنی عیراق، بەداخەوە ئەوەی لە راگەیاندنی عەرەبیدا گوێمان لێدەبێت سەرلەنوێ پەیوەستکردنی مەسەلەکەیە بە دوژمنی دەرەکییەوە، بۆ نموونە دەستەواژەیەکی وەك کوردائیل دەبیستین بەراوردکرنی



کوردە بە ئیسرائیل و لەسەر ئەو بناغەیە دارێژراوە و هاوشێوەکردنییەتی بە ئیسرائیل، ئەم گوتارە گوتارێکی پڕ کێشەیە و وێنەیەکی شێواوی بەرابنەر بە کورد و کێشەی کورد بەرهەمهێناوە ترسی دروستکردوە تەنانەت لە هۆشیاری هاووڵاتی سادەشدا، راگەیاندنێك ئەم سروشتە وەرئەگرێت و بە شێوەیەك کاردەکات راگەیاندێکی تەفجیرییە و سوودی بۆ هیچ لایەك نییە تەنانەت بۆ ئەو لایەنەش کە بەرگری لێئەکات.

بەڵام لە ئێستادا بەرەو هاوسەنگییەکی زیاتر ئەڕوات و زیاتر هاوسەنگە بە بەراورد لەگەڵ جاراندا، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ئەوەبێت کە سەقامگیری سیاسی و ئاسایش لە عیراقدا کاریگەری لەسەر راگەیاندنی عەرەبی هەبوبێت، ئەو ترسەی سەبارەت بە عیراق و ئەگەری پارچە پارچە بوونی هەبوو بەرەو کەمبوونەوەو ئاسایی بوونەوە ئەچێت ئەو ترسە روو لە نەمان ئەکات، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرەوپێشچونێك هەیە لە راگەیاندنی عەرەبیدا، پرسیاری گرنگ ئەمەیە چۆن مامەڵە لەگەل بەرانبەر ئەکەین لەگەڵ کوردا؟ گرنگە هەردوو راگەیاندنی عەرەبی و کوردی لە یەکتر تێبگەن و یەکتر بخوێنەوەو شێویە بناغەی راگەیاندنی دابرێژن، واتە من وەك هاووڵاتییەکی عەرەب راستی روون بکەمەوە بۆ ملیۆنەها هاووڵاتی عەرەبی وا سەیری کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی دنیا عەرەب نەکەن کە ئەسپی تەرِوادەن،

هەمیشە لە هۆشیاری ئەواندا  ترسێك هەیە لە ئەویدی جیاواز ئەمەش بەهۆی نەناسینی ئەویدیەوەیە بەهۆی بوونی جەهلێکەوەیە بەرانبەر ئەویدی جیاواز، جەهل بەرانبەر بە بوونی ئەو، بەرانبەر بە کێشەو گرفتی ئەو.

**ئومێد قەرەداغی:**

ئەمەش خزمەت بە سەرکوتکاری ناوخویی ئەکات.

**مازن دەرویش:**

بەڵێ بێگومان خزمەت بە ستەمکاری ئەکات لە مەغریبی عەرەبییەوە تا مەشرقی عەرەبی.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەرێز مازن چۆن ئەو مەیلەی راگەیاندنی عەرەبی لێکدەدەیتەوە کە بەردەوام دەیەوێت وێنەی  بوون و حەقیقەت و رۆڵ و کاریگەری کورد بەتایبەت و کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکە بە گشتی  بشێوێنێت، تۆ ئەم گوتار و تێزە چۆت تەفسیر ئەکەی ؟



**مازن دەرویش:**

ئێمە کە قسە لەسەر راگەیاندنی عەرەبی ئەکەین دەبێت بزانین تا ئەم ساتەوەختە راگەیاندنی عەرەبی  دەنگی سیستمی فەرمانڕەوایە، بەمانایە ئێمە سیستمی سیاسی دەبینین و راگەیاندن دەنگدانەوەی سیستمی سیاسییە، هەوڵدانێکە تا گوتاری ئەو سیستمە سیاسییە بخاتە بازاڕەوە، بابەتی کەمایەتییەکان و لە ناویشیاندا کورد وەك بەشێك لە ئەجێندای سیاسی دەوڵەتان و بۆ بیرۆکەی دوژمنی دەرەکی و ناوخۆیی تەوزیف ئەکرێ، یان لە ژێر تیۆری یەکێتی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێت و لەمەشدا لێدانی گەورە بەر دیموکراسی ئەکەوێ بەناوی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەل وەك لە سوریا و مەغریب و سودان دەیبینین، کێشەی کەمایەتییەکان بە سەرکوتکاری مامەڵەی لەگەڵکراوەو بۆ بەرژەوەندی سیستمی فەرمانرەوا تەوزیف ئەکرێ ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تر ترسێکی راستەقینە هەیە لەزۆر نێوەندی عەرەبیدا هەیە بەرانبەر بە کێشەی کەمایەتییەکان، بایەخپێدانی نێودەوڵەتیش ئەو حەساسییەتە زیاتر ئەکات بە تایبەت لە سەردەمی کابینەی پێشوی ئەمریکادا، باوەڕموایە مەسەلەی گرنگ لەم بابەتەدا  ناسینی بەرانبەرە، ئێمە پێویستە لەسەرمان کەمایەتییەکان بناسین و لێی تێبگەین،  پێویستە کەمایەتییەکانیش لەم ناسینەدا هاوکاریمان بکەن هەتا بتوانین

فیکرێکی بێلایەنی بابەتی دروست بکەین کە جیاواز بێت لەو فیکر و ئایدۆلۆژیا بالادەستەی دەوڵەت هەیەتی، رۆڵی راگەیاندن رۆڵێکی کاریگەر و بالادەستە و چ راگەیاندنی عەرەبی و چ کوردی، ئێستا راگەیاندن و کەناڵی فەزایی کوردیش بوونی هەیە، پێویستە لەسەرمان هەردوو راگەیاندنی کوردی و عەرەبی پردێکی هاوبەشی تێگەیشتن دروست بکەین، ئەم کۆمەڵگایانە بگەیەنین بەیەك لە رووی تێگەیشتن و یەکتر ناسینەوە، رایەك لەسەر بنەمای بیروڕای خۆمان دروست بکەین کە دوور بێت لە تەوزیف و بە ئایدۆلۆژیکردن و دوور بێت لە گوتاری سیاسی و تێزی تاکلایەنە سەبارەت بە هەموو کێشە جیاوازەکان.

**ئومێد قەرەداغی:**

تۆ رۆڵی پەیوەندی و کاری هاوبەش لە نێوان هەردوو راگەیاندنی کوردی عەرەبی چۆن ئەبینی لە پەرەپێدانی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و دروستکردنی وێنەیەکی راستەقینە و مرۆڤانە سەبارەت بە هەر یەك لە کورد و عەرەب؟

**مازن دەرویش:**

بەڵێ بێگومان، ئەمە بابەتێکی گرنگە و ئەبێ بەشێوەیەکی بابەتی قسەی لەسەر بکەین، ئەمەوێت سوپاس و رێزم دەربڕم بۆ



ئێوە سەبارەت بەم گفتوگۆیە، من هەست بە شانازی ئەکەم منتان میوانداری کردووەو و قسەتان بۆ ئەکەم، وە من وەك هاووڵاتییەکی عەرەبی و بە زمانی دایك بە هەموو ئازادییەکەوە قسە ئەکەم، ئەم هەنگاوەی ئێوە بەشێکە لە دروستکردنی ئەو پردی پەیوەندی و کاری هاوبەشە، خۆزگە ئەخوازم کە ناوەندە عەرەبییەکانیش بەنامەی دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ رۆشنبیران و نوسەران و راگەیاندنکارانی کوردەکان ساز بکەن، ئەوەی گرنگە بەرنامەی دیالۆکە کە بەرنامەی گرنگن و بواری دەربرینی بیروڕاکان هەیە، ئەشێت ئەمەش هەنگاوی یەکەم بێت بۆ چوونە ناو دیالۆگێکی بەرفراوانەوە لە رێگەی راگەیاندنەوە بە ئامانجی بەدیهێنانی لە یەکترتێگەیشتن و دروستکردنی پێکەوەژیان وهاوکاریکردن و دراوسێیەتییەکی باش و گونجاو.

**ئومێد قەرەداغی:**

رات چییە سەبارەت بە ئاییندەی پێکەوەژیان و پەیوەندی کورد و عەرەب لەژێر رۆشنایی گوتاری راگەیاندن و پەرەسەندنەکانی بواری راگەیاندندا؟

**مازن دەرویش:**

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو شتانەدا من گەشبینم، رەورەوەی مێژوو بۆ دواوە ناگەرێتەوە و بۆ پێشەوە ئەڕوات، هەر دوو گەلی کورد و عەرەب مێژوویەکی دورو درێژو کەلتوورێکی زۆریان پێکەوە هەیە و ئەکرێت زۆر شتی لەسەر بینا بکرێ لە پێناو بەدیهێنانی بوونی بەرانبەر بە ویژدانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، دروستنەبوونی مامەڵەکردنێك لەسەر بناغەی مەسخکردنی کەلتوورو ماف و ئازادی ئەویدی، بەڵکو ئەکرێ ئەوە بیناکرێ کە فرەیی سامانە، فرەیی هەمە جۆرییە و گرنگەبۆ بەردەوامی شارستانییەت و بەردەوام بوونی ژیان بە هەموو جوانییەکانییەوە، بێگومان رێگەی ئەمەش بەگوڵ نەتەنراوەو بە گوڵ نەرازێنراوەتەوە بەڵکو گەلێگ کێشەو گیروگرفت دێتە رێگە و مرۆڤ توشی گیروگرفت دەکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە کۆتایدا ئەنجامی باشی بۆ هەموو کۆمەڵگا هەبێت لە پێکەوەژیان و رێزگرتن لەویدی جیاواز و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دروستی داهاتەکان و دروستبوونی بازاڕی هاوبەش و بەرژەوەندی دارایی هاوبەش، چونکە بەرژەوەندی کاریگەری گەورەی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکان و بگرە ناکۆکییە نەتەوەییەکان کەم ئەکاتەوە، ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم کێشەی گەورەی ئابوریداین و ئابووری



جیهانی کێشەی گەورەی هەیەو ئێمەش بەشێکین لەم کێشەیە، وە ئێمە لە بەردەم بازاڕی گەورە و تەکەتولی جیهانی گەورەداین کەلەسەر بنەمای بەرژەوەندی دروست بوە نەك لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی، باوەڕموایە ئێمە لەمەدا زۆر دواکەوتوین بەڵام رێگە لەبەردەماندا کراوەیە هەنگاو بنێین، وە درکمان بەوە کردوە کە پێویستە کاربکەین و ئەو کەرەستە و توانایانەی لە بەردەستماندان بەشێوەیەکی باش تەوزیفی بکەین لە پێناو بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر و بارودۆخێکی باشتر لە کۆمەڵگادا.

# ئیسلامی سیاسی و میدیای عەرەبی

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڵام هەتا ئێستا هێزی عەلمانی و دیموكراتی هێزی لاوازن و هێزی نەتەوەیی وئیسلامگەرا و دژە دیموكراسی هێزی بەهێزن بەتایبەت بەسەر راگەیاندنی عەرەبیدا ، ئەوانە پێیان وایە ئەولەویەت بۆ وەحدەی عەرەبییە نەك بۆ شتێكی تر ئەمەش بەسەر گوتاری راگەیاندندا زاڵ دەكەن، رات چییە لەسەر ئەمە؟

**مازن دەرویش:**

بێگومان ئەو گوتارە ئامادەیە بەڵام باوەڕموایە ئەو گوتارە بەرەو داخوران ئەچێت، واتە ئامادەیە وەك خەون و خولیایەك، من بیرت ئەهێنمەوە لە ساڵی 1958 ئەزمونێكی دیموكراسی گرنگ لە سوریا لەدایك بوو، پەرلەمان هەبوو، رۆژنامەی ئازادمان هەبوو، ئابووری ئازادمان هەبوو، بەڵام لێرەدا بیرۆكەی وەحدە هاتە ئاراوەو زۆر گروپ و تەشكیلاتی سیاسی پەرەیان بە فكرەی



یەكێتی عەرەبیدا و پێیان وابوو ئەولەوییەت بۆ وەحدەیە، لەم پێناوەشدا تاك و كۆمەڵگای سوریایان گەمارۆ دا، دیموكراسی كرایە قوربانی یەكێتی عەرەبی، لەسەر ئەم بناغەیە پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە و حزبەكان هەڵوەشێنرانەوە و كوتایی بە رۆژنامەنوسی ئازاد هێنرا لە پێناوی وەحدەدا، بەڵام ئەمڕۆ هەمان تاك و هەمان كۆمەڵگا خەریكە ئەو تیۆرە تێئەپەڕێنێت و پاش ئەزمونێكی گرنگ و دوورودرێژ ئەگاتەوە ئەو باوەڕەی كە دیموكراسی و ئازادییەكان و مافەكان گرنگترن، ئاشتی و پێكەوەژیانی كۆمەڵایەتی گرنگترن، كەرامەتی ئینسانی گرنگە، هەموو هاووڵاتییەك مافی ئەوەی هەیە كە داوای ئەوە بكات ریز لە كەسایەتی و ژیان و بوونی بگیرێت و ژیانێكی ئابووری باشی بۆ دابینبكرێ و ماف و ئازادییەكانی پارێزراوبێت.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەڕێز مازن هەموو كۆمەڵگایەك خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیەتی، تایبەتمەندی كەلتووری و ئایینی و كۆمەڵایەتی، ئایا ئەكرێ سود لە شۆڕشی زانیاری وەربگرین لەژێر رۆشنایی تایبەتمەندی ناوخۆیدا؟

**مازن دەرویش:**

بەڵێ بەراستی کۆمەڵێك حەساسیەت هەیە دەربارەی فکرەی تایبەتێتی، راستە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتین، بەڵام پاراستنی ئەم تایبەتمەندییە بە سڕینەوەی ئەویدی نابێت، لەم کۆمەڵگایانەی ئێمە بەناوی پاراستنی تایبەتێتی زیاتر لە 30 بەندی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ رەتکراوەتەوە گوایە فلان بەند لەگەڵ ئیسلام ناگونجێت و فلانی بەندی تر لەگەڵ نەریتی کۆمەڵایەتی و زۆری تر، چون تایبەتێتیت ئەپارێزی؟ پاراستنی تایبەتێتی بە سڕینەوەی ئەویتر و رەتکردنەوەی شتی تازە دروست نابیت بەڵکو بە گەشەپێدان و نوێکردنەوەی ئەو تایبەتێتییە دەبێت، بە پێشخستنی و تیکلاوبوونی لەگەڵ خسوسیات و رۆشنبیرییەکانی دیکەدا دەبێت، بەڵێ جیهانگیری زانیاری و مۆدێلی ژیانی رۆژئاوایی خستۆتە بچوکترین ماڵ لە دوورترین شوێنی دنیا، جاریکیتر دوپاتی ئەکەوە تۆ لەبەردەم ئیختاردایت و هوشیاری زاتی بنەمایە، تۆ پێویستە لەسەرت خۆت و کۆمەڵگاکەت لەبەر چاو بگری بۆ جیاکردنەوەی ئەوەی چی بۆ تۆ سوود بەخشە و چی زیانی هەیە.

ئەگەر پاراستنی تایبەتێتی سەربکێشت بۆ دروستکردنی دیوار بەرووی شۆڕشی زانیاری، سەر بکێشێت بۆ داخستن و شاردنەوە و سەرکوتکردنی پێگەکانی ئینتەرنێت، بۆ شێواندنی و وەستانەوە



بەڕوووی هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندی ئەوە ئەکەویتە دەرەوەی مێژوو، وە ئەوە جۆریکە لە پوچگەرایی.

**ئومێد قەرەداغی:**

بەپێی ئەو پێدراوانە ستراتیژیەتی پێویست چییە کە پێویستە راگەیاندنی عەرەبی بیگرێتە بەر؟

**مازن دەرویش:**

بەڕای من شتی هەرە گرنگ ئەوەیە راگەیاندنی عەرەبی و میدیاکارانی عەرەبی کە لە سەرەتادان و هەنگاوی سەرەتاییان ناوە بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەپێداندا، وە هەڵگری بەشێکن لە ئەرکی گەشەپێدان، شتی زۆر گرنگ بریتییە لە کرانەوە بەڕووی ئازادی و ئەو کێشانەی کە رۆشنبیری ئەمڕۆ بە دەستییەوە ئەناڵێنێت؟ ئەوەی گرنگە بریتییە لە کرانەوەو پەرەپێدانی ئەو چەمکانەی کە ژیانی ئێمەی پێ ئەخوێنرێتەوە و وە پەرەپێدانی ئەو رۆشنبیرییە کەڵەکە بوەی کە بۆمان ماوەتەوە، شتی جوان و گەش لە کەلتووری رۆشنبیریماندا هەیە و شتی واش هەیە کە پێویستی بە پێداچوونەوەو رەخنەلێگرتن و نوێکردنەوە هەیە، کۆمەڵێك چەمك هەیە کە لەناو دنیای عەرەبیدا بوونی نییە ئەرکی راگەیاندنە کە ئەو چەمکانە

بهێنێتە ناو ڕۆشنبیریی و دنیای عەرەبییەوە وەك چەمكەكانی ڕێزگرتن لە بەرانبەرو فرەیی و قبولكردنی جیاوازییەكان و چەندەها چەمكی گرنگی دیكە بۆ پێشخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە دنیا عەرەبیدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

چۆن ئەشێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە كاربكەین بۆ دروستكردنی بەهای هاوبەش و ستراتیژییەتی هاوبەش بۆ كەمكردنەوەی مەترسییەكانی تایەفەگەری و بگرە كۆتاییهێنان بە دیاردەی توندوتیژی؟

**مازن دەرویش:**

بێگومان ڕاگەیاندن ڕۆڵێكی گرنگ و بنەڕەتی دەبینێت لەم بابەتەدا، یەكەم پێویستە ئەوە بڵێین تیرۆریزم مەترسییە لەسەر ئێمە زیاتر لەوەی مەترسی بێت لەسەر ئەوانیتر تەنانەت ئەگەر تیرۆریستیەكە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەویدی بكرێت و دوور بێت لە ئیمە، بەهای تەقاندنەوەو خۆكوژیی هەموو لەحزەیەك ئەگەری ئەوەی تێدایە ئاڕاستەی ئەویدی بكرێت و هەر كۆمەڵگایەك بگرێتەوە، ڕاگەیاندن بەو سیفەتەی توانای ئەوەی هەیە بگاتە هەموو ماڵێك، بگاتە هەموو شوینێك و هەموو تاكە



كەسێك ئەتوانێت كاریگەرییەكی گەورەی هەیە بۆیە ئەبێت بەئەركی خۆی هەستێت، لانیكەمی ئەركی ڕاگەیاندن ئەوەیە هەڵنەستێت بە بینینی ڕۆڵێكی تەرویجی بۆ دیاردەی توندوتیژی بە هەموو جۆرەكانییەوە، ئیتر ئەوە لانكیەم كەمترین ئەركێكە كە پێویستە ڕاگەیاندن پێی هەڵبسێت، ئەوە ئەرك و هەنگاوی یەكەم، بەڵام ئەركی دووەم كە ئەبێت ڕاگەیاندن پێی هەستێت بریتییە لە فەزحكردنی هەموو هزر و تەوژم و كارێكی توندوتیژی و تیرۆریستانە كە دوورە لە هەموو بەهایەكی مرۆیی و ئەخلاقی و ئایینی و دوورە لە هەموو سوود و بەرژەوەندییەكی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییەكی گشتی بۆ هەر گۆمەڵگایەك، توندوتیژی و توندڕەوەی مەترسییە لەسەر هەموو كۆمەڵگایەك بەتایبەت ئەو كۆمەڵگایانەی كە تیایدا سەرهەڵئەدا.

**ئومێد قەرەداغی:**

پێتوانییە بێلایەنی ڕاگەیاندن لە هەموو ئایدۆلۆژیا و تایفەیەك مەرجێكی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بتوانێت ڕۆڵێكی گرنگ و پۆزەتیڤ ببینێت لە مەسەلەی ئیرهابدا؟

**مازن دەرویش:**

بێگومان بێلایەنی و پیشەیی و  بابەتی بوون مەرجێکی گرنگی کاری میدیاییە، پێویستە راگەیاندن بێلایەن و بابەتی بێت، بەڵام دەبێت دەستنیشانی چەمکی بێلایەنی  بکەین بەتایبەت لەم بابەتەدا، بە رۆشنی دیاری بکەین کە چی ئەگرێتەوە، چەمکی بێلایەنی ئەوە ناگەیەنێت بێلایەن بین لە نێوان تیرۆریست و قوربانیدا، بەڕای من پێویستە راگەیاندن لەسەر ئەم بابەت و لەم بارودۆخەدا هەڵوێستی هەبێت، قسە لەسەر تیرۆریزم بکات قسە لەسەر مافەکانی ژنان بکات، قسە لەسەر مافەکانی منداڵ بکات و بەرگری لێبکات لەو مەسەلە گرنگانەدا نابێت راگەیاندن بە ناوی بێلایەنییەوە بانگەشە بۆ جیاکاری و توندوتیژی بکات.

**ئومێد قەرەداغی:**

واتە راگەیاندن هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەیە و پێویستە کار بکات بۆ بەدیهێنانی ئەو بەها و پەیامە مرۆییانە؟

**مازن دەرویش:**

بەڵێ پێویستە راگەیاندن هەڵگری بەهای مرڤایەتی و شارستانی بیت پێویستە هاوبەش بێت لە چاکسازی و بوونیادناندا نەك لە تێکدان و رووخاندا، پێویستە هەڵگری چەمکەکانی ئاشتی بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی و بە مانای ئاشتی جیهانیش بێت، هەڵگری چەمکەکانی ئازادی و رێزگرتنی بەرانبەر و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بێت، ئەم راگەیاندنە پێویستە ئەو چەمکانە بە شێوەیەکی بێلایەنانە و بابەتیانە بگوازێتەوە و هۆشیاری کۆمەڵگا گەشە پێبدات، بە لای منەوە  نابێت راگەیاندن بە ناوی بێلانییەوە بانگەشە بۆ ئیرهاب بکات، ئەوە جۆریکە لە انفصال بە مانا ئەخلاقییەکەی.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 3 |
| کۆمەڵگای مەدەنی وخوێندنەوەیەکی فەلسەفییانە | 11 |
| گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر سەربەست نەبی | |
| کۆمەڵگای مەدەنی و بەهاکانی مۆدێرنە | 47 |
| گفتوگۆ لەگەڵ بیرمەندی عەرەبی | |
| جاد ئەلکەریم جوباعی | |
| عەلمانییەت، واقیع و پرەنسیپ | 85 |
| گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفسیۆر د.یوسف سەلامە | |
| عەلمانییەت لە روانگەیەکی دیکەوە | 123 |
| گفتوگۆ لەگەڵ حەسەن کامیل | |
| جەدەلییەتی عەقڵ و شەریعەت | 155 |
| گفتوگۆ لەگەڵ ئازاد قەزاز | |
| چەمکی نارەزایی لە دیدگایەکی سۆسیۆلۆژییەوە | 181 |
| گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر عادل باخەوان | |
| وێنەی کورد لە میدیای عەرەبیدا | 205 |
| گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی سەنتەری سوریا | |
| بۆ راگەیاندن و ئازادی بیروڕا  مازن دەرویش | |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی (2010)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | 2010 |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | 2010 |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواری | 2010 |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | 2010 |
| 329 | 2010 ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبونەوە | حاکم قادر حمەجان عزیز | 2010 |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ داڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | 2010 |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | 2010 |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | 2010 |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن پشدری | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 334 | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | 2010 |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | 2010 |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | 2010 |
| 337 | الطبعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | 2010 |
| 338 | ئاین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | 2010 |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | 2010 |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | 2010 |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | 2010 |